# رووداو
RÛDAW

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (425) دووشەممە 2016/9/26 - 5ی رەزبەری 2716 (750) دینار


مەلا کرێکار بۆ (رووداو):

## ئێران مانگانە یەک ملیار دۆلاری لە زۆنی سەوز دەستدەکەوێ

**رووداو- هەولێر**



مەلا کرێکار، ئەمیری پێشووی گروپی ئەنسارولئیسلام کە ئێستا لە نەرویج نیشتەجێیە لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) پشتگیری سەربەخۆیی کوردستان دەکات و دەڵێت "ئینشاڵڵا سبەی لە عێراق جیادەبنەوە، کوورانی عەنکاوە جیابکەنەوە و بیکەن بە دەوڵەت، پشتگیری دەکەم". مەلا کرێکار کە لە کاتی دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان پشتگیری ئەو بزووتنەوەیەی کرد، ئێستا بۆچوونێکی دیکەی هەیە و دەڵێت "ئێستا گۆڕان لە بەر چاوم لێڵ بووە نازانم پووکاوەتەوە، یان کەوتە بەر گوشارە دەرەکییەکان". سەبارەت بە کاریگەریی ئێران و تورکیاش لەسەر هەرێمی کوردستان، مەلا کرێکار دەڵێت "تورکیا و پارتی پەیوەندیان هەیە، بەڵام میت نەهاتووەتە نێو هەموو گیانی پارتی، کەچی ئێران بە هەموو مانای وشە ئیستعماری ناوچەی سەوز دەکات، سەرکردەکانی زۆنی سەوزی کردووە بە شیعە، مانگانە یەک ملیار دۆلاری لەوێ دەستدەکەوێ". مەلا کرێکار لەبارەی ئۆپەراسیۆنی مووسڵ دەڵێت "بەخوا براکەم شەڕی مووسڵ، خۆتڕێنیە". مەلا کرێکار لەگەڵ رەفتاری داعش بەرامبەر کوردی ئێزدی نییە و دەڵێت "ئەگەر من خاوەنی هێزێکی جیهادی بوومایە، وام بەرامبەر ئێزدییەکان نەدەکرد".

6 »

"باڵیۆزخانەیەکی عێراق دەفرۆشرێ و باڵیۆزێک بە سەرخۆشی دەگیرێ"

5

نەوتی داعش بە 15 دۆلارە

9

پۆلیس ناهێڵێ کچێکی 10 ساڵ بەشوو بدرێت

14

# پارتی هۆشداری دەدات ئێرانیش دڵنیای دەکاتەوە



## 27ی ئەیلوول سلێمانی دەشڵەقێ؟




4-3 »

وەزیری بەرگریی بەریتانیا بۆ (رووداو):

## 600 هەزار پارچە چەک و تەقەمەنیمان داوەتە پێشمەرگە

7 »

راپۆرتە هەواڵ 2

گەورەپیاوانی ئێزدی لەسەر هەڤپەیڤینێکی میرتەحسین کۆدەبنەوە



ئابووری 8

نرخی زەوی
%15
بەرزبووەتەوە

کوردستانی 11

دیمەشق و پەیەدە لەسەر فیدراڵی دانوستاندن دەکەن



هونەری 12

پەیوەند جاف 6 ساڵە خەریکی گۆرانییەکە



ڕاپۆرتە هەواڵ
ڕووداو
ژمارە (425) - دووشەممە 2016/9/26



## هەولێر لە کۆیە نایگۆڕێت

**ڕووداو- هەولێر**

کەنعان خەیلانی، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، وا بڕیارە مانگی داهاتوو چەند بەڕێوەبەرێکی ناحیە لە سنووری پارێزگای هەولێر بگۆڕدرێن. ناوبراو گوتی "شوێنی ئەو چوار بەڕێوەبەری ناحیەیەی بوونە قایمقام پڕدەکرێتەوە، ئەوانەش کە بە وەکالەت دانراون جێگیر دەکرێن. هەندێکی دیکەش خەڵکی نوێیان بۆ دادەندرێن". گوتیشی "تەنیا پێنجیان کە دەکەونە سنووری قەزای کۆیە ناگۆڕدرێن، ئەویش لەبەرئەوەی لە ناوچەی یەکێتی دایە و دواتر بە پرس و ڕاوێژ لەگەڵ یەکێتی گۆڕانکاریان تێدا دەکرێت، دوای بەڕێوەبەری ناحیەکان، بەڕێوەبەرە گشتییەکانیش دەگۆڕدرێن".

### 3 کوردیش بەشدارن تێیدا

# هەوڵدەدرێت پارێزگاری مووسڵ لابدرێ

عوبەید ڕەشاڤەیی
ڕووداو- دهۆک

بۆ لێپرسینەوە لە پارێزگارەکەیان و لادانی، 13 ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ دەستیان بە هەڵمەتێک کردووە. سەرۆکی ئەنجوومەنەکە دەڵێت: "هەوڵەکە سەرناگرێت"، بەڵام ئەندامە کوردەکانی نێو هەڵمەتەکە گەشبینن کە بتوانن پارێزگار لابدەن.

13 ئەندامەکەی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ لەسەر "گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی" دەیانەوێ لێپرسینەوە لەگەڵ نەوفەل حەممودیی پارێزگاردا بکەن. شێخ عەبدولرەحمان وەگاع، سەرۆکی کوتلەی مەدەنیە لە ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ، بە (ڕووداو)ی گوت "پارێزگار زۆر فاشیلترە لەوەی پێشوو و دنیایەک گەندەڵیی لەسەر هەیە. بۆنموونە دۆسیەی دیارنەمانی 11 ملیار دیناری مووچەی دوو مانگی کارمەندانی تەندروستیی نەینەوای لەسەر ساخبووەتەوە. هەروەها گەندەڵیی کردووە لە کەیسی کڕینی کەلوپەل و خواردن و مووچەی کارمەندانی پەروەردەدا".

سەرۆکی لیستی مەدەنییە دڵنیایە لەوەی کە لە 13 دەنگی لێپرسینەوەوە، دوای لێپرسینەوە دەبنە 20 دەنگ کە پێویستە بۆ وەرگرتنەوەی متمانە لە پارێزگار. ئەو دەڵێت: "پارێزگارێکمان هەیە ئێستا براکەی ئەمیری داعشە و یەک لێدوان نەداوە کە ئینکاری بکات و خۆی لێ بێبەری بکات". بەڵام بەشار کیکی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ بە (ڕووداو)ی گوت: "ڕاستە ١٣ ئەندامی ئەنجوومەن داوای لێپرسینەوەیان لە پارێزگار کردبوو، بەڵام ئەندامێک واژۆکەی کشاندووەتەوە و بەپێی پەیڕەویش دەبێ بۆ لێپرسینەوە لە 13 ئەندام کەمتر نەبن".

سەبارەت بەوەی کە ڕاستە ئەندامی کوردیش لەنێو ئەو کەسانەدان کە واژۆیانکردووە؟ کیکی گوتی: "بەڵێ کوردیشی تێدان، بەڵام ئەستەمە هەوڵەکەیان سەرکەوتووبێت". بۆ وەڵامی کیکی، سەرۆکی لیستی مەدەنیە گوتی: "ئەندامێکمان تەحەفوزی لەسەر واژۆکەی هەبوو، بەڵام دوای کوبوونەوەیەک لەگەڵی، ئەمڕۆ قەناعەتی هێنا و ڕۆژی دووشەممە هەر 13 واژۆکە دیسان دەدەینەوە سەرۆکی ئەنجوومەن".



(ڕووداو) زانیویەتی کە هەرسێ ئەندامە کوردەکەی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ، لەسەر لیستی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، لە لیستی 13 واژۆکارەکەدان، بەڵام هیچیان بەردەست نەبوون بۆئەوەی لەوبارەیەوە قسەی بۆ (ڕووداو) بکەن.

پارتی و یەکێتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ لیستێکی هاوبەشیان بەناوی (لیستی برایەتی و پێکەوەژیان) هەیە. سەیدۆ چەتۆ، سەرۆکی لیستەکە، بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو برادەرانەی یەکێتی بەبێ ئاگاداری و هەماهەنگی لەگەڵ ئێمە ئەو هەوڵەیانداوە". ئەندامێکی دیکەی ئەنجوومەن، کە پێی باش نەبوو ناوی ئاشکرابکرێت، بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەوەی ڕوودەدات هەوڵێکی دیکەی نووری مالیکی، جێگری سەرۆککۆماری عێراق و ڕکابەری حەیدەر عەبادیی سەرۆکوەزیرانە، کە بۆ تێکدانی یەکدەنگی بۆ پاشخستنی پرۆسەی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ دەیدات"، چونکە وەک ئەو ئەندامەی ئەنجوومەن باسیدەکات: "مالیکی نایەوێ لەسەر دەستی عەبادی مووسڵ کۆنترۆڵ بکرێتەوە. بۆیە هەرچی پێیبکرێت دەیکات بۆئەوەی لەمپەر دروستبکات".

بەڵام عەبدولرەحمان وەگاع ئەو تۆمەتانە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت: "هیچ پەیوەندییەکی حیزبایەتی و کۆمەڵایەتیمان لەگەڵ مالکی نییە و پێشموایە ئەندامانی پارتی پشتگیریی هەوڵە ڕەواکەمان دەکەن، کە وەک دەزانن ئەوان لەگەڵ مالیکی پەیوەندییان خراپە".

دوای بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە، وا بڵاوکرایەوە کە پارێزگاری نەینەواش هەوڵی لەکارخستنی ئەنجوومەن دەدات، بەڵام نەوفەل حەمموودی، پارێزگاری مووسڵ، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەوانە تەنیا قسە و پڕوپاگەندەن و ئامادەم بۆ هەر لێپرسینەوەیەک. هیچ هەوڵێکیشم نەداوە بۆ بێ نرخکردن و لەکارخستنی ئەنجوومەنی پارێزگا".

### ڕەتیدەکەنەوە پەیوەندیی بە باڵباڵێنی نێو یەکێتییەوە هەبێت

# گۆڕانکاری لە سەرۆکی زانکۆکاندا دەکرێت

**سەرۆکی پێشووی زانکۆی ڕاپەڕین:**
**داوای درێژکردنەوەی ماوەکەم کردبوو، کەچی ئەمساڵ لایاندام**

**سەرۆکی زانکۆی گەرمیان:**
**داوامکرد خانەنشین بکرێم، وابزانم ماوەکەم بۆ درێژکراوەتەوە**

پشتیوان جەمال
ڕووداو — سلێمانی

سێ سەرۆکی زانکۆ لە سنووری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە دەگۆڕدرێن. سەرۆک زانکۆیەکیش پێیوایە لە لادانەکەی غەدری لێکراوە و دەڵێت "هەیە نۆ ساڵە سەرۆکی زانکۆیە و نەگۆڕدراوە". گوتەبێژی وەزارەتی خوێندنی باڵاش دەڵێت "ئەو سەرۆک زانکۆیانەی بەپێی یاسا ماوەی کارکردنیان تەواوبووە، دەگۆڕدرێن".

لەسەرەتای ئەم مانگەوە بڕیاری بەخشین بۆ سەرۆکی زانکۆکانی سلێمانی، هەڵەبجە و ڕاپەڕین دەرچووە. عەباس ئەکرەم، گوتەبێژی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەپێی یاسای وەزارەت هەر سەرۆک زانکۆیەک بۆی هەیە چوار ساڵ لە پۆستەکەیدا بێ. لە قۆناغی یەکەمیشدا گۆڕانکاری لە پۆستی سەرۆکی زانکۆکانی سلێمانی، هەڵەبجە و ڕاپەڕین کراوە و شوێنەکانیشیان لەلایەن یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆکان بۆ کاروباری کارگێڕی پڕکراوەتەوە، تاوەکو کەسێک بە سیڤی لە شوێنیان دادەنرێ".

سەبارەت بەوانەش کە زیاتر لە چوار ساڵە سەرۆکن و نەگۆڕدراون، عەباس گوتی "بەپێی یاسای وەزارەت، دەکرێ ماوەکەی بۆ درێژبکرێتەوە".

بەڵام بەشێک لە سەرۆک زانکۆکان گۆڕینەکانیان بە "بیانوو" نێودەبەن. د.محەممەد عەلی، سەرۆکی پێشووی زانکۆی ڕاپەڕین، ماوەی زیاتر لە پێنج ساڵ سەرۆکی زانکۆ بووە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "خۆم داوای لابردنم نەکردبوو، بەڵکو ساڵی ڕابردوو داواکاریم پێشکەشکرد ماوەکەم بۆ درێژبکرێتەوە، بەڵام وەڵامیان نەدامەوە، کەچی لەسەرەتای ئەم مانگە لەناکاو بڕیاری لادانم دەرکرا". د.محەممەد پێیوایە لابردنەکەی "بیانوو" بووە و گوتی "لە وەزارەتی خوێندنی باڵا سەرۆک زانکۆ هەیە نزیکەی نۆ ساڵە لەو پۆستەدایە، بەڵام پێمولیە ئیعفابوونەکەم زیاتر بیانوو بووە، ئامانجیش لێی ئەوەیە کەسی باش لە شوێنی باشدا نەبێت".

د.خەسرەو عەبدوڵڵا، سەرۆکی پێشووی زانکۆی هەڵەبجە پێنج ساڵ و حەوت مانگ لەو پۆستەدا بووە و ئێستا ئیعفاکراوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دوای تەواوبوونی چوار ساڵی پۆستەکەم، سەرەتا داوای خانەنشینیم کرد، بەڵام خانەنشین نەکرام، ساڵی ڕابردووش داوای ئیعفام کرد بۆئەوەی بۆ کاری مامۆستایی بگەڕێمەوە، ئەمساڵ ئێستا وەڵامیان داومەتەوە".

دوای لادانی ئەو سەرۆک زانکۆیانە، دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە کە لابردنیان پەیوەندیی بە باڵباڵێنی یەکێتییەوە هەبووە، ئەوانەی لادراون لە باڵی ناوەندی بڕیارەوە نزیکن، بەڵام د.محەممەد گوتی "ئەو دەنگۆیە ڕاست نییە". د.عەبدوڵڵاش ئەو دەنگۆیەی ڕەتکردەوە و گوتی "لەسەر هیچ باڵێک نیم و سەربەخۆم".

د.فاروق عەبدوڵڵا، پێنج ساڵە سەرۆکی زانکۆی گەرمیانە، بەڵام تاوەکو ئێستا ناوی بۆ ئیعفاکردن نەهاتووەتەوە. بە (ڕووداو)ی گوت "ساڵی ڕابردوو داوامکرد خانەنشین بکرێم، بەڵام ڕەزامەندی بۆ داواکەم دەرنەچوو، پێدەچێت ماوەکەم بۆ درێژکرابێتەوە".

د.ئەحمەد دزەیی، سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین نزیکەی حەوت ساڵە لەو پۆستەدایە. سەرچاوەیەک لە نووسینگەی د.ئەحمەد دزەیی بە (ڕووداو)ی گوت "دوای تەواوبوونی ماوەی یاساییەکەی کە چوار ساڵە، تاوەکو ئێستا فەرمانی مانەوە یان ئیعفابوونی بۆ دەرنەچووە".



ساڵی 2010 زانکۆی زاخۆ دامەزراوە. د.لەزگین عەبدی لە مانگی شوباتی 2011ەوە سەرۆکی ئەو زانکۆیەیە. ناوبراو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ساڵی ڕابردوو کاتێک ماوەکەم تەواوبوو، نووسراوێکم ئاراستەی وەزارەت کرد و پێمگوت بەهۆی قەیرانی داراییەوە ئەو بەرنامەیەی بۆ چوار ساڵ دامانابوو، نەمانتوانی جێبەجێی بکەین، پێشنیازمکرد لە پۆستەکەم بەردەوام بم، نووسراوەکەشمان بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بەرزکراوەتەوە، بەڵام تائێستا وەڵاممان نەدراوەتەوە".

هەروەها د.موسلیح دهۆکی، لە مانگی 12ی ساڵی 2012ەوە سەرۆکی زانکۆی دهۆکە، گوتی "بۆ داهاتوو بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەت و ئەنجوومەنی وەزیران دوو ڕێگە هەیە، یان ماوەکەم بۆ درێژدەکەنەوە یان کەسێکی دیکە لە شوێنم دادەنێن، بەڵام تاوەکو ئێستا بڕیارمنەداوە داوای درێژکردنەوەی ماوەکەم بکەم".

### ئەم هەفتەیە دەچنە شەرفەدین

# گەورەپیاوانی ئێزدی لەسەر پەکەکە و میرتەحسین کۆدەبنەوە

عوبێد ڕەشاڤایی
ڕووداو- هەولێر

قسەیەکی میری کوردانی ئێزدی بۆ کەناڵێکی عەرەبی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هەرای ناوەتەوە. بڕیارە چوارشەممەی داهاتوو کوردانی ئێزدی لە شەرفەددین کۆببنەوە و هەڵوەستە لەسەر قسەکانی میری خۆیان بکەن.

میر تەحسین بەگ، میری کوردانی ئێزدی، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ کەناڵی BBCگوتوویەتی "داعش ستەمی لە کوردی موسڵمانی شنگال نەکرد، چونکە موسڵمان بوون، بەڵام لەبەر ئایینەکەیان لە ئێزدییەکانی کرد". ئەو قسەیەی میر تەحسین لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا کاردانەوەی بەدوای خۆیدا هێناوە و هەندێک کەس دژایەتیی دەکەن و هەندێکیش پشتگیریی دەکەن.

**سەرپەرشتیاری کۆبوونەوەکە:**
**دەمانەوێ سنوورێک بۆ پەکەکە دابنێین**

وا بڕیارە ڕۆژی چوارشەممەی داهاتوو، کوردی ئێزدی لە مەزارگەی شەرفەددین کۆببنەوە و هەڵوەستە لەسەر قسەکانی میرتەحسین بکەن.

حاجۆ ساڵح، کە ئەو کۆبوونەوەیەی مەزارگەی شەرفەددینی ڕێکخستووە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند هەموو توێژەکانی کوردی ئێزدییان بۆ کۆبوونەوەکە بانگهێشتکردووە: "لەوانەش جڤاتی ڕووحانی، بابەشێخ، نوێنەری میر و سەرۆکی قەواڵان و پیاوماقوڵەکان هەموویان بەشداردەبن". حاجۆ گوتی هەڵوەستە لەسەر قسەکانی میرەکەیان دەکەن و دەڵێت "ئێزدی کوردی ڕەسەنن و داعش لەبەر کوردبوون و ئێزدیبوون وای بەسەرهێنان، هەروەک بەسەر خەڵکی شنگال بە هەموو پێکهاتە ئایینییەکانیەوە هێناویەتی".

حاجۆ ئاشکرایکرد تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەیان تایبەتە بە بوونی هێزەکانی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە شنگال و گوتی "دەمانەوێ سنوورێک بۆ پەکەکە دابنێین لە شنگال، ئێمە دژی مانەوەی پەکەکە نین لە شنگال، دژی کردارەکانیانین. با دروستکردنی دووبەرەکی بەس بێ". بەڵام خەیری بۆزانی، بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری ئێزدییان لە وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاگاداری کوبوونەوەی چوارشەممە نییە. ئەو سەبارەت بە قسەکانی میری ئێزدییان دەڵێت "مەبەستی میر ئەوە بووە کە ئێزدی لەبەر ئایینەکەیان زیاتر ستەمیان لێکراوە".

کەسێکی نزیک لە جڤاتی ڕووحانی، کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "باشترە میر لەو تەمەنە قسە بۆ میدیا نەکات، هەرجارێک قسەیەک دەکات، هەرایەک دەنێتەوە. پێویستە گوتەبێژێک هەبێ و تەواو، لەبەرئەوەی میر عەرەبییەکەشی زۆر ڕەوان نییە، باشترە گوتەبێژی هەبێت".

### دەنگۆی ئەوە هەبوو بە بڕیاری حیزبی ڕاگیرابێ

# بیرە نەوتێکی بای حەسەن بە 43 ڕۆژ چاکدەکرێتەوە

سیروان عەباس
ڕووداو–کەرکووک

بیرە نەوتی ژمارە 34ی کێڵگەی نەوتی بای حەسەن، لە سنووری پارێزگای کەرکووک، دەست بە هەناردەکردنی نەوت دەکاتەوە بۆ بەندەری جەیهانی تورکی. ئەندازیارێکی کۆمپانیای نەوتی باکووریش دەنگۆی داخستنی ئەو بیرە نەوتە لەلایەن یەکێتیی نیشتمانی کوردستانەوە ڕەتدەکاتەوە.

وا بڵاوکرایەوە کە دوای تەقاندنەوەی بیری ژمارە34ی کێڵگەی نەوتی بای حەسەن، بە بڕیارێکی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، هەناردەکردنی نەوتی ئەو بیرە وەستێنراوە، بەڵام فەرهاد هەمزە، ئەندازیار لە کۆمپانیای نەوتی باکوور، کە ئەرکی چاککردنەوەی بیرەکەیان پێ سپاردبوو، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دوای ئەوەی ڕۆژی 2016/8/10، لەلایەن چەند خۆکوژێکەوە هێرشکرایە سەر بیرە نەوتییەکانی بای حەسەن، بیری ژمارە 34 زیانێکی زۆری بەرکەوت و بەوهۆیەوە هەناردەکردنی نەوتەکەی وەستێنرا، بەڵام دوای 43 ڕۆژ کارکردن تێیدا، ئەندازیار و کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی باکوور توانییان چاکی بکەنەوە و ئامادەی بکەنەوە بۆ دەرهێنانی نەوت و هەناردەکردنی".

فەرهاد هەمزە دەڵێت: "بیری نەوتی ژمارە 34ی بای حەسەن، ڕۆژانە توانای بەرهەمهێنانی 3000 بەرمیل نەوتی هەیە، کە لەڕێگەی هەرێمی کوردستانەوە ڕەوانەی بەندەری جەیهانی تورکی دەکرێت".

سەبارەت بە کاتی دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوت لەو بیرەوە، ئەو ئەندازیارەی کۆمپانیای نەوتی باکوور گوتی: "دوای چاککردنەوەی هەر بیرێک کە وەک بیری ژمارە34ی بای حەسەن زیانی بەرکەوتبێت، پێویستە زیاتر لە دوو ڕۆژ چاوەڕێ بکرێت بۆئەوەی ئەو نەوت و ئاوەی تێکەڵبوون جیا ببنەوە و کوالێتیی نەوتەکە بگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی. بۆیە چاوەڕواندەکرێت لە داهاتوویەکی نزیکدا لەو بیرەوە دەست بە هەناردەکردنی نەوت بکرێتەوە".

## حکومەت کۆدەبێتەوە

**رووداو- هەولێر**

بڕیارە رۆژی پێنجشەممە 2016/9/29 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کۆببێتەوە. سەرچاوەیەک بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند، یەکێک لە بڕگەکانی کۆبوونەوەکە بریتییە لە خستنەڕووی دوایین زانیاری سەبارەت بە مووچەی مانگی حەوتی 2016 و ئامادەکارییەکانی بۆ پێدانی مووچەی مانگی هەشت. هەروەها داهاتە چاوەڕوانکراوەکانی هەرێمی کوردستانیش لەلایەن وەزیری سامانە سروشتییەکان و بریکاری وەزیری دارایی دەخرێنەڕوو. هەروەها داوای چەند وەزارەتێک بۆ دامەزراندنی چەند توێژێک لە دەرچووان تاوتوێ دەکرێت، ئەوەش بە رەچاوکردنی تایبەتمەندی و پێویستی دامەزراوەکان لە بواری پسپۆڕیان. دوایین کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان رۆژی 2016/6/9 بەڕێوەچوو.



راپۆرت
رووداو
ژمارە ( 425 ) - دووشەممە 2016/9/26

## 27ی ئەیلوول لە سلێمانی دەقڵیشێتەوە؟

# چوار حیزبەکە توندوتیژی رەتدەکەنەوە پارتیش هۆشداری دەدات

### گۆڕان: بازرگانەکانمان ئاگادارکردووەتەوە

### یەکگرتوو: دەبێ حکومەتی سلێمانی بارەگاکان بپارێزێ

### کۆمەڵ: هەر ئەندامێکمان توندوتیژی بکات سزادەدرێت

### پارتی: وەڵامی هەر هێرشێک وەکخۆی دەدەینەوە

**سیروان عەباس**
**رووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستان رایگەیاند ئەگەر هێرش بکرێتە سەر بارەگاکانیان لە سنووری پارێزگای سلێمانی و ئیدارەکانی گەرمیان و راپەڕین، کاردانەوەیان دەبێت. هەروەها دەڵێت "لەوبارەیەوە رێنماییمان لە سەرۆک بارزانییەوە بۆ هاتووە". هەریەکە لە گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتووش رەتیدەکەنەوە لەکاتی خۆپیشاندان توندوتیژی بەرامبەر هیچ لایەنێک بکرێت.

چەند رۆژێکە باسی گردبوونەوەی مامۆستایان لە رۆژی 2016/9/27 گەرمە، کە ئەو رۆژە یەکەم رۆژی وەرزی نوێی خوێندنە لە هەرێمی کوردستان. هەر لەئێستاوە چەندین گرووپ بەناوی جیاجیاوە لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان دروستکراون بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندان. هەرێمی کوردستان رابردوویەکی تاڵی هەیە لەگەڵ خۆپیشاندانەکان. لە خۆپیشاندانەکانی 17ی شوباتی 2011 لە سلێمانی، کە ئاراستەکەی بۆ هێرشکردنە سەر بارەگای لقی چواری پارتی گۆڕدرا، خوێنی تێدا رژا و چەند گەنجێک بوونە قوربانی. هەروەها لە ناڕەزاییەکانی مانگی تشرینی دووەمی 2015 لە پشدەر و ناوچەکانی دیکەی زۆنی سەوز دیسان هێرشکرایە سەر بارەگاکانی پارتی. هەربۆیە ئەو ترسە بەدوور نازانرێ جارێکی دیکە بارەگاکانی پارتی لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە و ناوچەی گەرمیان بکرێنە ئامانج.

ئەحمەد کانی، بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییە نیشتمانییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە (رووداو)ی راگەیاند "خۆپیشاندانی مەدەنی و داوای خەڵک زۆر ئاساییە، بەڵام بەمەرجێک نەچێتە قالبی موزایەدە و تێکدانی ئارامی".

سەبارەت بە کاردانەوەی پارتی بەرامبەر ئەگەری هێرشکردنە سەر بارەگاکانی لە هەڵەبجە و سلێمانی، ئەحمەد کانی، کە ئەندامی سەرکردایەتیی پارتییە، دەڵێت "ئەگەر خۆپیشاندانەکان ئاراستەیان بگۆڕێت قابیلی قبوڵ نییە، خۆپیشاندانیش کاتی هەیە. ناکرێ خۆپیشاندان 50 رۆژ بخایەنێت. کاتی خۆپیشاندان چەند کاژێرێکە بۆ گەیاندنی پەیامێک. لەبەرئەوەی زرووفی هەرێمی کوردستان زۆر ناسک و هەستیارە، دەبێ لەکاتی بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانەکاندا زۆر هۆشیاربین".

بەڵام سەرچاوەیەک لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سلێمانی، باسی کاردانەوەی پارتی دەکات بەرامبەر ئەگەری هێرشکردنە سەر بارەگاکانی "پارتی هۆشداریی داوەتە سەرجەم لایەنەکان خۆپیشاندانەکان بەلاڕێدا نەبرێن و هێرش نەکرێتە سەر بارەگاکانی پارتی لە سنووری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەکانی گەرمیان و راپەڕین". گوتیشی "پارتی هۆشداری داوەتە لایەنەکان، کە وەڵامی هەر هێرشێک وەکو خۆی دەدەنەوە".

ئەو سەرچاوەیە، کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە ئاماژە بە نووسراوێکی مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات کە ئاراستەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی حیزبەکەی کردووە لە شاری سلێمانی. ئەو سەرچاوەیە گوتی "سەرۆک بارزانی بە نووسراوێک فەرمانی بە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و لق و بارەگاکانی پارتی کردووە کە تاوەکو هێرش نەکرێتە سەریان، ئەوان هیچ نەکەن. لە ئەگەری هێرشکردنە سەریشیان تەنیا بەرگری بکەن و هیچ کاردانەوەیەکیشیان نەبێت، تاوەکو نەیەنە سەر بارەگاکانیان".

بەپێی زانیارییەکانی رووداو پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئاستی بڵندی سەرکردایەتی پەیوەندیی بە حیزبەکانی یەکێتی، گۆڕان، کۆمەڵ و یەکگرتووەوە کردووە و هۆشداریی ئەوەی پێداون کە ئەگەر هێرش بکرێتە سەر بارەگاکانیان لە سنووری سلێمانی، لە سنوورەکانی هەولێر و دهۆک گەرەنتی پاراستنی ئەمنییەتی بارەگاکانیان ناکەن. بەڵام گوتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان رەتیکردەوە پارتی پەیوەندیی پێوەکردبن و دەڵێت سەبارەت بە خۆپیشاندان، بزووتنەوەی گۆڕان لەگەڵ سەرجەم بازرگانەکانی کۆبووەتەوە.

شۆڕش حاجی، گوتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان، بە (رووداو)ی گوت "لەگەڵ سەرجەم بازرگانەکان لە سنووری سلێمانی، گەرمیان، راپەڕین و شار و شارۆچکەکانی دیکە کۆبووینەتەوە و داوامان لێکردوون کە نابێت رێگە بە هیچ لایەنگرێکی گۆڕان بدرێت پەنا بۆ توندوتیژی ببات".

مامۆستا ئاوات حەسەن، ئەندامی دەستەی مامۆستایانی ناڕازی و بەرەی خەڵک، بە (رووداو) ی گوت "ئێمە لەلای خۆمانەوە هەوڵدەدەین خۆپیشاندانەکان لە چوارچێوەی یاسا دەرنەچێ و بۆ ئەو مەبەستەش هەماهەنگی لەگەڵ هێزە ئەمنییەکاندا دەکەین".

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانیش دەڵێت خۆپیشاندان مافی خەڵکە، بەڵام بەو مەرجەی توندوتیژی لێنەکەوێتەوە. عوسمان کاروانی، بەرپرسی مەڵبەندی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە سلێمانی، باسی هۆکاری ئەوە دەکات کە بۆچی رۆژی 2016/9/27، هەموو چاوەکان لەسەر پارتین و دەڵێت "زۆربەی دەسەڵاتی دارایی لە هەرێمی کوردستان لەدەستی پارتیدایە. بۆیەش زۆربەی گلەییەکان روویان لەو حیزبەیە". هەروەها دەڵێت "خەڵک مافی خۆیەتی خۆپیشاندان بکات و داوای مافی خۆی بکات، بەڵام یەکگرتووی ئیسلامی لەگەڵ توندوتیژیدا نییە". سەبارەت بە پاراستنی بارەگای حیزبەکانیش، ئەگەری لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە هێرشیانکرایە سەر، کاروانی گوتی "دەبێ حکومەتی خۆجێیی پارێزگاری لە

ئەندامێکی سەرکردایەتیی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستانیش بە (رووداو)ی راگەیاند: "پاراستنی دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان بەلای کۆمەڵەوە زۆر گرینگە و دەبێ گفتوگۆ لەجێگەی توندوتیژی بێت". سەبارەت بەو قەیرانە داراییەش کە لە هەرێمی کوردستان دروستبووە، یاسین حەسەن، ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵ، گوتی "ئێمە دەزانین حکومەت بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت و شەڕی داعشەوە تووشی قەیران بووە، بەڵام تاوەکو ئێستا نەیتوانیوە قەناعەت بە خەڵک بکات و لە ئەسڵی قەیرانەکە تێیانبگەیەنێت". بەگوتەی ئەو ئەندام سەرکردایەتییەی کۆمەڵ "زۆرکەس پرسیاری ئەوە دەکات کە حکومەتی عێراقیش هەمان قەیرانی هەیە، ئەی بۆچی دەتوانێ مووچە وەکو خۆی دابەشبکات؟ بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە حکومەتی عێراق بڕی 60 ملیار دۆلار پارەی یەدەگی هەبوو، ئێستاش 30 ملیاری ماوە".

سەبارەت بە ئەنجامدانی کردەوەی توندوتیژی لەلایەن هەر ئەندام و کادیرێکی کۆمەڵی ئیسلامییەوە لەکاتی خۆپیشاندانەکاندا، یاسین حەسەن گوتی: "لەگەڵ سەرجەم مەڵبەند و بارەگاکانمان لە هەرێمی کوردستان کۆبووینەتەوە و ئاگادارمان کردوونەتەوە کە نابێ هیچ ئەندامێکی کۆمەڵی ئیسلامی توندوتیژی ئەنجامبدات. هەر خۆپیشاندانێکیش ئاراستەکەی گۆڕدرا، نابێ ئەندامانی کۆمەڵی ئیسلامی لەوێ بمێنن. ئەگەر توندوتیژییش ئەنجامبدەن بەتووندترین شێوە سزادەدرێن". ئەندامی سەرکردایەتییەکەی کۆمەڵ باسی ئەوە دەکات کە لە رابردووشدا چەندین ئەندامیان "تاوەکو رادەی دەرکردن" لەسەر توندوتیژی سزادراون.



(فۆتۆ: سیڤان محەمەد سەلیم)

> ### کۆمەڵ و پەکەکە رێکنەکەوتوون
>
> **لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەنگۆی ئەوە بڵاوکراوەتەوە کە کۆمەڵ و پەکەکە لەسەر ئەوە رێککەوتوون کە سەرپەرشتیی خۆپیشاندانەکان بکەن. بەڵام کۆمەڵی ئیسلامی ئەمە رەتدەکاتەوە و یاسین حەسەن، ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵ لەوبارەیەوە دەڵێت: "ئەگەر قسەیەکی لەو جۆرە بکرێت کە ئێمە لەگەڵ پەکەکە پێکەوە کاردەکەین بۆ خۆپیشاندان، تەنیا بۆ ئەوەیە کە ئەگەر شتێکی نەخوازراو روویدا ئێمەی پێ تاوانبار بکەن".**

## پەرلەمانتار و قائیمقامی پێشووی یەکێتی لە رانیە:

# خۆدزینەوە لە خۆپیشاندان سەرشۆڕی و زەلیلییە



**راوچی حەسەن**
**رووداو- راپەڕین**

پەرلەمانتارێکی پێشووی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان دەڵێت "خۆدزینەوە و پاساوهێنانەوە بۆ بەشدارینەکردن لە خۆپیشاندان، نیشانەی سەرشۆڕی و زەلیلی و کۆیلەبوونە بۆ دەسەڵات". بەڵام رەتیدەکاتەوە داوای لە خەڵک کردبێت لەدژی دەسەڵاتی کوردستان رابپەڕن.

عەبدوڵڵا مام عەلی، کەسایەتی و کادیری دیاری یەکێتی لە رانیە، کە ئەندامی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان بووە و پێشتر قائیمقامی رانیەش بووە، لەگەڵ خۆپیشاندان و داواکاری هاووڵاتیانە لە سنووری ئیدارەی راپەڕین، کە چاوەڕواندەکرێت رۆژی سێشەممە 2016/9/27 لە دەڤەری راپەڕین بەڕێوەبچێت و داوادەکات خەڵک لەڕێگەی ئاشتی و مەدەنییانەوە بتوانن داوای مافەکانی خۆیان بکەن. رەخنەی توندیش لە دەسەڵاتدارانی ناوچەکە و حیزبەکەی خۆی دەگرێت.

عەبدوڵڵا مام عەلی بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەوەی خەڵک لەڕێگەی خۆپیشاندان و گردبوونەوەوە داوایدەکات، داوایەکی یاساییە و مافی خۆیانە، چونکە حکومەت سەرەتاییترین مافی خۆیان پێنادات، کە مووچەیە".

عەبدوڵڵا مام عەلی پێشتر لە بەیاننامەیەکدا لەبارەی خۆپیشاندانەکانی سنووری ئیدارەی راپەڕین رایگەیاندبوو "خۆدزینەوە و پاساوهێنانەوە بۆ بەشدارینەکردن لە خۆپێشاندان و مانگرتن و شێوازەکانی دیکەی چالاکییە مەدەنییەکان تا بەچۆکداهێنان و ملکەچپێکردنی ئەم دەسەڵاتە ملهوڕە، کە دەستی ناوەتە بینەقاقای کۆمەڵانی بەشمەینەتی خەڵکی کوردستان، لەژێر پەردەی هەر بیانوو و پاساوێک و داتاشینی هەر جۆرە حیلەشەرعیەک.... نیشانەی سەرشۆڕی و زەلیلی و کۆیلەبوونە بۆ دەسەڵات".

لەبارەی خۆپیشاندانەکانی سنووری ئیدارەی راپەڕین و گردبوونەوە لەو ناوچەیەدا، ئەو کادیرەی یەکێتی دەڵێت "بە هەموو شێوەیەک لەگەڵ خۆپیشاندانی جەماوەریداین، بەڵام دوور لە هەر هەڕەشە و هێرشکردنە سەر هەر دامودەزگایەکی شەرعی لە سنووری ئیدارەی راپەڕین. وەک هەر داواکارییەک بە رێگەی مەدەنی بکرێت، پێم باشە و پشتگیریی دەکەم".

عەبدوڵڵا مام عەلی گلەیی لە حیزبەکەی خۆی لە دەڤەری راپەڕین دەکات و دەڵێت " گلەییەکی زۆر لە بەشێک لە بەرپرسانی حکومی و حیزبیی ئەم ناوچەیە دەکەم، بە یەکێتی نیشتمانی کوردستانیشەوە. ئەوانیش بێبەش نین لەو زوڵم و ستەمەی کە لە خەڵکی ناوچەکە دەکرێت. بۆیە یەکێتیش بەشدارە لەو نەهامەتییەی بەسەر خەڵکی ناوچەکەماندا دێت".

ئەو کەسایەتییە دیارەی پشدەر دەڵێت لەبەرئەوەی یەکێتی هێزی باڵادەستە لە ناوچەکەدا، پێویستە بەدەم داواکاریی خەڵکەوە بێت. ئەگەر توانای چارەسەرکردنی نەبێت، ئەوە یەکێتی دوو رێگەی لەبەردەمە "یان دەبێت لە دەسەڵات بکشێتەوە و بڵێ ناتوانم حوکم بکەم یان دەبێت پێی خۆشبێت و بە هەندی وەربگرێت کە هاووڵاتیان داوای مافە رەواکانی خۆیان بکەن".

> **بەرپرسانی یەکێتی بەشدارن لەو زوڵمەی لە هاووڵاتیان دەکرێت ... داوای راپەڕینم نەکردووە**

سەبارەت بەو دەنگۆیەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوبووەتەوە و دەگوترێت عەبدوڵڵا مام عەلی بەنیازی ئەوەیە راپەڕین دژی حکومەت و حیزبەکان بکات، دەڵێت " ئەوەی گوتراوە دوورە لە راستی و رەتیدەکەمەوە، چونکە دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە ئەوانەی لە دەسەڵاتدان رۆڵەی ئەم خاکەن. ساڵانێکە خزمەتدەکەن. من بەرپرس نیم لەوەی کە گوتراوە، بەڵام بۆ داخوازی و مافەکانی خەڵک ئامادەم بێمە سەرشەقام".

رانیە یەکێکە لەو ناوچانەی بەگوتەی خەڵکی ناوچەکە خزمەتگوزاریی زۆر کەمی بۆ هێندراوە. لەوبارەیەوە عەبدوڵڵا مام عەلی رەخنەی توند لە حکومەت و یەکێتی، وەک حیزبی باڵادەست لە ناوچەکە، دەگرێ و دەڵێت "رانیە بە بەراورد بە شوێنەکانی دیکەی کوردستان بێ خزمەتگوزارییە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە حکومەت و دەسەڵاتی ناوچەکە، کە یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، نەیتوانیوە وەک پێویست خزمەتگوزاری بۆ ناوچەکە دابین بکات".

ئەو کادیرەی یەکێتی داوایەکی لە حیزبەکەی هەیە و دەڵێت "چەندین بەرپرسی گەندەڵ لەنێو یەکێتی و لە سنووری ئیدارەی راپەڕیندا هەن، دەبێ سەرکردایەتیی یەکێتی ئەو کەسە گەندەڵانە وەدەربنێت و لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکات".

لەلایەکی دیکەوە دەستەی مامۆستایانی ناڕازیی سنووری ئیدارەی راپەڕین ئاگادارییەکیان بۆ خۆپیشاندان لە 2016/9/27 بڵاوکردووەتەوە و دەڵێن "رۆژی 27 ی مانگ لەجیاتی زەنگی ساڵی نوێی خوێندن، دەرگای قوتابخانەکان دادەخەین و زەنگی راچڵەکاندنی دەسەڵات لەسەر شەقام لێدەدەین". هەروەها گرووپێکی دیکە لە سنووری ئیدارەی راپەڕین بەناوی "گرووپی بەرەی خەڵک" رۆژی 27 مانگ بەجیا خۆپیشاندان دەکەن. یەکێک لە رێکخەرانی خۆپیشاندانەکە، بە (رووداو)ی راگەیاند "ئێمە کە لە چین و توێژەکانی سنووری ئیدارەی راپەڕین پێکهاتووین، بڕیارمانداوە خۆپیشاندان بکەین، بەڵام پەیامی ئێمە لە رۆژی خۆپیشاندانەکاندا جیاواز دەبێت و تەنیا بەیاننامە خوێندنەوە نابێت، بەڵکو هەڵوێستی دیکەمان دەبێت. بێگومان بە هیچ شێوەیەک نامانەوێ پشێوی دروست ببێ".

ئەدهەم بارزانی، بەرپرسی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی لە پارێزگای سلێمانی بۆ (ڕووداو):

# ئێران گوتی ڕێگەنادات مەترسی لەسەر بارەگاکانی پارتی دروستبێت


(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

ئەدهەم بارزانی، بەرپرسی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی لە پارێزگای سلێمانی، هۆشداری دەداتە لایەنەکان لە ئەگەری هێرشکردنە سەر بارەگاکانی پارتی و بەکارهێنانی توندوتیژی دژی پارتی و دەڵێت "پێمانگوتوون ئەگەر بارەگاکانی پارتی بکەونە بەر توندوتیژی، هیچ گەرەنتییەک نادەین بارەگاکانی ئەوانیش نەکەونە بەر توندوتیژی". لەگەڵ ئەوەشدا بەرپرسی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی لەم هەڤپەیڤینەیدا لەگەڵ (ڕووداو)، کە لە بارەگای ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی لە شاری سلێمانی، لەگەڵیکراوە ئاشکرایدەکات کە ڕۆژی 24/9/2016 لەگەڵ شاندێکی ئێرانی دانیشتووە و شاندە ئێرانییەکە بەڵێنیان پێداوە ڕێگەنەدەن بارەگاکانی پارتی ڕووبەڕووی مەترسی ببنەوە.

هەڤپەیڤین: سامان بەشارەتی
ڕووداو - سلێمانی

**ڕووداو: لە کۆبوونەوەی حیزبەکان لەگەڵ پارێزگاری سلێمانی بەوەکالەت، پارتی چ پەیامێکی هەبوو؟ چی باسکرا دەربارەی خۆپیشاندانە چاوەڕوانکراوەکەی 27ی ئەم مانگە؟**

**ئەدهەم بارزانی:** خەباتی پارتی هەر لە سەرەتاوە تاوەکو ئێستا بۆ ئەوە بووە کە کۆمەڵگەیەکی دیموکرات، بیروباوەڕی ئازاد و فرەگوتاری هەبێت. ئێستاش کە ئێمە لە شاری سلێمانی دانیشتووین، هەر خۆپیشاندانێک گوزارشت لە داواکاری و باشترکردنی ژیانی خەڵک بکات، پشتگیریی دەکەین و بە ڕەوای دەزانین. هەموو داخوازییەکان بەشێوەیەکی یاسایی جێی خۆی دەگرێت و دێتەدی. ئەگەر لە چوارچێوەی یاساش دەرچوو، ئەوکات پێناسەیەکی دیکەی دەبێت.

**ڕووداو: پارتی ئەو پەیامەی داوەتە چوار لایەنە سیاسییەکەی دیکەی بەشداربوو لە کۆبوونەوەکە؟**

**ئەدهەم بارزانی:** کاتێک داوای بەشداریکردنی ئێمەیانکرد، من بە بەرپرسی لقی چوارم گوت بەشداربێت و پەیامی پارتیش بگەیەنێ، کە پارتی پشتیوانی لە خۆپیشاندانێک دەکات لە چوارچێوەی یاسا بێت، بەڵام دەبێ لایەنەکان بزانن بۆ وەرگرتنی ئیمتیاز سوود لەو بارودۆخە وەرنەگرن. سواری داخوازی و خواستەکانی خەڵک نەبن، کە ئەمە پارتی هەرگیز قبوڵی ناکات لە هیچ کەسێک.

**ڕووداو: ئەی چوار لایەنەکە وەڵامیان چی بوو؟**

**ئەدهەم بارزانی:** هەموویان لەگەڵ ئەوەدا بوون کە خۆپیشاندان بکرێت، بەڵام ئاراستەکەی بۆ سەر هیچ لایەنێکی سیاسی نەبێت. ئومێدەوارین هەموو لایەنەکان پابەندی ئەو بەڵێنەی خۆیان بن. چونکە ئەم قەیرانە قەیرانی یەک حیزب نییە. پارتی ئەم قەیرانەی دروستنەکردووە.

**ڕووداو: کەواتە بۆ داواکارییەکان ڕووبەڕووی پارتی دەکرێنەوە، بۆچی خەڵک داوای مووچە لە پارتی دەکات؟**

**ئەدهەم بارزانی:** ئەوە کارێکی نائەخلاقییە حیزبەکان دەیکەن بەرامبەر پارتی. باشە خۆ گۆڕان و یەکێتی و کۆمەڵ و یەکگرتووش بەشداری حکومەتن. پارتی لە 20 وەزیر تەنیا پێنج وەزیری هەیە. ماقووڵە ئەوان وا هەڵسوکەوت بکەن کە لەنێو حکومەتدا نین.

**ڕووداو: بەڵام دەڵێن بۆیە داواکارییەکان تەنیا ڕووبەڕووی پارتی دەکرێنەوە، چونکە پارەی نەوت تەنیا لەلای پارتییە؟**

**ئەدهەم بارزانی:** ئەمەش یەکێکی دیکەیە لە تۆمەتەکان کە دەخرێتە پاڵ پارتی. ئایا قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکومەت، کوڕی مام جەلال نییە؟ ئەو نوێنەری یەکێتییە لە لیژنەی باڵای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان. ئاگای لە پارەی نەوت و فرۆشتنی نەوتە. کەواتە یەکێتی ئاگاداری هەموو شتێکە. ئەی بۆ خەڵک ناپرسێت: کاتێک 49%ی بودجەی هەرێمی کوردستان دەدرایە یەکێتی چیی لێهات و چیکراوە؟ داهاتی پارێزگای سلێمانی ناچێتە هەولێر، بۆ لە سلێمانی خەرجناکرێت؟ کەس نازانێت داهاتی پارێزگای سلێمانی چیی لێدێت.

**ڕووداو: هیچ زانیارییەکتان هەیە کە هەوڵ هەبن بۆ دووبارەکردنەوەی سیناریۆی هێرشکردنە سەر بارەگاکانتان لە زۆنی سەوز و نیلی؟ ئەو هەوڵانە کێیان لەپشتە؟ ئێستا کێ بارەگاکانتان دەپارێزێت و بەرپرسیارێتیی پاراستنی بارەگاکانتان لەئەستۆی کێیە؟**

**ئەدهەم بارزانی:** با برێک لە خەت دەربچم و هاووڵاتیانش لێم زویر نەبن، چونکە قسەکانی من بۆ لایەنەکانە. ئەم خۆپیشاندانە خۆپیشاندانی جەماوەری نین. ئەگەر ناویش بنرێ ناڕەزاییەتییەکانی خەڵک، ئەوانەی ڕێکخەری خۆپیشاندانەکانن دەموچاویان دیارن و هەموویان کادیری ئەو چوار لایەنەن. لەبەر ئەوە، ئەوان تاکە نوێنەری خەڵک نین. ئێمە زانیاریمان هەیە کە ئەوانە بەنیازن چی بکەن و چ لایەنێک هانیاندەدات. بۆیە ئومێدەوارین هێرش نەکرێتە سەر بارەگاکانی پارتی. هیوادارین ئاراستەی خۆپیشاندانەکان ڕووبەڕووی حکومەت و پارێزگای سلێمانی بکرێنەوە نەک پارتی. ئەگەر ئەمە کرا، ئەوە خەڵکی سلێمانی ئەو کارە ناکات بەڵکو لایەنێکی سیاسییە دەیکات.

**ڕووداو: دەگوترێت خەڵکی سلێمانی حەزی لە پارتی نییە، ئەمە وایە؟ ئەگەر وایە چیتانکردووە بۆ گۆڕینی ئەو تێڕوانینە؟**

**ئەدهەم بارزانی:** پارتی پێش لایەنەکانی دیکە شانازی بە سلێمانییەوە دەکات. هەر حیزبێک بڵێت سلێمانی شاری منە، پارتی پێش ئەو دەیڵێت. ئەوە بەرنامەی لایەنەکانە کە دەیانەوێ پارتی لەلای خەڵکی سلێمانی ناشیرین بکەن. من نە میوانم لە شاری سلێمانی و نە غەریبم لەم شارە. من بەشێکم لەم شارە.

**ڕووداو: ئەی بۆچی لە ڕابردوودا هەر خۆپیشاندانێک کرابێت، هێرشکراوەتە سەر پارتی؟**

**ئەدهەم بارزانی:** بە حیزبەکان بڵێن بۆ ئەو زوڵمە لە پارتی دەکەن. ئەوەی لە ڕابردوودا کراوە، دەستی لایەنە سیاسییەکانی تێدابووە، کە ناکۆک بوون لەگەڵ پارتی. چونکە ئەزموونمان هەیە هەر خۆپیشاندانێک کرابێت لەجیاتی ئەوەی بڕۆنە سەر بارەگاکانی یەکێتی و بڵێن چەندین ساڵە بودجەی هەرێمی کوردستان 49%ی هاتووەتە ئەم شارە، کوا؟ دێت لەبەردەم بارەگای پارتی دەوەستێت، کە هەموو کەس دەزانێت پارتی بودجەکەی لە دوو پارێزگای خۆی خەرجکردووە. بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی لەنێوان پارتی و یەکێتی هەبووە. ئێستاش مەترسییەکانی ئێمە ئەوەیە کە کەسانێک هەن ئاراستەی خۆپیشاندانەکان دەگۆڕن بۆ سەر بارەگاکانی پارتی. پارتیش مافی خۆیەتی بەرگری لەخۆی بکات و ڕووبەڕووی خۆپیشاندەران ببێتەوە. چونکە جارێکی دیکە پارتی ڕێگە نادات بارەگاکانی بسووتێنرێن. هەر هێرشێک بکرێتە سەرمان، دەستمان کراوە دەبێت بۆ بەرگری لە خۆمان.

**ڕووداو: ئەوەی ئێوە دەیڵێن هەڕەشە نییە؟**

**ئەدهەم بارزانی:** من هەڕەشە ناکەم و باوەڕم بە قووەتی مەنتیق هەیە نەک مەنتیقی قووەت. چونکە کەسێک نییە لەم شارە هەڕەشە لە پارتی بکات. ئەگەر لە خەیاڵی لایەنێکی سیاسیدا هەبێت کە دەتوانێت ئەم شارە لە پارتی نائارام بکات، بەڕاستی دەیڵێم ئەگەر سلێمانی لە پارتی نائارام بێت، بۆ هیچ لایەنێکی سیاسی ئارامی و ئاسایش نابێت.

**ڕووداو: دەگوترێ ئەگەر لە زۆنی سەوز و نیلی هێرش بکرێتە سەر پارتی، لە زۆنی زەردیش بارەگاکانی یەکێتی و گۆڕان و کۆمەڵ ڕووبەڕووی هەمان هێرش دەبنەوە و ڕێگە نادەن لە زۆنی زەرد بمێننەوە، ئەمەشتان بەو چوار لایەنە سیاسییە گوتووە؟**

**ئەدهەم بارزانی:** ئەگەر لێرە بە ناڕەوا هێرش بکرێتە سەر بارەگاکانی پارتی، ئەوە هەقی پارتییە بە ڕەوا وەڵام بداتەوە. ڕێگەش نادەین ئەو لایەنانەی خەڵک دەنێرنە سەر بارەگاکانمان، بارەگاکانیان لە سنووری پارتی بمێنن.

**ڕووداو: بارەگاکانتان داوەتە دەست هێزە ئەمنییەکانی سلێمانی بۆ ئەوەی بیپارێزن؟**

**ئەدهەم بارزانی:** نەخێر، ئێمە خۆمان دەیانپارێزین. بە هیچ شێوەیەکیش نایدەینە دەست هیچ هێزێکی ئەمنی، بەڵام ئەرکی سەرشانی هێزە ئەمنییەکانە هاوکاری پارتی بن بۆ پاراستنی بارەگاکانی. ئەگەر نەشیانکرد ئەوە بە کەمتەرخەمی ئەوان لەلای پارتی هەژمار دەکرێت.

**ڕووداو: هیچ دانیشتنێکتان کردووە لەگەڵ مامۆستایانی ناڕازی و توێژە ناڕازییەکان؟**

**ئەدهەم بارزانی:** نا نەمبینیون. خۆ ئەگەر ئەوان بیانەوێ بێن، دەرگای من بۆ ئەوان کراوەیە. تەنانەت ئەگەر بزانم داواکارییەکانیان بەشێوەیەکی یاسایی بگەیەنن، من واز لە پۆستەکەی خۆم دێنم و لەگەڵ ئەوان دەچمە نێو خۆپیشاندەران و داوای مافەکانیان دەکەم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان. بەس لەگەڵ ئەوە نیم کە داواکارییەکانی ئەوان ڕووبەڕووی پارتی بکرێتەوە و بارەگاکانی پارتی بسوتێنرێن.

**ڕووداو: زۆرتر لە کام ناوچەی زۆنی سەوز و نیلی مەترسی هەیە هێرش بکرێتە سەر بارەگاکانتان، بۆ نموونە دەڵێن پارتی مەترسی هەیە لە پشدەر و بیتوێن بارەگاکانی هێرشی بکرێتەسەر، چونکە پەکەکە لە سنووری ئێران نزیکە، ڕەنگە ئەوان هانی خۆپیشاندەران بدەن بێنە سەر بارەگاکانتان؟**

**ئەدهەم بارزانی:** نەخێر ئەوە ڕاست نییە، ئێران وڵاتێکە دۆستی پارتییە. من دوێنێ لەگەڵ ئێرانییەکان دانیشتووم و گوتوویانە بە هیچ شێوەیەک ڕێگە نادەین بارەگاکانی ئێوە ڕووبەڕووی مەترسی ببنەوە و لەگەڵ ئەوەشدا نین ئاراستەی خۆپیشاندانەکان ڕووەو بارەگاکانی ئێوە بێت.

**ڕووداو: دەگوترێ لە پیرمامەوە گشتاندن سەبارەت بە خۆئامادەکردن بۆ ئەگەری هێرشکردنە سەر بارەگاکانتان هاتووە، ئەو گشتاندنە چیی تێدایە بۆ کادیر و لایەنگرانتان لەو ناوچەیە؟**

**ئەدهەم بارزانی:** گشتاندنەکە لەو چوارچێوەیەدایە کە ئێمە لەگەڵ هەر خۆپیشاندانێکین ئەگەر لە چوارچێوەی یاسادا بێت. ئەگەر خۆپیشاندان لە یاسا دەرچوو و بووە ئاڵۆزی بۆ سەر بارەگاکانی پارتی، ڕێنمایی پارتی وا هاتووە بە هیچ شێوەیەک ڕێگە بە کەس نەدەین هێرش بکاتە سەر بارەگاکانمان. پارتیش دەستی کادیر و لایەنگرانی خۆی واڵا کردووە بۆ بەرگریکردن لە خۆیان. من دەپرسم: ئایا ڕەوایە ماڵی تۆ ئاگری تێبەربدرێت و تۆش بێدەنگ بیت؟ بێگومان نەخێر. جارێکی دیکە ڕێگەنادەین هەیبەتی پارتی بشکێت. چونکە هەیبەتی پارتی لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە. باشە بۆ لە خۆپیشاندانێکدا بارەگایەکی حیزبێکی دیکە ناسووتێنرێ، جگە لە پارتی؟ ئەو قسەیە بۆ ئەوە ناکەم بچن بارەگایەکی گۆڕان یان یەکێتی بسووتێنن، بۆئەوەی شەرعیەت بە سووتاندنی 10 بارەگای پارتی بدەن.

هیوادارین چوار حیزبەکە بەڵێنی کۆبوونەوەکەی سلێمانی ببەنەسەر

ئەوەی حیزبەکان بەرامبەر پارتی دەیکەن کارێکی نائەخلاقییە

کەس نازانێت داهاتی پارێزگای سلێمانی چیی لێدێت

زانیاریمان هەیە چ لایەنێک هانی خۆپیشاندەران دەدات

خەڵکی سلێمانی دژی پارتی خۆپیشاندان ناکات

ئەو لایەنانەی خەڵک دەنێرنە سەر بارەگاکانمان، بارەگاکانیان لە سنووری پارتی نامێنن

خۆمان بارەگاکانمان دەپارێزین و نایدەینە دەست هێزە ئەمنییەکان

جارێکی دیکە ڕێگەنادەین هەیبەتی پارتی بشکێت



## پەرلەمانتارانی کوردستان دەچنە مهاباد

**ڕووداو- هەولێر**

وا بڕیارە لە شاری مهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆنفرانسێک بۆ چۆنیەتی ڕووبەڕووبونەوەی بیری توندڕۆیی ساز بکرێت و بۆ ئەو مەبەستەش شاندێکی پەرلەمانی کوردستان بانگهێشتکراون. ئەنەس محەممەد، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ڕۆژی 2016/9/24 شاندێکی پەرلەمانی ئێران بە سەرۆکایەتی جەلال حاجی زادە، سەرۆکی گروپی ئەهلی سوننە کە 20 ئەندامیان لە پەرلەمان هەیە سەردانیان کردوون و بانگهێشتی ئەو کۆنفرانسەیان کردوون و گوتی "ئێمەش ئەو کۆنفرانسەمان بەلاوە گرنگە بۆ چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی گروپە توندڕەوەکانی وەکو داعش و هاوشێوەکانیان".

---

دوای عوبێدی و زێباری نۆرەی جەعفەرییە

# "باڵیۆزخانەی عێراقی فرۆشراوە و باڵیۆز بە سەرخۆشی گیراوە"

عادل نووری، گوتەبێژی لیژنەی دەستپاکی:

### جەعفەری بانگ بکرێت، ئیقالە دەکرێ

شاخەوان عەبدوڵڵا، پەرلەمانتاری پارتی:

### ئەو وەزیرەی بەرتیل نەدات بانگهێشتی دەکەن



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

وابڕیارە وەزیرانی دەرەوە، تەندروستی و کارەبای حکومەتی عێراق بانگهێشتی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بکرێن. گوتەبێژی لیژنەی دەستپاکیش دەڵێت "چەندین دۆسیەم لەسەر وەزیری دەرەوە ئامادەکردووە و لە حاڵەتی بانگهێشتکردنیدا، دڵنیام ئیقالە دەکرێ".

### سێ وەزیر بانگهێشت دەکرێن

ڕۆژی 2016/9/21 پەرلەمانی عێراق بە زۆرینەی دەنگ متمانەی لە هۆشیار زێباری، وەزیری دارایی عێراق وەرگرتەوە. ئێستا هەندێک لە پەرلەمانتاران ئامادەکاری دەکەن بۆئەوەی چەند وەزیرێکی دیکەش بانگهێشتی پەرلەمان بکەن.

ئەحمەد حاجی ڕەشید، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراق، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بڕیارە ئیبراهیم جەعفەری، وەزیری دەرەوە و عەدیلە حەموود، وەزیری تەندروستی و قاسم ئەلفەهداوی، وەزیری کارەبا بەهۆی دۆسیەی گەندەڵییەوە بانگهێشتی پەرلەمان بکرێن.

ئەوەی بە پلە یەک پەرلەمانتاران کاری لەسەردەکەن ئیبراهیم جەعفەرییە، کە جگە لە پۆستە حکومییەکەی، سەرۆکی بزووتنەوەی ئیسلاحیشە. موسەننا ئەمین، ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ڕۆژی 2016/10/6 لەسەر داوای پەرلەمانتار حەنان فەتلاوی، بانگهێشتی ئیبراهیم جەعفەری دەکرێت، بەڵام بانگهێشتەکە تەنیا بۆ پرسیاری شەفەهییە و داوای ڕوونکردنەوەی لێدەکات، نەک لێپرسینەوە.

هەروەها عادل نووری، گوتەبێژی لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی عێراق، بە (ڕووداو)ی گوت کە کۆمەڵێک دۆسیەی لەسەر ئامادە کردووە و دڵنیاشە لەوەی "بەوهۆیەوە ئیقالە دەکرێت" و گوتی "بانگهێشتی من بۆ جەعفەری بەشێوەی ئیستیجوابە و ئەگەر وەڵامەکانی باوەڕپێکراو نەبوون ئیقالە دەکرێت، هەر وەزیرێکیش بە 25 واژۆ ئیقالە دەکرێت، بەڵام دەتوانم زیاتر لە 120 واژۆ کۆبکەمەوە، چونکە بەشێکی زۆری پەرلەمانتاران لەگەڵمدا هاودەنگن".

عادل نووری باسی نێوەڕۆکی دۆسیەکانی کرد و گوتی "دۆسیەم لەلایە کە جەعفەری کەسوکاری خۆی و حیزبەکەی بەشێوەی تەنسیب بۆ وەزارەت گواستووەتەوە. چەندین کەسیشی دامەزراندوون کە بەپێی پێویست و پسپۆڕی نین و بڕوانامەکەیان پەیوەندیی بەو وەزارەتەوە نییە".

چەند دۆسیەیەکی دیکە کە نووری لەسەر جەعفەری کۆیکردوونەتەوە پەیوەندیی بە باڵیۆز و باڵیۆزخانەکانەوە هەیە و دەڵێت "کڕین و فرۆشتن بە باڵەخانەی باڵیۆزخانەکان لە دەرەوە دەکرێت، واتە باڵەخانەکە بە پارەیەکی کەم دەفرۆشرێت و دواتر باڵەخانەکە بە پارەیەکی زۆر گرانتر دەکڕدرێتەوە. جگە لەوەش باڵیۆزخانە هەیە خەریکە دەبێتە باڵیۆزخانەی بنەماڵە".

عادل نووری هەروەها گوتی "باڵیۆز هەبووە بە سەرخۆشی لە یانەکان هاتووەتە دەرەوە و لەسەر شەقام کەوتووە، پۆلیس هەڵیگرتووەتەوە کە زانیویانە باڵیۆزە و پارێزبەندیی هەیە بردوویانەتەوە باڵیۆزخانە، لە جەعفەری دەپرسین ئایا ئاگادارە باڵیۆزەکان بەوشێوەیە هەڵسوکەوت دەکەن؟"

### جەعفەری تێکەڵ و پێکەڵی کردووە

عادل نووری پێیوایە وەزیری دەرەوە بەکەڵکی پۆستەکەی نەماوە "جەعفەری لەڕووی دیپلۆماسی و ئەتەکێتەوە کەموکوڕیی زۆرە، زۆرجار لێدوانەکانی ناتەواون و تووشی نەخۆشی بیرچوونەوە بووە، یەکەم پرسیاریشم ئەوەیە دەڵێم نەخۆشیت یان نا؟"

عادل نموونەی چەند لێدوانێکی جەعفەری دەهێنێتەوە و دەڵێت "لەم ماوەیەدا گوتبووی ڕووباری دیجلە لە ئێرانەوە بۆ عێراق هەڵدەقوڵێت، لەکاتێکدا هەموو کەس دەزانێت ئەو ڕووبارە لە تورکیاوە دێت یان گوتوویەتی دەوڵەتی سعودیە لە ڕۆژئاوای عێراقە، لەکاتێکدا ئوردن لەو سنوورەیە".

بەگوتەی ئەو پەرلەمانتارە، پەرلەمانتارانی جەعفەری ئاگاداری ئەو دۆسیانەن و پێیاناخۆشە بانگ بکرێت و گوتی "زۆر تەکلیف دەکەن بۆئەوەی ڕووبەڕووی ئیستیجوابکردن نەبێتەوە، بۆیە لەو باوەڕەدام جەعفەری ئامادەی دانیشتنی پەرلەمان نەبێت و پێشتر دەست لەکار بکێشێتەوە، چونکە دەرناچێت، بەڵام ئەگەریش ئامادە نەبێت دەیدەمە دادگا".

بەڵام موسەننا ئەمین بێئاگایی خۆیانی لەو ئیستیجوابەی عادل نووری دەربڕی و گوتی "ئاگاداری ئیستیجوابەکەی کاک عادل و ئاگاداری ئەو دۆسیانەش نین تا ئیستیجوابی بکەین".

### "پەرلەمانتار بەرتیل وەردەگرن"

شاخەوان عەبدوڵڵا، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق، دەڵێت ئەو پەرلەمانتارانەی بانگهێشتی وەزیرەکان دەکەن "بەرتیل وەردەگرن".

شاخەوان عەبدوڵڵا بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو پەرلەمانتارانەی داوای بانگهێشتکردنی وەزیرەکان دەکەن، لەلای پەرلەمانتاران بەو کەسانە ناسراون کە داوای بەرتیل لە وەزیرەکان دەکەن، ئەگەر پێیاننەدەن بانگهێشتی پەرلەمانیان دەکەن. بەرپرس هەیە گەندەڵی کردووە، بەڵام لەبەرئەوەی بەرتیلی داوە، بانگهێشتی پەرلەمان نەکراوە".

---

ڕێگەکانی ڕزگارکردنی مووسڵ بە هەولێردا تێدەپەڕن

# پێشمەرگە بۆ شەڕی مووسڵ ئامادەیە

**سیروان عەباس**
**ڕووداو- هەولێر**

کاتی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ تا دێت نزیکتر دەبێتەوە. پێشمەرگە بۆ ئۆپەراسیۆنەکە ئامادەیە، بەرپرسێکی وەزارەتی پێشمەرگەش دەڵێت ئەوان چاوەڕوانی ئامادەبوونی سوپای عێراق دەکەن.

شاندە سەربازییەکانی وڵاتان لە هاتوچۆی بەردەوامدان بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان. لە هەر کۆبوونەوەیەکیش لەگەڵ بەرپرسە سیاسی و سەربازییەکانی عێراق و کوردستان، یەکێک لەو بابەتانەی باسیدەکەن ئۆپەراسیۆنی وەرگرتنەوەی مووسڵە لەدەست داعش.

عارف تەیفوور، بەرپرسی میحوەری خازر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "پێشمەرگە ئامادەیە بۆ بەشداری لە ئۆپەراسیۆنەکە و چاوەڕێی ئامادەبوونی سوپای عێراقن. چونکە ئۆپەراسیۆنەکە بە هاوبەشی لەنێوان سوپای عێراق و پێشمەرگە و هاوپەیمانان بەڕێوەدەچێت".

بە گوتەی ئەو بەرپرسە سەربازییەی کورد، پێشمەرگە تەنیا 28 کیلۆمەتر لە سەنتەری شاری مووسڵەوە دوورە، بەڵام "هەموو ئامادەکارییەکی کردووە".

شەڕی مووسڵ بۆ داعش دەبێتە شەڕی مان و نەمانی فیزیکی لە عێراق. چونکە بە گرتنەوەی مووسڵ ئیدی خۆری داعش لە عێراق بەرەو ئاوابوون دەچێت. بۆیە ڕەنگە داعش هەموو ڕێگەیەک تاقیبکاتەوە بۆئەوەی مووسڵ لەدەستنەدات. یەکێک لەو ئەگەرانەش بەکارهێنانی چەکی کیمیاییە، کە پێشتر چەند جارێک لەدژی پێشمەرگە بەکاریهێناوە.

عارف تەیفوور ئەو ئەگەرەی بەدوور نەزانی و گوتی "زانیاریمان هەیە کە ڕەنگە داعش پەنا بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی ببات. هەرچەندە پێشمەرگە زۆر گرنگی بەو دەنگۆیانە نادات، بەڵام وەک پێشگیرییەک لە هەوڵێکی لەو جۆرە، دەمامک و پێداویستیی تایبەت بۆ ڕێگری لە زیانەکانی چەکی کیمیایی بۆ سەر کۆئەندامی هەناسە و پێست، بەسەر یەکەکاندا دابەشکراون".

### فەرماندەیەکی پێشمەرگە: ئامادەکاریمان کردووە بۆ هێرشی کیمیایی داعش

### وەزارەتی پێشمەرگە: سەربازییەکان ئامادەین، سیاسییەکان ماون

### کۆنترۆڵەکە بە دەست پێشمەرگەوەیە

"ئامادەیی هێزی پێشمەرگە بۆ ئۆپەراسیۆنی مووسڵ، بە ئەمریکا و عێراق و وڵاتانی نێو هاوپەیمانێتی دژ بە داعش ڕاگەیەندراوە"، ئەمە گوتەی بریکاری وەزارەتی پێشمەرگەیە. ئەنوەر حاجی عوسمان، بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە، بە (ڕووداو)ی گوت "ئاماکارییە سەربازییەکان لەلای ئێمە تەواوبوون، بەڵام ئامادەکارییە سیاسییەکان ماون. سەبارەت بە چۆنییەتیی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ، ئەگەر ڕێککەوتن بکرێت، بەدڵنیاییەوە پێشمەرگە دەتوانێت ئۆپەراسیۆنەکە دەستپێبکات".

ئەنوەر حاجی عوسمان باسی ڕێگەکانی چوونە نێو مووسڵ دەکات و دەڵێت: "سەرجەم ڕێگەکانی چوونە نێو مووسڵ بەدەست پێشمەرگەوەیە. سوپای عێراقیش ئەوەندەی پشتی بە ڕێگەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە بەستووە، هێندە بە باشووری مووسڵ نەیبەستووە. ئەو ڕێگانەی لەدەست پێشمەرگەدان ڕێگەی باشن و زۆربەیان قیرن و دەتوانرێ هێزی پشتیوانی و کەلوپەلی پێدا بگوازرێتەوە. وەک ڕێگەکانی دهۆک، کەسکێ، شنگال، خازر، گوێڕ و بەردەڕەش بەرەو مووسڵ". بەگوتەی ئەنوەر حاجی عوسمان، جگە لەو ڕێگەیانە، ئەو بەرزاییانەش کە بەسەر مووسڵدا دەڕوانن، بەدەست پێشمەرگەوەن.

بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە دەڵێت بەکارهێنانی شوێن و ڕێگەکانی سنووری دەسەڵاتی پێشمەرگە بە هەماهەنگی و ڕێککەوتن لەگەڵ هاوپەیمانان و عێراق دەبێت. بۆ ڕێککەوتنەکەش هەنگاوی باش نراوە، بەڵام مەرجی تێدایە.

ئەنوەری حاجی عوسمان چەند مەرجێکی پێشمەرگە بۆ سوپای عێراقی ئاشکرادەکات و دەڵێت "دەبێ دوای کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ سەرجەم هێزەکانیان لە خاکی کوردستان بچنە دەرەوە و چەک و تەقەمەنییەکانیشیان بکشێننەوە. هەروەها ئەگەر حەشدی شەعبیش بەشداریی ئۆپەراسیۆنەکەی کرد لەڕێگەی کوردستانەوە نەبێت".

### پێشمەرگە میلانۆی دەوێ

سەرپەرشتیاری میحوەرەکانی گوێڕ-مەخمووری پێشمەرگە دەڵێت: "هەرچەندە هەفتانە ژووری عەمەلیاتی هاوبەش کۆدەبنەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا پلانی کۆتایی بۆ شەڕی مووسڵ ڕانەگەیەندراوە. تەنیا پردێکی سەفەری بۆ پەڕینەوە لە زێی گوێڕەوە بەرەو مووسڵ ئامادەکراوە، وەک ئامادەکارییەک بۆ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکە.

لیوا سیروان بارزانی، سەرپەرشتیاری میحوەرەکانی گوێڕ-مەخموور، بە (ڕووداو)ی گوت "بۆ شەڕی مووسڵ هیچ چەکێکی نوێ بۆ پێشمەرگە نەهاتووە، بەڵام داواکراوە و چاوەڕێی گەیشتنی دەکەین. بەتایبەتی چەکی میلانۆ کە چەکێکی کاریگەرە و هەموو جۆرە ئۆتۆمبێلێکی گوللەنەبڕ تێکدەشکێنێ. چونکە ئەگەری ئەوە هەیە کە هێرشە خۆکوژییەکانی داعش لەکاتی ئۆپەراسیۆنەکەدا زیاتربین". بارزانی لەو باوەڕەدایە کە داعش چەندین ڕێگە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە بەکاربهێنێ، لەوانە هەڵکەندنی خەندەق، ئاگرکردنەوە، بۆمبی چێنراو و قەڵغانی مرۆیی "تەنیا قەڵغانی مرۆیی کاریگەری دەبێ، چونکە پێشمەرگە و سوپای عێراق و هاوپەیمانانیش نایانەوێ خەڵکی سیڤیل لەو ئۆپەراسیۆنەدا ببنە قوربانی، کە ئێستا نزیکەی یەک ملیۆن و 500 هەزار کەس لە مووسڵدا دەژین".



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

---

خەڵک ڕۆژانە سەردانی دەکەن

# داعش لە دهۆک دەچێتە مۆزەخانەوە

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

نزیکەی 500 پارچە کەلوپەلی پاشماوەی شەڕی داعش لەلایەن بەشی ئەندازیاریی هێزی پشتیوانیی یەکی پێشمەرگە لە دهۆک کۆکراونەتەوە و مۆزەخانەیەکیان بۆ دروستکراوە. سەرپەرشتیارێکی مۆزەخانەکەش دەڵێت "ئامانجمان لەو مۆزەخانەیە ئەوەیە کە قارەمانیی پێشمەرگە پیشانی جیهان و نەوەی داهاتوو بدەین".

ڕائید مەهدی حوسێن، فەرماندە لە بەشی ئەندازیاریی هێزی پشتیوانی یەک، باسی بیرۆکەی دروستکردنی ئەو مۆزەخانەیە دەکات و دەڵێت "هەر لە یەکەم هێرشی پێشمەرگەدا بەشێک لەو پاشماوانەمان هەڵگرتن، سەرەتا بۆ ئەوە بوو کە پیشانی پێشمەرگەی بدەین بۆئەوەی زانیاری لەسەر جۆری تەقەمەنییەکان و خۆپاراستن لێیان وەربگرن، بەڵام تا دەهات کەلوپەل و تەقەمەنییەکان زۆرتر دەبوون. بۆیە لە هۆڵ داماننان و وردە وردە ڕێکمانخستن".

بەردەوام تیمی سەربازیی هێزەکانی هاوپەیمانان سەردانی ئەو مۆزەخانەیە دەکەن، حوسێن مەهدی دەڵێ "تیمی زۆر وڵاتی هاوپەیمانی دژی داعش سەردانمان دەکەن، بەڵام لەسەرەتای ئەمساڵ تیمێکی فەرەنسی کە شارەزان لە بواری مۆزەخانەکانی سەربازی سەردانی ئێمەیان کرد، ئێستا تیمەکە هەفتانە سەردانمان دەکەن و زانیاریمان لەسەر چۆنیەتی ڕێکخستنی مۆزەخانەکە دەدەنێ". گوتیشی "ئێستا هۆڵێکی تایبەتمان دروستکردووە، بەسەرپەرشتی ئەوان هەموو ئەو کەلوپەل و پاشماوانە بە جیاجیا پیشاندەدەین و ناو و زانیاری لەسەر پاشماوەکان دەنووسین".

ئەو فەرماندەیەی پێشمەرگە دەڵێت مۆزەخانەکە بەجۆرێک ڕێکدەخەن، کە لەئاست مۆزەخانە سەربازییەکانی جیهاندا بێت، "بۆئەوەی هەرکەسێک سەردانیکرد، زۆر بەئاسانی قارەمانێتیی پێشمەرگەی بۆ دەربکەوێ".

ئیدریس محەمەد، کە یەکێکە لە سەرپەرشتیارانی مۆزەخانەکە، باسی جۆری ئەو کەرەستانە دەکات کە لە مۆزەخانەکەدا هەن و دەڵێت "زۆربەیان تەقەمەنین، چونکە ئەوان هەموو شتێکیان هەر کردووەتە تەقەمەنی، مۆزەخانەکە یاریی منداڵانی تێدایە کە پڕکراوە لە تی ئێن تی. هەروەها جلوبەرگ، نووسینەکانیان، تێنووسی تایبەت بە یادگارییەکانیان، پەرتووکی یاسای شەڕ، نامەکانیان، مۆبایلەکانیان و زۆر شتی دیکە". گوتیشی "هەندێک لەو کەرەستانەی لەبەردەستی ئێمەن، کۆدی نهێنیی داعشن و ناکرێ ئێستا نمایشیان بکەین، بەڵام دوای نەمانی داعش نمایشیان دەکەین".

ئیدریس محەمەد داوا لە پێشمەرگە و هاووڵاتیانی کوردستان دەکات هەر پاشماوەیەکی داعشیان لەلایە بیدەنە ئەوان بۆئەوەی لە مۆزەخانەکە دایبنێن، "هەر هاووڵاتییەک یان پێشمەرگەیەک هەر شتێکی داعش هەبێ و بیهێنێ بۆ ئێمە، ئەگەر شتێکی سادەش بێ بۆ ئێمە گرنگە". ئیدریس لەو باوەڕەدایە دوای شەڕی مووسڵ کەلوپەلی زیاتری داعش دەکەوێتە دەست پێشمەرگە و مۆزەخانەکەیان دەوڵەمەندتر دەبێ".

مەلا کرێکار بۆ (ڕووداو):

# دەوڵەت لە کووڕانی هەولێریش ڕابگەیەندرێت پشتیوانیی دەکەم



مەلا کرێکار، ئەمیری پێشووی گرووپی ئەنسارولئیسلام، کە ئێستا لە وڵاتی نەرویج نیشتەجێیە، بەردەوام دەرکەوتنە میدیاییەکانی کاردانەوەی زۆریان بەدواوەیە. لەدوای ئازادکردنی لە ڕۆژی 17/3/2016، لەلایەن دادگای نەرویجییەوە، بۆ یەکەمجار لەڕێگەی (ڕووداو)ەوە لە میدیادا دەردەکەوێتەوە. مەلا کرێکار لەم هەڤپەیڤینەدا پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان دەکات و هێرشی توندیش دەکاتە سەر ئێران.

هەڤپەیڤین: مەحموود یاسین کوردی

### وا بڕوات پشتگیری لە گۆڕان ناکەم

### ئێران زۆنی سەوزی ئیستیعمارکردووە و سەرکردەکانی کردووەتە شیعە

### کوردستان دارولکوفرە بەڵام خەڵکەکەی موسڵمانە

### دەسەڵات وەربگرین شەقێک لە عەلمانییەت دەدەین

### ئەگەر خاوەنی هێزێکی جیهادی بوومایە وام بەرامبەر ئێزدییەکان نەدەکرد

**ڕووداو: ژیان و گوزەرانت، دوای زنجیرەیەک دادگاییکردن لە نەرویج، چۆنە؟**

**مەلا کرێکار:** بەناوی خوای بەخشندە و دلۆڤان، سڵاو و درووودیش بۆ پەیامبەری خوا. چاوەڕێی دادگای تێهەڵچوونەوەی دووەمم لە نەرویج. ئەمەش دوای ئەوەی کە دادگای ئاستی یەکەم بڕیاری ڕادەستکردنەوەی منی بە ئیتاڵیا دا. 6 مانگە بێدەنگن، بەڵام بڕواناکەم بەڵگەیان هەبێت. نەرویج وڵاتی یاسایە، سیاسییەکانیش تا بەڵگەیەکی یاساییان نەبێ، ناتوانن هیچ بکەن.

**ڕووداو: لەسەرچی دەیانەوێ بتنێرنەوە ئیتاڵیا؟**

**مەلا کرێکار:** هەموو بابەتەکە ئەوەیە کە گەنجێکی کورد یارمەتیی گەنجێکی کۆسۆڤۆیی داوە بۆئەوەی بچێتە سووریا. موخابەراتی ئیتاڵیش چاودێرییان کردووە و وێنەی چوون و گەڕانەوە و پەیوەندی دەنگی نێوانیان تۆمارکردووە. دوای لێکۆڵینەوە، دەرکەوتووە کە ئەو گەنجە کوردە وێنەی لەگەڵ من گرتووە. وەزیرێکی نەرویجی سەردانی ئیتاڵیای کردبوو و ئەم مەلەفەی دروستکرد، کە گوایە گرووپێکی تیرۆریستی دروستکراوە. ڕفاندن و ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی بووە باڵۆنێکی میدیایی. تۆمەتی سەیروسەمەرەی تێدابوو کە گوایە من لە زیندانەوە بە سکایپ گرووپم لە ئیتاڵیا دروستکردبێت.

### ئێران مانگانە یەک ملیار دۆلاری لە ناوچەی سەوز دەستدەکەوێت

### 61 جار لە سەر 40 تۆمەتی جیا دراومەتە دادگا

### بڕیاری ڕادەستکردنم بە ئیتاڵیا دەرچووە

**ڕووداو: گومانت هەیە سی ئای ئەی ئەمریکی لەپشت ڕووداوەکانەوە بێت؟**

**مەلا کرێکار:** بڕواناکەم ئەمریکا لەپشت ئەو کەیسەوە بێت. ئەمریکا تەنیا ئەوکاتە هاتە نێو کەیسەکە کە ویستی بابەتی من بکاتە هۆکارێک بۆ داگیرکردنی عێراق. ئەمریکا دەمێکە وازی لە من هێناوە، بەڵام سیاسەتمەدارانی نەرویج شەرمدەکەن دان بە هەڵەکانیاندا بنێن، کە ماوەی 14 ساڵە من لە هەموو مافێک بێبەشکراوم. 61 جار لەسەر 40 تۆمەتی جیا دراومەتە دادگا. ئەم بابەتە کات و خەرجییەکی زۆری ویستووە، بەبێئەوەی هیچ ئەنجامێکی هەبووبێت.

**ڕووداو: مادام دۆخی ژیانت لە نەرویج بەوشێوەیەیە، بۆ هەوڵی گەڕانەوەت نەداوە بۆ کوردستان؟**

**مەلا کرێکار:** وەک پەنابەر لەڕێگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هاتوومەتە نەرویج. دەبێت بە ڕێگەی یاساییش بچمە دەرەوە. دوای هەڵبەستنی ئەو هەموو زنجیر و تاوێرەبەردانە بە قاچ و پەڕوباڵمدا و ناوم لە لیستی تیرۆردایە، گەڕانەوە ئاسان نییە. بە ڕێگەی یاساییدا هاتووم و بە ڕێگەی یاساییشدا لە نەرویج دەچمە دەرەوە.

**ڕووداو: لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان قسەت نەکردووە بۆ گەڕانەوەت؟**

**مەلا کرێکار:** من کێشەم لەگەڵ هیچ حیزب و لایەنێک نییە. زۆربەی دۆست و خزم و ئەحبابی من هەن کە پارتین، بەشێکیش یەکێتی و گۆڕانن، هەوڵیانداوە و هەندێک کوردی ئێرانیش هەوڵیانداوە، بەڵام هیچ شتێک لەوبارەیەوە نییە جارێ.

**ڕووداو: ئەگەر گەڕایتەوە، بۆ سەلامەتیی تۆ کام شوێن باشترە بۆ گەڕانەوە، واتە دەگەڕێیتەوە هەولێر یان سلێمانی؟**

**مەلا کرێکار:** ئەگەر بێمەوە، دەگەڕێمەوە سلێمانی. من هەر لە سلێمانی بووم و کاریگەریشم هەر لەوێ زیاترە. ئەگەر هیچ سیفەتێکم نەبێت، حەزدەکەم وەک مامۆستایەکی زانکۆ یان سەنتەرێکی شیکاریی سیاسی دروستبکەم. ئەگەر دوور لە سیاسەت بژیم، حەزدەکەم لە سلێمانی بم.

**ڕووداو: ئەی کێشە یاساییەکانی تۆ چین لەگەڵ حیزبەکانی کوردستان؟**

**مەلا کرێکار:** هیچ کێشەیەکم لەگەڵ پارتی و حیزبەکانی دیکە نییە. 3 بەرپرسی گەورەی پارتی، کە یەکێکیان هۆشیار زێباری بوو، ڕایگەیاند ئەوان هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ من نییە. نە سکاڵا نە گلەیی لە لایەنی پارتییەوە لەسەر من نییە. دەربارەی یەکێتیش، کە باسی خێڵی حەمە دەکەن، من بێمنەتم و ئامادەم بۆ دادگایەکی عادیلانە. موخابەراتی 10 وڵات لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردووم و چەندین بەڵگە و فیلمیان هێناوە، کەچی هیچیان دەستنەکەوتووە. کێ شتێکی لەسەر من هەیە، ئەوە ئەرز و ئەوە گەز. بۆ یەکێتیش دێمەوە سلێمانی، ئەگەر ڕاستدەکات کام دادگا و کام شوێنی پێ باشە، دێمە ئەوێ، بەڵام دادگای مرۆڤم بۆ دابنێت نەک دارستان.

**ڕووداو: تۆ مەرجت دانابوو بۆ ئەو دادوەرەی دادگاییت دەکات؟**

**مەلا کرێکار:** نا بەوشێوەیە نەبوو. لە وڵاتێکدا کە یاسا حوکم بکات، تۆمەتبار ناتوانێ دادوەر دەستنیشان بکات. من گوتم با حاکم ڕزگار دادگاییم بکات، کە دادوەرێکی بەڕێزە و سەددامی دادگاییکرد، با منیش دادگایی بکات، کە بە بەڕێزەوە گوێ لە داواکار و داوالێکراو دەگرێت. لە دادگای نەرویجیش لەسەر خێڵی حەمە پرسیارم لێکراوە، دوور لەڕووی تۆ ئەمانە هەمووی درۆ و دەلەسەن و ترسی شەڕی فیکرین. ئەوانەی ناکۆکیی سیاسییان لەگەڵ من هەیە، لە زمان و فیکر و ڕابردوو و ئەخلاقم دەترسن. بۆیە ئەو تۆمەتانەم بۆ دروستدەکەن.

**ڕووداو: ماوەیەک پێش ئێستا ڕەوتی شاخت دروستکرد، ئەو ڕەوتە چییە؟**

**مەلا کرێکار:** ڕەوتی شاخ قوتابخانەیەکی فیکری و سیاسی و ئوسوڵییە. دەمەوێ بۆ ئەو کەسانەی بڕوایان بە فیکری من هەیە یان لەدوای مردنم بڕوایان پێی هەیە، کۆمەڵێک دروست ببێت کە بڕیار لەسەر ئەو پڕۆگرام و قوتابخانە فیکرییە بدەن کە ئایا چی بکەن؟ جا ئەوان ئازادن کە دەیکەنە حیزب و ڕێکخراو. دەمەوێ ئەزموونی خۆم بنووسمەوە و بیکەمە بناخەیەکی فیکری، هەروەکو مارکس و سەید قوتب، کە لەدوای مردنم خەڵک زیاتر لە دید و تێڕوانینەکانم کۆدەبنەوە. ئەوکات دەتوانن بزووتنەوەیەک دروستبکەن و گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا دروستبکەن.

**ڕووداو: کەواتە جووڵانەوەی سیاسی و ڕێکخستن نییە؟**

**مەلا کرێکار:** نەخێر، مەکتەب سیاسی و ئەندام شوورامان نییە. هیچکەس لەنێو ڕەوتی شاخدا پلەدار نییە. وەک گوتم بناغەی قوتابخانەیەکی فیکرییە. لە ڕەوتی شاخ نە کەس ئەمیرە نە کەس مەئموورە. دەمەوێ خەڵک لە بواری فیکرییەکەدا قاڵبێتەوە. بۆنموونە 500 کەس بڕوای بەو فیکرە هێنا، 50 کەسیان وەکو دامەزرێنەر تاوتوێی پەیڕەو و پڕگرامەکە دەکەن. وەک گوتوومانە لە هەولێر یان تورکیا کۆنگرە ببەستین ئەو 50 کەسە پەیڕەوەکە پەسەنددەکەن و بڕیاردەدەن ببنە حیزب یان گرووپی فشار یان هەر شتێکی دیکە، یان وەکو ڕەوتی سەدر و زانایانی سعودیە یان وەک سیستانی یان هەر کۆمەڵەیەکی دیکە، بەڵام نەک شانەی حیزبایەتی لەنێو خەڵکدا.

**ڕووداو: لە بواری فیکریدا هیچ گۆڕانکارییەک لە فیکری تۆدا ڕوویداوە؟ قەناعەتت بە جیهاد لە کوردستان ماوە؟**

**مەلا کرێکار:** ئێمە بڕوامان بە ئیسلام هەیە. ئیسلامیش عەقیدە و شەریعەیە، لەنێویشیدا جیهادە. بەلامانەوە کوردستان دارولکوفرە. بەلامانەوە زۆربەی ئەو یاسایانەی لە کوردستان جێبەجێ دەکرێن کوفرین. پێویستە گۆڕانکاریی تێدابکرێت. ئێمە ناکەوینە شەڕەتۆپ لەگەڵ ئەم خەڵکە، بەڵکو شەڕی فیکری دەکەین و بەڵگەکانی خۆمان دەخەینەڕوو. کوردستان دارولکوفرە بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نییە کە خەڵکەکەی کافرە، بەڵکو موسڵمانن.

**ڕووداو: بەڵام هەستناکەی ناوبردنی کوردستان بە دارولکوفر هانی گەنجێکی کەمئەزموون بدات بەرەو توندئاژۆیی بڕوات؟**

**مەلا کرێکار:** نا، خۆ پێغەمبەر (د.خ) لە مەککە بوو دەعوە و بەلاغی خۆی دەکرد. خۆ مەککە دارولکوفریش بوو. ئەمە شەڕی بڕوا و فیکرە. کەسی لەسەر کوشتنی کەس هاننەدا. ئەگەر بۆمان کرا، ئیسلام جێبەجێ دەکەین. ئەگەرنا هیجرەت دەکەین.

**ڕووداو: ئەی ئەگەر دەسەڵاتتان وەرگرت؟**

**مەلا کرێکار:** دەسەڵات زۆری ماوە، بێگومان ئەگەر دەسەڵات وەربگرین، ئیسلام جێبەجێ دەکەین. شەقێک لەو عەلمانییەتە هەڵدەدەین کە هەموو بەهایەکی کوردیی ڕووخاند. بڕوامان بە مرۆڤایەتی هەیە. من دەزانم سنووری ئازادیی من لەوێ کۆتایی دێت کە ئازادی تۆ دەستپێدەکات. باشترە بڵێن ململانێی فیکری، بەڵام ئەگەر بگاتە ئاستی دەستشکاندنەوە ئێمەش دەوەستەوەستان نابین. ڕێگە نادەین بێن یەک بە یەک بمانکوژن. ئەوکاتە ئێمەش دەست دەشکێنینەوە.

**ڕووداو: لەماوەی ڕابردوودا چەند چەکدارێک لە ناوچەی سەنگاو لەگەڵ هێزێکی دژە تیرۆر تووشی ڕووبەڕووبوونەوە بوون. دەڵێن ئەو گەنجانە پێشتر ئەنسار بوون و لە ئەورووپاش بوون. تۆ هیچ زانیارییەکت هەیە لە سەریان؟**

**مەلا کرێکار:** بەخوا برای بەڕێزم ئەو ڕووداوەی سەنگاو، فشەی مەحموود سەنگاوی بوو. شانۆگەری و ناکۆکیی نێوان خۆیان بوو و ویستیان شتێک دروستبکەن. برا لەو زەوییەدا خەڵک چۆن 4 چەکدار بە کلاشینکۆفێکەوە دەنێرێتە ئەو ناوچەیە؟ خۆ خەڵک بۆ ڕاوە بەرازیش بەمشێوەیە ناڕوات.

**ڕووداو: چۆن داعش پێناسە دەکەیت؟**

**مەلا کرێکار:** بەکورتی ئەمانە کۆمەڵەیەکی جیهادین وەکو هەر کۆمەڵەیەکی دیکە لە شام و عێراق ئیشدەکەن. ئەمیری خۆیان هەیە. نە بەیعەتی ئەوان کەس پابەنددەکات نە ناونانی ئەوان وەکو خەلافەتی ئیسلامی دەیانکاتە خەلیفە و خەلافەت. بەڵکو کۆمەڵەیەکی جیهادی و ئیسلامین.

ئێستا هەموو خەڵک باسی دابەشکردنی میراتی مووسڵ دەکات. بەڕاستی بەدەردی هەولێری دەڵێن فشەم پێی دێت. ناتۆ بەو هەموو هێزەیەوە نەیتوانی تاڵیبانێکی داماو لەنێوببات، کە لەچاو عەرەب نەخوێندەوارە. بەخوا براکەم شەڕی مووسڵ خۆتڕێنە. فەرموون ئەوە ئەرز و ئەوە گەز، مەگەر مووسڵ لەگەڵ زەوی تەخت بکرێت ئینجا شەڕی کوڵان بە کوڵانی بەرامبەر دروستدەبێتەوە.

**ڕووداو: تێبینیت لەسەر داعش چییە؟**

**مەلا کرێکار:** تێبینیم هەیە لەسەر دید و تێڕوانینیان. تێبینیم هەیە لەسەر کوشتن و دەستوالاکردنێکی زۆریان لە خوێنڕشتن. بەڵێ تێبینم هەیە لەسەریان.

**ڕووداو: ئەی ئەوەی بە کوردانی ئێزدی کرا، چۆن هەڵیدەسەنگێنی؟**

**مەلا کرێکار:** من هیچی لەبارەوە نازانم. ئەوەی دەیبیستم تەنیا لە لایەنی بەرامبەرە. هەروەک شانۆی ئیمام حوسێن و سەیدە زەینەب، کە بە زنجیرکراوی و دەستبەستراوی دەیانبەنە شام. ئێزدییەکانیش وادەبینم و دەیانبەن و دەیانفرۆشن. من وردەکارییەکەی نازانم و ناتوانم حوکمی شەرعی بدەم، بەڵام ئەگەر من خاوەنی هێزێکی جیهادی بوومایە، وام بەرامبەر ئێزدییەکان نەدەکرد کە تەنزیمی دەوڵە کردی. چونکە ئێمە خاوەنی هێز و ناوچەیەکی نفوزی زۆریش بووین لە هەڵەبجە، واشمان بەرامبەر هاوشێوەی ئێزدییەکان لە هەڵەبجە نەکرد.

**ڕووداو: ڕات چییە سەبارەت بە نزیکبوونەوەی ئیسلامییەکانی کوردستان لەیەکدی؟**

**مەلا کرێکار:** بڕوام بەوە نییە ببنە یەک حیزب. چونکە کۆمەڵ باڵی ئێرانە و ژمارەی ئەوانە، یەکگرتوو ئیخوانە و هەریەکەو دید و تێڕوانینی جیاوازی خۆی هەیە. بزووتنەوەی ئیسلامیش جیاوازە. دەشێت ئیسلامییەکان لە یەک بەرەدا لە هەڵبژاردنەکان ڕێکبکەون و لەسەر کورسی و بابەتە دونیاییەکان ڕێکبکەون. هەروەک بەرەی ئیسلامی لە زۆر وڵاتی دیکەی وەکو ئوردن و ئەندەنووسیا هەیە، بەڵام ببنە یەک حیزب، بڕواناکەم ئەمە ڕووبدات و زەحمەتە.

ئەو سێ حیزبە بەرژەوەندییەکی وایان بەیەکەوە نییە تا ببنە یەک. یەکگرتوو دوورتر بیردەکاتەوە. کۆمەڵ بڕیاری سیاسیی 100% بەدەست خۆی نییە و سەر بە ئێرانە. جگە لەوەش دیوارێکی ئەستووری نەفسی لەنێوان بزووتنەوە و کۆمەڵ هەیە و ئاسان نییە.

**ڕووداو: هەستناکەی ئەو قسانەی تۆ لە سەر کۆمەڵ قورسە؟**

**مەلا کرێکار:** چۆن گومانم لە ناوی خۆم نییە ئاواش گومانم نییە کۆمەڵ سەر بە ئێرانە. برای بەڕێزم من و مامۆستا عەلی باپیر 34 ساڵە یەکتر دەناسین. دەزانین چ ئاغایەکی حوشتری لەودیو پێشوازی لێکردووە و چ ئاغایەکی تیمساحی هاتووەتە لای.

**ڕووداو: لە ساڵی 2009 پشتگیریی گۆڕانت کرد، ئێستا هەمان بۆچوونت هەیە؟**

**مەلا کرێکار:** ئەوکات گۆڕان پڕۆژەیەکی هەبوو، بەڵام ئێستا گۆڕان لەبەرچاوم لێڵ بووە. نازانم پووکاوەتەوە یان بەربەستەکانی قورس بوون یان کەوتە بەر فشارە دەرەکییەکان. بۆیە نازانم بۆ وایلێهاتووە. سەبرێکم لێبگرە، ئەگەر گۆڕان چووبێتەوە نێو یەکێتی، ئاخیر عەمەلیاتی کوردایەتیی کردووە.

**ڕووداو: بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو پشتگیریان دەکەی؟**

**مەلا کرێکار:** ئاوا بڕوا تەسەوڕ ناکەم.

**ڕووداو: دۆخی کوردستان چیی لێدێت؟**

**مەلا کرێکار:** بەرەو خراپتر دەڕوات. چونکە بە گیانێک مامەڵەیان لەگەڵ یەکدی نەکرد، کە وەک یەک نیشتمان سەیری کوردستان بکەن. 25 ساڵ ئەزموونێکی زۆرە، 7 حیزب لە گامبیا هەن. گامبیا هێندەی گەڕەکی کووڕانی هەولێر و کارێزەوشکی سلێمانییە. لەم وڵاتە داماوەی ئێمەدا سیستم نەماوە و کەس نازانێ چییە.

### کانتۆنە کوردییەکانی سووریا ئایندەیان نابێت

### 3 سەرکردەی پارتی ڕایانگەیاندووە کێشەیان لەگەڵ من نییە

**ڕووداو: پەیوەندیی هەرێمی کوردستان و عێراق چۆن دەبینیت؟**

**مەلا کرێکار:** ئینشائەڵڵا سبەی لە عێراق جیادەبنەوە. ئەم هەفتەیە ئیعلانی دەوڵەت بکرێت سبەی پیرۆزبایی دەنووسم. پشتگیری هەموو جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق دەکەم. لە ساڵی 1921 بەزۆر ئێمەیان کردە بەشێک لەو دەوڵەتە فاشیلە. یەکەمجار عێراق فڕۆکەی کڕی، کورد و سلێمانییان پێ بۆمبارانکرد. ئەڕێوەڵڵا گەڕەکی کووڕانی هەولێر جیابکەنەوە و بیکەنە دەوڵەت، پشتگیریی دەکەم. کاتێک مۆریتانیا بووە دەوڵەت، بڕوابکە باڵەخانەیەکی چەند قاتیان دەستنەدەکەوت ئاڵاکەی تێدا هەڵبدەن.

**ڕووداو: پشتگیری لە ئەنجامدانی گشتپرسی دەکەی؟**

**مەلا کرێکار:** دەرفەتەکەیان لەدەستدا. خەڵک بڕوای بەم حیزبانە نەماوە. یەکێتی ئیتیحادی قەزافی دروستدەکات. پارتی سیستمێکی مەلەکیی دەستووری دروستدەکات و دەبێتە سەرەتان وەکو ئالی سعوود، لێی نایەتە خوارەوە. دەوڵەت پەیوەندیی بە ئێمەی داماوەوە نییە. تەیمووری ڕۆژهەڵات چ بوو کردیانە دەوڵەت؟ کە ملیۆن کەس نەبوو. حامید حەواتی، سەرکردەیەکی نیشتمانی ئەریتیریا بوو، وەکو مەلا مستەفا لە 1961 هەر دوولا شۆڕشیانکرد. کەچی ساڵی 1994 ئەریتیریا بووە دەوڵەت، ئێمەش لە ساڵی 1994 لە کەسنەزانەوە تۆپ ئاراستەی هەولێر دەکرا لە هەولێرەوە مووشەک ئاراستەی کەسنەزان دەکرا. لەلایەک ئاغای کەبەری بوو لەلایەکی دیکە ئاغای حوشتری بوو. ئێران لە هەردوولاوە بووە و ئەم وڵاتەی کاولکرد.

**ڕووداو: بۆچی وا لە سەر ئێرانییەکان توندی؟ خۆ تورکیاش دەست لە کاروباری ناوخۆی باشوور وەردەدات؟**

**مەلا کرێکار:** ئێرانییەکان وەک تورکیا نین. تورکیا و پارتی پەیوەندییان هەیە، بەڵام میت نەهاتووەتە نێو هەموو گیانی پارتی، بەڵام ئێران بە مانای وشە ئیستیعماری ناوچەی سەوز دەکات. سەرکردەکانی زۆنی سەوزی کردووەتە شیعە. مانگانە یەک ملیار دۆلاری لەو ناوچەیە دەستدەکەوێت. ئێران شەڕی بوون و نەبوونمان دەکات. تەماتەی جووتیارێکی کورد پێدەگات، کەچی ئەو، هەموو بەرهەمەکانی خۆی دەنێرێتە کوردستان. جگە لەوەی زبڵەکانی خۆی لە ناوچەی پێنجوێن خستووەتە ژێر زەوی.

**ڕووداو: خوێندنەوەت بۆ کانتۆنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان چییە؟**

**مەلا کرێکار:** خوێندنەوەم بۆ سووریا ئەوەیە کە سووریا دابەش دەکرێت. دەوڵەتێک لە تەرتووس بۆ شیعەکان دروستدەکەن. ئێستا ئێران زەوی و زاری زەبەبادنی دەکرێت. ڕێککەوتن لەگەڵ کۆمەڵە جیهادییەکان دەکات تا شیعەی ناوچەکانی دیکە بهێنێتە ئەو ناوچانە نیشتەجێیان بکات تا لە بانیاس بۆ تەڕتووس و تاوەکو لوبنان بیکەنە دەوڵەتێکی عەلەوی. هەروەها بە لوبنانەوە بیبەستنەوە و حیزبوڵڵا بپارێزن. سوننەکانیش دەبنە دەوڵەت. هەرچی کوردە بڕوا ناکەم ببێتە دەوڵەت و چارەنووسی دیارنییە. چونکە لایەنەکانی سووریا بەرژەوەندییان زیاتر لەگەڵ تورکیایە. ئەوانیش دژی دروستبوونی کیانێکی کوردین، کە کاریگەریی لە سەر کوردستانی تورکیا هەبێت.

### وەزیری بەرگریی بەریتانیا بۆ (رووداو):

# 100 هەزار پارچە چەکی وڵاتانی دیکەمان گەیاندووەتە کوردستان

دوو هەفتەی رابردوو، هەفتەی ترافیکی شاندە سەربازی و دیپلۆماسییەکانی وڵاتان بوون بۆ باشووری کوردستان. هێشتا سەردانی ئەنتۆنی بلینکن، جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کوردستان رۆژەڤی میدیاکان بوو، کەچی مایکڵ فالن، وەزیری بەرگریی بەریتانیاش گەیشتە هەولێر. هەمان ئەو رۆژەی کە وەزیری بەرگریی بەریتانیا پیرمام-ی بەجێدەهێشت، ئۆرسولا ڤۆن دێر لاین، وەزیری بەرگریی ئەڵمانیاش گەیشتە هەولێر. بەدوای ئەویشدا شاندێکی فەرماندەیی هێزەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقیا (سێنتکۆم) گەیشتنە پیرمام. مایکڵ فالن بەرلەوەی سواری فڕۆکەکەی بێت، لە بەشی VIPی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر، لەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ (رووداو) ئاشکرایکرد ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی مووسڵ چەند هەفتەیەکی دیکە دەستپێدەکات. سەبارەت بە شێوازی بەشداریی بەریتانیاش لەو شەڕەدا ئاماژە بەوە دەکات کە هێزی زەمینیی بەریتانی لە شەڕەدا بەشدارنابن و تەنیا هێزی ئاسمانی بەشداری دەکەن.

هەڤپەیڤین: سەنگەر عەبدولڕەحمان و رێبوار قاسم
رووداو - هەولێر



**رووداو: لەماوەی دوو هەفتەی رابردوودا سەرەکیترین هاوپەیمانەکانی کورد لە جەنگی دژی داعش سەردانی هەولێریان کرد، هەفتەی پێشوو شاندێکی باڵای ئەمریکی لە کوردستان بوون، ئەمڕۆش ئێوە لێرە بوون. ئامانجی سەردانەکەتان چی بوو؟**

**مایکڵ فالن:** وەک هاوبەشەکانی دیکەمان لە هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتی، بەسەرکردایەتیی ئەمریکا، ئێمەش لە جەنگی دژی داعش شان بە شانی هێزە عێراقییەکان و هێزە کوردییەکان دەوەستین. جەنگی دژی داعش گەیشتووەتە قۆناغێکی هەستیار و خەریکی دانانی پلانین بۆ ئازادکردنی مووسڵ. ئەمە ئامانجی سەرەکیی سەردانەکەم بوو، بۆئەوەی چاوێک بە ئاستی پێشڤەچوونەکان بۆ ئەو ئۆپەراسیۆنە بخشێنینەوە و بزانین هیواکان بۆ ئازادکردنی مووسڵ لە چ ئاستێکدان، بەڵام ئامانجێکی دیکەی گەشتەکەم سەردان و بینینی مەشقەکانی پێشمەرگە لەلایەن سوپای بەریتانیاوە بوو. زۆر دڵخۆشبووم بەوەی سەردانی ئەو کەمپی مەشقانەم کرد، کە پێکدێن لە بەشەکانی رێگریکردن لە بوون بە ئامانج، نیشانشکێن و دۆزینەوەی نیشانشکێنەکانی هێزی بەرامبەر، پاککردنەوەی باڵەخانەکان (واتە باڵەخانە بۆمبڕێژکراوەکان) و بەشی راهێنان بەوانەی لە بەشی گواستنەوەی خاوەن پێداویستیی دەرمانیدا کاردەکەن.

**رووداو: زۆر سەرچاوەی ئەمریکی، کوردی و عێراقی باسی ئەوە دەکەن رزگارکردنی مووسڵ لە داهاتوویەکی نزیکدا روودەدات. ئایا هیچ رێککەوتنێک هەیە، بە تایبەتیش لە نێوان هەولێر و بەغدا، بۆ ئەوەی ئۆپەراسیۆنەکە ئاوها زوو دەستپێبکات؟**

**مایکڵ فالن:** چاوەڕێ دەکەین ئۆپەراسیۆنەکان زوو دەستپێبکەن.

**رووداو: زوو واتە کەی؟**

**مایکڵ فالن:** هەندێک لە کارەکان بۆ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکە هەرئێستا دەستیانپێکردووە. لەوانەش جموجۆڵ و گواستنەوەی سوپا بۆ ناوچە تەکتیکییەکانی گردبوونەوەی هێزە سەربازییەکان. چاوەڕێ دەکەین ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی مووسڵ لە چەند هەفتەیەکی کەمدا دەستپێبکات، بەڵام ئەوە کاری لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئۆپەراسیۆنەکانە. واتە فەرماندەکانی ئۆپەراسیۆنەکەیە، کە کاتەکە (کاتی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکە) و شوێنی جێگیربوونی ئەو هێزە جۆراوجۆرانەش رێکبخەن کە لە رزگارکردنی مووسڵدا بەشداری دەکەن.

## ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی مووسڵ چەند هەفتەیەکی کەمی ماوە

## بەشداریی پێشمەرگە لە ئۆپەراسیۆنی مووسڵدا لە بەرژەوەندیی کوردە

## بە رزگارکردنی مووسڵ شەڕی داعش کۆتایی نایەت

**رووداو: بۆچی هێزەکانی پێشمەرگە دەبێ لە ئۆپەراسیۆنەکەی مووسڵدا بەشدار بن؟**

**مایکڵ فالن:** لەبەر دوو هۆکار: یەکەمیان لە بەرژەوەندیی هەموو لایەکدایە داعش لە مووسڵ و لە هەموو عێراقیش دەربکرێت. ئەمە لە بەرژەوەندیی عێراقدایە و لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و وڵاتانی رۆژئاوا لەوانەش بەریتانیادایە. کەواتە بەرژەوەندیی هەموو لایەنەکان لەوەدایە کە داعش وەدەربنرێ. هۆکاری دووەمیشیان ئەوەیە کە مووسڵ زۆر لە ناوچە کوردییەکانەوە نزیکە. هەر بۆیەش لە بەرژەوەندیی کورددایە ئەو سەرچاوەیەی ناسەقامگیری و دڕندەیی لە سنوورەکانی خۆی لابدات.

## بە هێزی ئاسمانی بەشداری لە ئۆپەراسیۆنی مووسڵدا دەکەین

## هەموو ئەو چەکانەی ناردوومان گەیشتوونەتە کوردستان

## 600 هەزار پارچە چەک و تەقەمەنیمان بۆ پێشمەرگە ناردووە

**رووداو: بەڕای ئێوە هێزە عێراقییەکان دەتوانن بەبێ بەشداریی پێشمەرگە مووسڵ رزگاربکەن؟**

**مایکڵ فالن:** ئەمە مەسەلەیەکە کە دەبێ سەرۆکوەزیران حەیدەر عەبادی و سەرۆکوەزیران نێچیرڤان بارزانی بڕیاری لەسەربدەن و فەرماندەکانی هاوپەیمانانیش رێکیانبخەن.

**رووداو: رۆڵی بەریتانیا لە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵدا چییە؟**

**مایکڵ فالن:** بەریتانیا ماوەی دوو ساڵە بە جۆرەها شێوە پشتگیری و هاوکاریی ئەو ئۆپەراسیۆنە دەکات: بە فڕۆکەی جەنگی، بە کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵگری لەئاسمانەوە، بە مەشق و راهێنانی هێزە عێراقی و کوردییەکان، هەروەها بە ناردنی چەک و تەقەمەنی. بەریتانیا لەڕێگەی هێرشە ئاسمانییەکان و مەشق و راهێنانەکانەوە بەردەوام دەبێت لەسەر پشتگیریکردنی ئۆپەراسیۆنەکە.

**رووداو: خەڵکی مووسڵ دژی بەشداریی حەشدی شەعبین لە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵدا. ئایا حەشدی شەعبی هیچ رۆڵێکی دەبێت لە ئۆپەراسیۆنەکانی گرتنەوەی مووسڵدا؟**

**مایکڵ فالن:** جێگیرکردنی هێزەکان بۆ رزگارکردنی مووسڵ بابەتێکە کە دەبێ سەرۆکوەزیران عەبادی، سەرۆکوەزیران بارزانی و فەرماندە سەربازییەکانی عێراق یەکلایی بکەنەوە. ئەمە کاری هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتی نییە بڕیاربدات هێزە جیاوازەکان بە چ شێوەیەک رێکبخرێن. ئەمە بابەتێک نییە بتوانم بڕیاری لەسەر بدەم.

**رووداو: بەڵام بەشداریی ئەو هێزانە لە درێژخایەندا دەتوانێت کێشەی زۆر بۆ ناوچەکە و دانیشتووانی دروستبکات، تەنانەت دەکرێ لە داهاتوودا ئەگەری جەنگی نێوخۆیی دیکە لە عێراق بهێنێتە ئاراوە، بەتایبەتیش ئەگەر حەشدی شەعبی بەشداریی بەرچاوی لە ئۆپەراسیۆنەکەی مووسڵدا هەبێت؟**

**مایکڵ فالن:** لە هەموو ئەو نیگەرانییانە تێدەگەم کە پەیوەندییان بە ئازادکردنی مووسڵەوە هەیە. بۆ قۆناغی دوای ئازادکردنی مووسڵ دەبێ هەمووومان کاربکەین بۆئەوەی جموجۆڵەکان کەم بکەینەوە و رێگەنەدەین کاریگەریی نوێ لەسەر خەڵکی ناوچەکە دروستبکات و ئاسایش و ئارامی بۆ پارێزگاکە بگەڕێنینەوە.

**رووداو: ژمارەیەک لە وڵاتان راستەوخۆ چەک بۆ هەرێمی کوردستان دەنێرن و ژمارەیەکیشیان لەڕێگەی بەغداوە چەک و پێداویستییەکانی جەنگ بۆ کوردستان رەوانەدەکەن. حکومەتی هەرێمی کوردستان دڵخۆش نییە بەوەی کە چەکەکانی لەڕێگەی بەغداوە بۆ بنێردرێت، چونکە دەڵێت بەغدا هەموو پشکی کوردستان لە چەکەکان نانێرێت. سیاسەتی بەریتانیا لەمبارەیەوە چییە؟**

**مایکڵ فالن:** دەتوانم تەنیا بەناوی حکومەتی بەریتانیاوە قسە بکەم. هەموو ئەو چەکانەی توانیومانە بینێرین، گەیشتوونەتە ناوچە کوردییەکان. ئێمە 600 هەزار پارچە چەک و تەقەمەنیمان ناردووە. هەروەها لەڕێگەی هێزی ئاسمانیی خۆمانەوە یارمەتیدەر بووین بۆئەوەی 100 هەزار پارچە چەک و تەقەمەنیی دیکە لە وڵاتانی دیکەوە بگوازرێنەوە. هەموو ئەو چەک و تەقەمەنییانەش گەیشتوونەتە دەست پێشمەرگە.

**رووداو: پێتانوایە گرتنەوەی مووسڵ بەمانای کۆتاییهاتنی داعش بێت؟**

**مایکڵ فالن:** نا پێمواننییە ئەمە شکستی کۆتایی داعش بێت. بێگومان ئەمە زیانێکی گەورە لە داعش دەدات، بەڵام کۆتایی شەڕی دژی داعش نابێت. داعش لە ناوچەکانی دیکەش کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی هەیە. لەوانەش هەندێک ناوچەی نزیک لە رووباری فورات. هەر بۆیەش نابێ پشووبدەین تاوەکو داعش بەتەواوەتی لەودیو سنوورەکانی عێراقیش وەدەردەنێین.

**رووداو: ئێوە لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە، دەمانەوێ باسی ئەو دوو کۆبوونەوەیەمان بۆ بکەی؟**

**مایکڵ فالن:** بەڵێ دوو کۆبوونەوەی زۆر بەسوودمان هەبوو، ئێمە پەیوەندییەکی زۆرباشمان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە. ئەوەش گرنگە لەمکاتەدا کە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی مووسڵ لە سەروبەندی دەستپێکردندایە هەموو لایەنەکان، هەم لە کوردستان و هەم لە عێراقیش، متمانەی تەواویان بە ئۆپەراسیۆنەکە هەبێت.

**رووداو: پێتوایە هەموو لایەنەکان متمانەی تەواویان بە ئۆپەراسیۆنەکە و ئاکامەکانی هەبێت؟**

**مایکڵ فالن:** بەڵێ، زۆرم پێخۆش بوو کە دەمبینی متمانەی فەرماندەکانی هێزەکانی هاوپەیمانان رووی لە زیادبوون کردووە کە ئەم ئۆپەراسیۆنە گەیشتووەتە ئەو شوێنەی دەستپێبکات و مووسڵیش سەرکەوتووانە ئازاد بکرێت. ئێمەش کاردەکەین بۆئەوەی نەک هەر لەماوەی ئۆپەراسیۆنەکەدا، بەڵکو لەدوای تەواوبوونی ئۆپەراسیۆنەکەش، یارمەتیدەربین. هەر چوارشەممە 21ی ئەیلولی 2016 بوو رامانگەیاند 40 ملیۆن پاوەندی دیکە وەکو هاوکاری مرۆیی ئامادەدەکەین، کە تەرخان دەکرێت بۆ یارمەتیدانی دانیشتووانی مووسڵ.

**رووداو: پەرۆشیی سەرەکیی بەریتانیا لە ئۆپەراسیۆنی مووسڵدا چییە؟ مەبەستم هەم لەماوەی ئۆپەراسیۆنەکانە و هەمیش رۆژانی دوای کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ؟**

**مایکڵ فالن:** بێگومان پەرۆشیی یەکەممان سەرکەوتووبوونی ئۆپەراسیۆنەکەیە. ئاشکرایە کە ئەمە ئۆپەراسیۆنێکی گەورەیە. مووسڵ شارێکی گەورەیە. گرنگە ئۆپەراسیۆنەکە سەرکەوتوو بێت. چونکە مووسڵ یەکێک لە بارەگا سەرەکییەکانی خەلافەتی داعشە و لەوێوە پلانی هێرشکردنە سەر وڵاتانی رۆژئاوایی، لەوانەش بەریتانیا، دارێژراوە. هەربۆیەش دەڵێم ئەو ئۆپەراسیۆنە بۆ ئێمە گرنگە و پشتگیریی دەکەین.

**رووداو: ئەی پەرۆشیتان بۆ رۆژانی دوای کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ بۆ چییە؟**

**مایکڵ فالن:** بۆ رۆژی پاش ئازادکردنی مووسڵ، وەکوو پێشتریش گوتم، ئامادەین هاریکاربین لە ئاوەدانکردنەوەی مووسڵدا و یارمەتیدەربین بۆئەوەی کاریگەرییەکانی ئەو جەنگە لەسەر خەڵکی سیڤیل کەمبکەینەوە.

## بەشداریی حەشدی شەعبی لە شەڕی مووسڵدا بەدەست عەبادی و نێچیرڤان بارزانییە

## دەمانەوێ بەشداربین لە ئاوەدانکردنەوەی مووسڵ

**پەرلەمانی بەریتانیا:**

### چەکەکان لەکاتی خۆیدا نەگەیشتوونەتە دەست پێشمەرگە

هەمان ئەو رۆژەی مایکڵ فالن، وەزیری بەرگریی بەریتانیا، هەولێری جێدەهێشت، لیژنەی بەرگریی پەرلەمانی بەریتانیا راپۆرتێکی لەسەر ئەدای هێزەکانی بەریتانیا لە جەنگی دژی داعش پێشکەشکرد. راپۆرتەکە هەڵسەنگاندێکی بەرفراوانی بەشداریی هێزەکانی بەریتانیا لە کەمپینی نێودەوڵەتیی دژی داعشە.

لە راپۆرتەکەدا رەخنە لە میکانیزمەکانی ناردنی چەک بۆ هێزەکانی پێشمەرگە گیراوە و نووسراوە "لە بەخشینی پێداویستییە سەربازییەکاندا، ئەوەی جێگەی نیگەرانییە ماوەی پێویست بۆ گەیاندنی تەقەمەنییەکانە بە دەستی پێشمەرگە". بۆیە پێشنیازکراوە "لە داهاتوودا گەرەنتی ئەوە بکرێت کە هاوکارییەکانمان بۆ هاوپەیمان و هاوبەشەکانمان بەردەوام بن و لەکاتی خۆیاندا بن".

بەشێکی راپۆرتەکە باسی هێرشە ئاسمانییەکانی بەریتانیا لە سووریا و عێراق دەکات و دەڵێت "ژمارەی هێرشە ئاسمانییەکان لە سووریا بە بەراورد لەگەڵ عێراق زۆر کەم بووە. هۆکاری سەرەکیی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە سووریا، جگە لە هێزە کوردییەکان، هیچ هاوبەشێکی دیکە نییە سوود لە پشتیوانییە ئاسمانییەکان وەربگرێت". هێرشە ئاسمانییەکانی بەریتانیا لەدژی داعش لە سووریا ماوەی نۆ مانگ دەبێ دەستیانپێکردووە. لەو ماوەیەدا تەنیا 65 هێرشی ئاسمانی کراوە. لە هەمان ماوەدا هێزی ئاسمانیی بەریتانیا 550 هێرشی ئاسمانیی لەدژی داعش لە عێراق کردووە.

لە سووریا دۆزینەوەی هێزێکی ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبیی بێ کێشە کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەت لەبەرئەوەی زۆربەی ئەو هێزانە گومانی توندئاژۆییان لێدەکرێت. هەربۆیەش لیژنەی بەرگریی پەرلەمانی بەریتانیا داوای روونکردنەوە لە وەزارەتی بەرگریی بەریتانیا دەکات "سەبارەت بە ژمارەی هێزە مەشقپێکراوەکان، ژمارەی ستافی راهێنەری سەربازیی بەریتانیا لەو مەشقانە، لە هەمووشیان گرنگتر دەبێ ناسنامەی ئەو گرووپانەی مەشقیان پێدەکرێ روونبکرێتەوە".

## هەولێر چاوی لە نەوتی بەغدایە

# هەرێمی کوردستان بە 2 ملیار لیتر نەوت گەرمدەبێتەوە

## بەغدا 5 ملیۆن لیتر نەوت دەداتە هەولێر و 100 ملیۆن لیتر دەداتە سلێمانی


پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی


هەریەک لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجە و دهۆک هەر لەئێستاوە مشووری خۆیان خواردووە و بڕێک نەوتیان لە بەغدا هێناوە و دابەشی دەکەن. بەپێی ئامارێکیش دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لە وەرزی زستاندا پێویستیان بە زیاتر لە یەک ملیار و 500 ملیۆن لیتر نەوتی سپییە.

وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان هەر زوو ڕایگەیاند ئەمساڵ وەک ساڵانی ڕابردوو نەوتی سپی بۆ هاووڵاتیان دابین ناکات، پارێزگاکانیشی سەرپشک کرد کە بە چ ڕێگایەک نەوت بۆ هاووڵاتیان دابین دەکەن. بۆیە ئەوانیش لە نێوەڕاستی هاوینی ئەمساڵەوە هەوڵەکانیان بۆ ئەو مەبەستە چڕکردەوە. مستەفا تەها، بەڕێوەبەری نەوت و کانزاکان لە هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت "وەک هەنگاوێکی لامەرکەزی تاوەکو ئێستا ئەو بڕیارە هەیە"، بەڵام نازانن پێداچوونەوەی تێدا دەکرێت یان نا.

### نزیکەی دوو ملیار لیتر نەوت

مەحموود عوسمان، بەڕێوەبەری ئاماری سلێمانی، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە جگە لە کارگەکان، بۆ هەر ساڵێک خێزانەکان پێویستیان بە یەک ملیار و 684 ملیۆن و 21 لیتر نەوتی سپییە، ئەگەر هەر خێزانێک لە وەرزی زستاندا ڕۆژانە 10 لیتر نەوتی سپی بسووتێنێ. واتە هەر خێزانێک لە مانگی تشرینی دووەمەوە تاوەکو مانگی ئادار 1500 لیتر نەوت دەسووتێنێ، ئەگەر هیچ کەرەستەیەکی دیکەی گەرمکردنەوە بەکارنەهێنێ.

سەبارەت بەو خەمڵاندنە مەحموود عوسمان گوتی "خەمڵاندنی 10 لیتر لە ڕۆژێکدا وەکو تێکڕا بۆ هەر خێزانێک وا دانراوە کە وەک پێویست نەوت بۆ گەرمکردنەوە بەکاربهێنن، بەڵام دەشتوانرێت بە نیوەی ئەو بڕە زستان بەڕێبکەن".

### بەغدا 35 ملیۆن لیتر نەوتی ناردووە

د.ئاسۆ فەرەیدوون، پارێزگاری پێشووی سلێمانی چەند مانگێک لەمەوبەر سەردانی شاری بەغدای کرد و 10 ملیۆن لیتر نەوتی لە بەغدا وەرگرت، ئێستا ئەو نەوتە لە ناوچە شاخاوییەکانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە دابین دەکرێ.

غالیب محەممەد، سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و وزە لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ساڵانە دەبێت هەر ماڵێک دوو بەرمیل نەوتی بدرێتێ، ئێستا لە ناوچە شاخاوییەکان ئەو 10 ملیۆنە دابەش دەکرێت و هەر بەرمیلێکیش بە 44 هەزار دینار دەدرێتە هاووڵاتییان.

بەغدا بەڵێنی 100 ملیۆن لیتر نەوتی سپی بە پارێزگاری سلێمانی دابوو، بە گوتەی غالیب محەممەد 90 ملیۆن بەرمیلەکەی دیکەش لە داهاتوودا دەگات.

عەبدولسەمەد تێلی، سەرۆکی لیژنەی سووتەمەنی و پیشەسازی لە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک دابینکردنی نەوتی لەلایەن پارێزگاکانەوە بە کارێکی قورس ناوبرد، چونکە ئێستا بەهۆی قەیرانی داراییەوە پارێزگاکان بودجەی پێویستییان نییە.

تێلی گوتی "لەگەڵ بەشی کارگێڕی پارێزگا قسەمان کردووە و پارێزگاریش توانیویەتی لەڕێگەی پەیوەندییەکانییەوە لەگەڵ بەغدا 15 ملیۆن لیتر نەوت دابین بکات، بەڵام تاوەکو ئێستا تەنیا سێ ملیۆن لیتر گەیشتووە، ئەگەر تاوەکو کۆتایی ئەم مانگە هەموو نەوتەکە بگات، بەسەر هاووڵاتیانی ناوچە شاخاوییەکاندا دابەشی دەکەین، هەر بەرمیلێکیش بە 45 هەزار دینار دەدەینە هاووڵاتیان".

سەبارەت بە پارێزگای هەولێریش، مستەفا تەها گوتی "وەزارەتی نەوتی عێراق بەڵێنی 5 ملیۆن لیتر نەوتیان پێداوین، نیوەی نەوتەکە گەیشتووە و چاوەڕێی نیوەکەی دیکە دەکەین، بەڵام ئەو بڕە زۆر کەمە، چونکە ساڵانە 100 ملیۆن لیتر نەوتمان پێویستە، بۆیە دەبێت ڕێگەی دیکەش بۆ دابینکردنی نەوت بگرینەبەر".

بە گوتەی بەرپرسانی دابەشکردنی سووتەمەنی، هەر خێزانێکی ناوچە ساردەکان ساڵانە پێویستی بە نزیکەی شەش بەرمیل نەوتە، بۆ ناوچەکانی دیکەش هەر خێزانێک نزیکەی چوار بەرمیل نەوتی پێویستە.

عەبدولسەمەد تێلی دەڵێت ئەو 15 ملیۆن بەرمیل نەوتەی بەغدا بۆی دابینکردوون بەشی 75 هەزار خێزان دەکات، ئەگەر هەر خێزانێک تەنیا یەک بەرمیل نەوتی بدرێتێ. تێلی گوتی "بۆ هەر وەجبەیەک 60 ملیۆن لیتر نەوتمان پێویستە".

ئێستا نرخی بەرمیلێک نەوت لە بازاڕ بە 130 هەزار دینارە، تێلی دەڵێت "ئەگەر زوو چارەسەرێک نەدۆزرێتەوە و نەوت دابین نەکرێ، نرخی نەوت زۆر لە نرخی ئێستای بەرزتر دەبێتەوە".

ساڵی ڕابردوو تەنیا وەجبەیەک نەوت بەسەر هاووڵاتیانی پارێزگای هەولێر دابەشکرا کە نزیکەی 90 ملیۆن لیتر بووە. نافیز ناوپردانی، سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و وزە لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت بۆ ئەمساڵیش سەردانی پارێزگاریان کردووە و پارێزگاریش نووسراوی بۆ ئەنجوومەنی وەزیران کردووە، ئەگەر ئەنجوومەنی وەزیران یان وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بودجە دابین نەکەن، نەوت دابەش ناکرێ.

نافیز گوتی "لەگەڵ بریکاری وەزیری نەوتی عێراق و لیژنەی سامانە سروشتییەکانی پەرلەمانی کوردستانیش قسەمان کردووە بۆ ئەوەی لەگەڵ لیژنەی نەوتی پەرلەمانی عێراق قسە بکەن تا عێراق لانیکەم نەوت بۆ ناوچە شاخاوییەکان دابین بکات".

ئاریز عەبدوڵڵا، سەرۆکی لیژنەی نەوت و گاز لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی گوت "لەم هەفتەیەوە هەوڵی جددی دەدەین، دڵنیاین بەغدا نەوت بۆ کوردستانیش دابین دەکات".

### بەغدا نەوت دەداتە ئاوارەکان


بەهۆی شەڕی داعشەوە نزیکەی 2 ملیۆن ئاوارە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن و زۆربەیان لەژێر چادردا لە کەمپەکان دەژین. نەجات عومەر، بەرپرسی کۆکردنەوەی زانیاری لە پارێزگای سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دابینکردنی نەوت بۆ ئاوارە و پەنابەران پەیوەندی بە حکومەتی عێراق و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان هەیە".

**بەغدا چەند لیتر نەوتی ناردووە؟**

- بۆ سلێمانی و هەڵەبجە 30 ملیۆن لیتر
- بۆ دهۆک 15 ملیۆن لیتر
- بۆ هەولێر 2 ملیۆن لیتر

**هەر وەجبەیەک چەند لیتر نەوت دابەش دەکرێ؟**

- لە هەولێر 90 ملیۆن لیتر نەوت
- لە دهۆک 60 ملیۆن لیتر نەوت
- لە سلێمانی و هەڵەبجە 103 ملیۆن لیتر نەوت






(فۆتۆ: سیڤان محەمەد سەلیم)

**کەرکووک بێ کێشەیە**

ژمارەی دانیشتووانی پارێزگای کەرکووک بەپێی ژمارەی تاکە کەس نزیکەی ملیۆنێک و 500 هەزار کەسن و نزیکەی 300 هەزار خێزان دەبن. ئەحمەد عەسکەری، سەرۆکی لیژنەی وزە لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند. لەبەرئەوەی خۆیان پاڵاوگەیان هەیە، هیچ ساڵێک تووشی کێشەی دابینکردنی نەوت نەبوون، لە ئێستاشەوە دەستیان بە دابەشکردنی بەرمیلێک نەوت کردووە.

## بیناسازی لە کوردستان جووڵەی تێکەوتووەتەوە

# نرخی زەوی 15% بەرزبووەتەوە


ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر


بەرپرسێکی وەزارەتی شارەوانیی هەرێمی کوردستان دەڵێت بەهۆی دوورخستنەوەی مەترسییەکانی داعش لەسەر شاری هەولێر و دابەزینی نرخی کەرەستەی بیناسازی و دابینکردنی خزمەتگوزاری لەلایەن شارەوانییەوە، جموجۆڵێکی زۆری بیناسازی لە شاری هەولێر دەستی پێکردووە.

بەپێی ئامارێک کە لە هەرسێ شارەوانییەکانی چوار، پێنج و شەشی شاری هەولێر دراوەتە (ڕووداو)، لەماوەی 9 مانگی ڕابردوودا تەنیا لە سنووری ئەم سێ شارەوانییەدا 2030 خانوو، 206 باڵەخانە و پێشانگا دروستکراون. پشکی شێریش بەر سنووری شارەوانیی چوار کەوتووە.

مەریوان هادی، بەڕێوەبەری شارەوانیی پێنجی شاری هەولێر، بە (ڕووداو)ی گوت "لە دوو ساڵی ڕابردوودا بەهۆی هێرشەکانی داعش و قەیرانی دارایی و کەمیی خزمەتگوزاری و دروستکردنی خانوو و باڵەخانەوە لە شاری هەولێر، جۆرێک لە سستیی پێوە دیاربوو، بەڵام ئێستا هۆکارەکانی ئەو سستییە نەماون، بۆیە جووڵەیەک کەوتووەتەوە نێو پرۆژەکانی بیناسازی. مانگ لەدوای مانگیش دروستکردنی خانوو و باڵەخانە لە زیادبووندان".

مەریوان هادی نموونە بە دروستکردنی خانوو و باڵەخانە و پێشانگا لە سنووری شارەوانییەکەی دێنێتەوە کە 32 گەڕەک و حەوت گوند لەخۆدەگرێت و دەڵێت "ئەمساڵ بەتەنیا لە سنووری شارەوانیی پێنج، مۆڵەتمان بە دروستکردنی 529 خانوو و 39 پێشەنگا و21 باڵەخانە داوە، ئەمەش بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو 60% زیادیکردووە".

ئازاد ئەحمەد عەزیز، کە 13 ساڵە کاری بیناسازی دەکات و خانووی کۆن لە سنووری شارەوانییەکانی چوار و پێنجی هەولێر نۆژەندەکاتەوە، دەڵێ "بەهۆی هەرزانیی نرخی کەلوپەلی بیناسازی، دابەزینی نرخی زەوی، هەرزانیی کرێی کار، نەمانی مەترسیی داعش لەسەر شاری هەولێر، جووڵەیەکی زۆری دروستکردنی خانوو هەیە".

ئازاد ئەحمەد ئێستا خەریکی دروستکردنی 5 خانووە، باسی جیاوازیی تێچووی خانوو لە ئێستا و ڕابردوودا دەکات و دەڵێت "پێشتر دروستکردنی خانوویەکی 100 مەتری 35 هەزار دۆلاری تێدەچوو، ئێستا 25 هەزار دۆلاری تێدەچێ. خانوویەکی 200 مەتری، پێشتر بە 80 هەزار دۆلار دەکرا، ئێستا بە 60 هەزار دۆلار دروستدەکرێ".

ئازاد ئەحمەد کاری ئەمساڵی لەگەڵ ساڵی ڕابردوو بەراورد دەکات و دەڵێت "ساڵی ڕابردوو تەنیا 10 خانووم دروستکرد، تەنیا شەشیان فرۆشران، بەڵام ئەمساڵ تاوەکو ئێستا 20 خانووم دروستکردووە و زۆربەشیانم فرۆشتووە".

بەپێی ئامارەکانی شارەوانی لە ماوەی ئەمساڵدا کەمترین خانوو و باڵەخانە لە سنووری شارەوانیی شەشی هەولێر دروستکراوە کە 396 خانوو و 34 باڵەخانە بووە. زۆرترینیشی لە سنووری شارەوانیی چوار بووە کە 1103 خانوو و 112 باڵەخانە بووە.

کاروان جەبار حەسەن، بەڕێوەبەری شارەوانیی چوار لە هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت "سنووری شارەوانییەکەمان 33 گەڕەک لەخۆدەگرێ، 15 لەو گەڕەکانەش گەڕەکی نوێن، هەندێک لەو گەڕەکانەش زۆر گەورەن، بۆ نموونە لە گەڕەکی فەرمانبەران 16 هەزار پارچە زەوی و لە کارێزان 4000 پارچە زەوی دابەشکراوە، ئەمەش وایکردووە زۆرترین خانوو و باڵەخانە لەسنوری شارەوانییەکەی ئێمە دروستبکرێت".

### شارەوانییەکان خۆیان دەژیێنن

بەر لە قەیرانی دارایی مانگانە پێشینەیەکی 75 ملیۆن دیناری بۆ خزمەتگوزاریی شارەوانییەکان دابین دەکرا، بەڵام لەدوای قەیرانی دارایی بە بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران ئەم پێشینەیە بۆ 15% کەمکرایەوە، ئەمەش وایکرد شارەوانییەکان نەتوانن وەک پێویست خزمەتگوزارییەکان بۆ گەڕەکەکان دابین بکەن، بەڵام لە چوارچێوەی پرۆژەی زیادکردنی داهات و کەمکردنەوەی خەرجییەکان حکومەت لە مانگی ئاداری ئەمساڵەوە بڕی ئەو ڕەسمەی کە پێشتر بۆ دروستکردنی خانوو و باڵەخانە لە خەڵکی وەردەگرت بۆ چەند بەرامبەر زیادکرد، 20%ی ئەو داهاتەش دەدرێتەوە شارەوانییەکان، بۆ ئەوەی خزمەتگوزاری بۆ گەڕەکەکان دابین بکەن.

بەپێی ئەو داتایەی دەست (ڕووداو) کەوتووە کۆی داهاتی مانگەکانی حوزەیران و تەمموز و ئابی ئەمساڵی سنووری شارەوانی چوار 256 ملیۆن و 570 هەزار دینار بووە، لەو بڕە 50 ملیۆن و 724 هەزار دیناری دراوەتەوە شارەوانییەکە.

کاروان جەبار، دەڵێت "لەو داهاتەی دەستمان کەوتووە توانیومانە چەند پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری جێبەجێ بکەین، ئەمەش هیوای زیاتری لای خەڵک دروستکردووە، بووەتە هۆی ئەوەی بیناسازی جوڵەی تێبکەوێت".

جموجۆڵی دروستکردنی خانووی نوێ جوڵەی خستووەتە نێو بازاڕی نووسینگەکانی کڕین و فرۆشتنی خانوو و زەوی، ئێستا وەک جاران گلەیی لە بێ بازاڕی ناکەن و دەرگای نووسینگەکان هەردەم کراوەیە.

برزۆ ساڵح عەلی، خاوەنی نووسینگەی ئەستێرە بۆ کڕین و فرۆشتنی خانوو و زەوی دەڵێت "کڕین و فرۆشتنی زەوی و خانوو 50% زیادی کردووە، بۆ نموونە ساڵی ڕابردوو مانگانە 2-4 گرێبەست کڕینی و فرۆشتنمان دەکرد، بەڵام ئەمساڵ مانگانە نزیکەی 10 گرێبەست دەکەین".

برزۆ، هۆکاری ئەم جموجۆڵەی کڕین و فرۆشتنی زەوی و خانوو ڕووندەکاتەوە و دەڵێت "مەترسیی داعش نەماوە، کەرستەی بیناسازی هەرزانە، بۆیە خەڵک ڕووی لە دروستکردنی خانوو کردووە، نرخی زەوییش بە بەراورد بەساڵی ڕابردوو بە ڕێژەی 10%- 15% بەگوێرەی شوێنەکەی زیادی کردووە".

**هۆکارەکانی زیادبوونی بیناسازی:**

هۆکارەکانی زیادبوونی بیناسازی:
- نەمانی مەترسیی داعش لەسەر هەرێمی کوردستان
- هەرزانبوونی کەرەستەی بیناسازی
- هەرزانیی دەستی کار
- دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ گەڕەکە نوێیەکان

**حکومەت گرانی دەکات**

پێشتر لە کاتی وەرگرتنی مۆڵەتی دروستکردنی خانووێکی 100 مەتری، حکومەت 7500 دیناری بۆ خزمەتگوزاریی قیر وەردەگرت، ئێستا 82500 دینار وەردەگرێ. هەروەها بۆ پارەی شۆستە و دیاریکردنی سنووری خانووەکە 10 هەزار دیناری وەردەگرت، ئێستا 157 هەزار دینار وەردەگرێ. بۆ تاپۆکردنی خانووێک 1%ی نرخی خانووەکە باج وەردەگیرا، بەڵام ئێستا باجەکە بووەتە 3%.

برزۆ ساڵح کە نووسینگەی کڕین و فرۆشتنی خانوو و زەوی هەیە دەڵێت "زیادکردنی ڕەسم و باجەکان کاریگەری لەسەر بازاڕی کڕین و فرۆشتنی زەوی و خانوو هەبووە، چونکە پێشتر بۆ بەناوکردنی زەوییەکی 125 مەتری نزیکەی 600 هەزار دینارت دەدا، بەڵام ئێستا سێ بەرامبەر زیادی کردووە.

رۆژانە 50 هەزار بەرمیل نەوت هەناردە دەکات

# بەرمیلێک نەوتی داعش بە 15 دۆلارە

## "4 هەزار دۆلار بدە و خۆت لە مووسڵ رزگاربکە"

محەممەد هادی
رووداو – هەولێر

دوای کۆنترۆڵکردنەوەی گەیارە و شەرگات، ناوچەکانی ژێر دەستی داعش لە عێراق تووشی قەیرانی سووتەمەنی بوون. هەروەها هیچ بیرە نەوتێکی عێراق بەدەست ئەو گرووپەوە نەماوە. ئەو دۆخە وای لەو گرووپە کردووە کە ئەو داهاتەی پێشتر لەرێگەی فرۆشتنی نەوتەوە دەستیدەکەوت، بە سەرچاوەی دیکە پڕی بکاتەوە.

داعش لە دوو ساڵی رابردوودا دەیان بیرە نەوت و کێڵگەی نەوتی لە عێراق بەڕێوەدەبرد. زۆربەی نەوتەکەشی بەقاچاخ دەفرۆشت و بەشێکیشی بۆ پێویستیی نێوخۆ بەکاردەهێنا. بەڵام کۆنترۆڵکردنەوەی گەیارە و شەرگات، کە چەندین بیرە نەوتیان تێدایە، دوا بزمار بوو لە تابووتی سەرچاوەی داهاتە سەرەکییەکەی داعش درا. ئێستا ئەو گرووپە چیدیکە توانای بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوتی لە عێراقدا نەماوە.

### لە فرۆشیارەوە بووەتە کڕیار

د. بێوار خنسی، راوێژکاری ئابووریی ئاژانسی پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، بە (رووداو)ی راگەیاند "ئێستا عێراق خاڵییە لە نەوت بۆ داعش. ئەو گرووپە نەک توانای فرۆشتنی نەوتی نەماوە، بەڵکو دەیەوێ سووتەمەنی بکڕێت، بۆئەوەی بتوانێ درێژە بە چالاکییەکانی بدات". بە گوتەی بێوار خنسی، هێشتا داعش سووتەمەنیی ماوە "ئەو گرووپە چەند کۆگایەکی نەوتی لەژێر دەستدا ماوە، کە سوودیان لێوەردەگرێت بۆ پاڵاوگەکان. کۆگاکانیش لە سنووری ناوچەی حەمام ئەلعەلیلن".

رێکخراوی داعش لەرووی ئابوورییەوە تەواو لاواز بووە. ئێستا ئەو رێکخراوە ناتوانێت ئەو داهاتە بەدەستبهێنێت کە لەماوەی رابردوودا بەهۆی فرۆشتنی نەوتەوە بەدەستی دەهێنا. بۆیە زۆرتر لە 70%ی داهاتەکەی لە سووریاوە

### داهاتی مانگانەی داعش لە نەوت 22 ملیۆن دۆلارە

دەستەبەر دەکات.

### قاچاخچیی دەرچوون لە مووسڵ

ئەمانی هیچ ناوچەیەکی نەوتی لەژێرکۆنترۆڵی داعش، ئەو رێکخراوەی ناچارکردووە لەرێگەی دیکەوە داهات کۆبکاتەوە. سەرچاوەیەک لەنێو مووسڵ، کە لەترسی سەلامەتیی ژیانی نەیویست ناوەکەی بڵاوبکرێتەوە، بە (رووداو)ی راگەیاند "ئێستا لەنێو خەڵکی مووسڵدا بڵاوبووەتەوە کە داعش رێگە بە خەڵک دەدات بەرامبەر 4000 دۆلار مووسڵ بەجێبهێڵن، بەڵام دانیشتووانی مووسڵ متمانەیان بە داعش نییە و دەترسن گیانیان لەدەستبدەن و پارەکەشیان بڕوات".

سنووردارbوونی توانا ئابوورییەکانی داعش ئەو گرووپەی ناچارکردووە نرخی سووتەمەنی و رێژەی باج لەسەر هاووڵاتیان و خاوەنکارانی ژێر دەسەڵاتی خۆی زیادبکات. سەرچاوەکەی (رووداو) لەنێو مووسڵەوە گوتی "ئێستا یەک بوتڵ غاز بە 80 هەزار دینارە، یەک بەرمیل نەوتی سپی بە 100 دۆلارە. نرخی لیترێک بەنزینیش بەپێی جۆرەکەیەتی لە 500 دینارەوە دەستپێدەکات تاوەکو 2000 دینار".

کێڵگە نەوتییەکانی گەیارە کە لە چوار کێڵگە پێکدێن و 62 بیریان تێدایە و یەدەگەکەی بە 5 ملیار بەرمیل نەوت مەزەندە دەکرێ، دوایین ناوچەی نەوتیی عێراق بوو کە کۆتایی مانگی رابردوو لەدەستی داعش دەرهێندرا.

رێکخراوی داعش پێشتریش هەریەکە لە کێڵگە نەوتییەکانی حەمرین و کێڵگەی حەجیل-ی لەژێر کۆنترۆڵدا بوو کە دەکەونە نزیک زنجیرە چیاکانی حەمرین و لە باشووری کەرکووک، دوای چەند ئۆپەراسیۆنێک، توانرا داعش لەو ناوچە نەوتییانە دووربخرێتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا کێڵگەی نەوتیی حەجیل کە بەر لە هاتنی داعش رۆژانە توانای بەرهەمهێنانی 100 هەزار بەرمیل نەوتی هەبوو، ئێستا وەکو ناوچەیەکی قەدەخەکراو لەنێوان داعش و هێزە عێراقییەکاندا ماوەتەوە، هیچ لایەکیان دەسەڵاتی بەسەردا نییە. کێڵگەی نەوتی حەجیل و کێڵگەی نەوتی حەمرین خاوەنی یەدەگێکی 3 ملیارد بەرمیل نەوتین.

هەروەها داعش پێشتر داعش کێڵگەی نەوتی علاسی لە سنووری تکریت لەژێر دەست بوو، بەڵام ئێستا ئەو کێڵگەیەشی لەدەستداوە. هەروەها بۆ ماوەی مانگێک رێکخراوی داعش کێڵگە نەوتییەکانی عەین زالە و بەتمەی کۆنترۆڵ کردبوو، کە دەکەونە سنووری باشووری کوردستان و سەر بە پارێزگای نەینەوان، دواتر ئەو دوو کێڵگەیەش لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە لەدەستی داعش دەرهێندران. ئاستی یەدەگی نەوتی ئەو کێڵگە نەوتییانەش نزیکەی 5 ملیار بەرمیل نەوتە.

### 6 کێڵگەی نەوتی سووریا بەدەست داعشەوەیە

داعش ئێستا بۆ دابینکردنی سووتەمەنی بۆ وێستگەی کارەبای مووسڵ و ئامێرە سەربازییەکان و ئۆتۆمبێل و پێویستییەکانی دیکە، جگە لەو نەوتەی لە کۆگاکان هەڵیگرتبوو، لە سووریاشەوە بە تەنکەر نەوت دەگوازێتەوە مووسڵ و ناوچەکانی ژێر دەستی بۆئەوەی بتوانێت بەردەوام بێت لە چالاکییەکانی.

د.بێوار لەبارەی نەوتی ژێر دەستی داعش لە سووریا دەڵێت "نەوتی سووریا زیاتر لە 70%ی سەرچاوەی داهاتی داعشە، نزیکەی 6 کێڵگەی نەوتی تاوەکو ئێستا لەژێر دەستی داعشدایە"، گوتیشی "داعش ئێستا رۆژانە نزیکەی 80 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمدەهێنێ و 50 هەزار بەرمیلی بە قاچاخ دەفرۆشێ. هەر بەرمیلێکیش بە 15 تاوەکو 20 دۆلار دەفرۆشێ".


ئەگەر داعش هەر بەرمیلێک نەوت بە 15 دۆلار بفرۆشێ، ئەوە ئێستا داعش تەنیا لە فرۆشتنی نەوتی سووریا، رۆژانە 750 هەزار دۆلاری دەستدەکەوێ و مانگانە دەکاتە 22 ملیۆن و 500 هەزار دۆلار.

بێوار خسنی ئاماژەی بە سەرچاوەیەکی دیکەی داهاتی داعش لە سووریا کرد و گوتی "داعش بەنداوی فورات و بەنداوی ئەلبەعس-ی بەدەستەوەیە کە کارەبایان لێ بەرهەمدێت و داعشیش کارەباکە بە حکومەتی سووریا دەفرۆشێتەوە.

### سەرچاوەکانی ئێستای داهاتی داعش:

- پارەی مۆڵەتی جێهێشتنی مووسڵ کە 4000 دۆلارە
- سزای دارایی لەژێر ناوی "تاوان"کردن
- بەرزکردنەوەی نرخی سووتەمەنی و زیادکردنی باج
- فرۆشتنی کارەبا لە بەنداوی فورات و ئەلبەعس بە حکومەتی سووریا
- فرۆشتنی رۆژانەی 50 هەزار بەرمیل نەوتی سووریا بە قاچاخچییەکان

### ئەو کێڵگە نەوتییانەی لە عێراق بەدەست داعشەوە بوون:




هێڵکەکانی نەوتی کورد لە سەبەتەی ئۆپێکدان

# چارەنووسی نەوتی کوردستان بەستراوەتەوە بە کۆبوونەوەی ئۆپێکەوە



عومەر ئەحمەد

بڕیارە کۆبوونەوە نافەرمییەکەی ئۆپێک رۆژی 2016/9/28، لە پەراوێزی کۆڕبەندی نێودەوڵەتیی وزە لە جەزائیر بەڕێوەبچێت. ئەنجامی ئەو کۆبوونەوەیە هەرچییەک بێت کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر رەوشی ئابووریی هەرێمی کوردستان و داهاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت.

ئەگەر ئەندامانی ئۆپێک لەنێوخۆیاندا و لەگەڵ رووسیا گەیشتنە لێکتێگەیشتن بۆ سڕکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت، ئەوە سکرتێری گشتیی ئۆپێک داوای کۆبوونەوەیەکی نائاسایی دەکات بۆ سڕکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت. پێشبینی دەکرێت ب رێککەوتنێکی وا نرخی نەوت بەلایەنی کەمەوە 10 دۆلار بەرزبکاتەوە.

بەرزبوونەوەی نرخی نەوت گوشارە داراییەکان لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان کەمدەکاتەوە. هیچ نەبێت رێگەی بۆ خۆشدەکات کە مووچەی فەرمانبەران بەبێ دواکەوتن بدات یان لە رێژەی پاشەکەوتی مووچە کەمبکاتەوە. بەڵام کەرتی نەوتی کوردستان چەندین مەترسی و تەحەددای لەپێشە. گەورەترین تەحەدداشی، وەک هەر وڵاتێکی دیکە، کەمبوونەوەی وەبەرهێنانە لەلایەن کۆمپانیا نەوتییەکانەوە. ئەمەش راستەوخۆ هەڕەشەیە لەسەر پلانەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گەیشتنە ئامانجەکانی بەرهەمهێنانی نەوت لە چەند ساڵی داهاتوودا.

تاوەکو ساڵی 2013، کە نرخی نەوت لە ئاستێکی بەرزدابوو، بەپێی ئاماری وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، 20 ملیار دۆلار وەبەرهێنان لە کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستاندا کرابوو، کە بەزۆری ئەو وەبەرهێنانە بۆ دۆزینەوەی نەوت و پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان بوو. هەر ئەو ساڵە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان پێشبینیی کردبوو کە لە چەند ساڵی دواتردا بڕی 50 ملیار دۆلاری دیکە وەبەرهێنان لە کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستاندا بکرێت. بەڵام دابەزینی نرخی نەوت، ئەو خەونانەی هەموو لەباربرد. ئێستا قەبارەی وەبەرهێنانەکانی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان ناگاتە یەک ملیار دۆلار.

لە 3 کۆمپانیای نێودەوڵەتیی نەوت، کە زۆرترین نەوت لە هەرێمی کوردستان بەرهەمدەهێنن، دوویان قەبارەی وەبەرهێنانیان لە کێڵگە نەوتییەکاندا بۆ ئەمساڵ و ساڵی داهاتوو دابەزاندووە. یەکێکی دیکەشیان دوو ساڵە کێشەی گەورەی داراییان هەیە و نزیکبوونەتەوە لە مایەپووچبوون.

کۆمپانیایگەنەل‌ئێنێرجیوکۆمپانیایدی ئێن ئۆ، دوو بەرهەمهێنەری سەرەکیی نەوتی هەرێمی کوردستانن کە وەبەرهێنانەکانیان کەمکردووەتەوە. کۆمپانیای دی ئێن ئۆ لە دوایین راپۆرتی خۆیدا رایگەیاندووە کە ئاستی وەبەرهێنانەکانی لە هەرێمی کوردستان کەمدەکاتەوە بۆ نزیکەی 100 ملیۆن دۆلار، لەبەرئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چەند مانگی رابردوودا حەقدەستەکانی بە رێکوپێکی نەداوە.

هەروەها کۆمپانیای گەنەل ئێنێرجیش، کە پێشبینیی کردبوو ساڵی 2016 ، بڕی 300 ملیۆن دۆلار وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان بکات، بە هەمانشێوە وەبەرهێنانی کەمکردووەتەوە.

دوایین هەڵویستی کۆمپانیای گۆڵف کیستۆنیش لەسەر دواکەوتنی حەقدەستەکانی زۆر توند بووە. جۆن فێرێر، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای گۆڵف کیستۆن، هەفتەی رابردوو رایگەیاند لە دوو مانگی رابردوودا حەقدەستەکانی وەرنەگرتووە و کۆمپانیاکەی پلانی هەبووە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەی شێخان لە رۆژانە 33 هەزار بەرمیلی ئێستایەوە بەرزبکاتەوە بۆ رۆژانە 55 هەزار بەرمیل، بەڵام ئەگەر حەقدەستەکانی وەرنەگرێت ناتوانێت ئەو کارە بکات.

ئێستا بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت و کەمبوونەوەی داهاتی نەوتەوە، کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان قازانجەکانیان لەسەر ئاستی جیهان دابەزیوە. بۆیە ناتوانن وەبەرهێنانی زیاتر لە کێڵگە نەوتییەکاندا بکەن. لە هەرێمی کوردستان هەرچەشنە وەبەرهێنان و پەرەپێدانێکی کێڵگەکان بە مەبەستی سەقامگیرکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بەندە بە وەرگرتنی حەقدەستەکانیان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەوان هەرچی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک حەقدەست وەریدەگرن دەستبەجێ لە کێڵگە نەوتییەکاندا خەرجی دەکەنەوە.

ئەم کێشەیە مەترسییەکی گەورەی بۆ کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان دروستکردووە و داهاتووی ئەو کەرتە بەندە بە بڕیارە نێودەوڵەتییەکان، کە لەلایەن رێکخراوی ئۆپێک و بەرهەمهێنەرانی دیکەی نەوتەوە دەدرێن.

هەرچەند زۆر لە شرۆڤەکاران ئێستا رێکخراوی ئۆپێک بە "پڵنگی بێ ددان" دەناسێنن، کە هێز و قورسایی جارانی نەماوە، بەڵام تاوەکو ئێستاش ئۆپێک تەنیا رێکخراوە کە زۆرترین کاریگەریی لەسەر بازاڕی نەوت هەیە. لەبەر ئەوەشە کە کۆبوونەوەکەی ئەم هەفتەیەی ئەو رێکخراوە لە جەزائیر، کاریگەریی راستەوخۆ لەسەر نرخی نەوت و داهاتووی کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان دروستدەکات.

ئەگەر ئەندامانی ئۆپێک رۆژی 2016/9/28 نەگەنە لێکتێگەیشتن بۆ کۆنترۆڵکردنی بازاڕی نەوت، مەترسیی دابەزینی زیاتری نرخی نەوت هەیە بە رێژەی لانی کەم 10%. ئەوەش بەمانای کەمبوونەوەی زیاتری وەبەرهێنانە نەوتییەکان دێت لەسەر ئاستی جیهاندا بەگشتی و لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی.

لە دوو ساڵی رابردوودا کە نرخی نەوت لە 100 دۆلار بۆ بەرمیلێکەوە بۆ زیاتر لە نیو هێندەی خۆی دابەزیوە، وەبەرهێنانە نەوتییەکان لە ئاستی جیهاندا بەرێژەیەکی بەرچاو دابەزیون. لێدوانەکانی فاتیح بیرۆڵ، سەرۆکی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە، لەوبارەیەوە جێی تێڕامانن.

دیارە جگە لە نەوت، پرۆژەکانی گازی سرووشتیی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەهەمانشێوە مەترسییان لەسەرە.

گرێبەستی 50 ساڵەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیا وەک دەروازەیەک دەبینرا بۆ دەستەبەرکردنی داهاتی دیکەی جگە لە نەوتی خاو. پەرەپێدانی کێڵگە گازییەکانی هەرێمی کوردستان و بەرهەمهێنانی ئەو ئاستە لە گازی سرووشتی، بۆئەوەی گونجاو بێت بۆ هەناردەکردن، ئێستا تەنیا بووەتەوە ئەگەرێکی دوور.

پرۆژەی راکێشانی بۆڕیی گازی سروشتی بۆ تورکیا، پاشان جگە لە تورکیا هەناردەکردنی بۆ ئەوروپا، هیچ وەبەرهێنانێکی ئەوتۆی تێدانەکراوە. نە بۆڕییەکە لەمدیوی هەرێمی کوردستان کاری تێدادەکرێت و نە ئاستی بەرهەمهێنانی کێڵگەکانی گازی سروشتیش گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی بکرێت هەناردەی تورکیا بکرێت، کەچی بەپێی رێککەوتنەکەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیا دەبێت لە ساڵی 2018وە ساڵانە 10 ملیار مەتر سێجا گازی سرووشتی لە هەرێمی کوردستانەوە هەناردەی تورکیا بکرێت، کە رێژەیەکی زۆرە و بەرامبەرە بەو رێژەیە کە ئێستا ئێران هەناردەی تورکیای دەکات. دیارە دابەزینی وەبەرهێنانەکان لە کەرتی نەوت و گازدا ئەگەر لە ساڵی 2017شدا بەردەوام بێت، ئەوە مەترسیی بۆ پەرەپێدانی گازی سرووشتیی هەرێمی کوردستان دروستدەکات و لە گرینگیی ئەو سامانە بۆ بازاڕی نێودەوڵەتی کەمدەکاتەوە.

### مەترسیيە گەورەکە لەسەر نەوتی کوردستان چییە؟

بیرۆڵ دەڵێت لەکاتێکدا لە ساڵی 2014 لە کەرتی نەوت و گازدا بڕی 750 ملیار دۆلار وەبەرهێنان کرا، کەچی بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە، قەبارەی وەبەرهێنانەکان لە ساڵی 2015 بە رێژەی 25% کەمبووەوە بۆ 583 ملیار دۆلار. ئەو رێژەیەش لە ساڵی 2016 شدا هێشتا 24%ی دیکە دادەبەزێت بۆ 450 ملیار دۆلار. بیرۆڵ دەڵێت بۆ ساڵی 2017 وەبەرهێنانەکان لە کەرتی نەوت و گازدا زیاتر دادەبەزن و هۆشداری دەدات کە دابەزینی قەبارەی وەبەرهێنانەکان هیچکات لە مێژوودا بەو چەشنە نەبووە کە سێ ساڵی یەک لەدوای یەک بەردەوام بێت. ئەمە ئەو مەترسییە گەورەیەیە کە بەزەقی لەبەردەم کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستاندا هەیە.

## نادر یڵدرم، جێگری هاوسەرۆکانی هەدەپە بۆ (ڕووداو):

# داوامان لە بارزانی نەکردووە ببێتە نێوبژیوان



نادر یڵدرم لەدایکبووی ئاگرییە، بەڵام نوێنەری شاری وانە لە پەرلەمانی تورکیا. جێگری هاوسەرۆکانی گشتیی پارتی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە)یە و بەرپرسی کاروباری ڕێکخستنەکانی ئەو حیزبەشە. یڵدرم یەکێک بوو لە ئەندامانی شاندی هەدەپە، کە کۆتایی هەفتەی ڕابردوو، سەردانی باشووری کوردستانیان کرد و لەگەڵ زۆربەی حیزبەکانی کوردستان کۆبوونەوە.

جێگرەکەی دەمیرتاش لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) دەڵێت کەس بانگهێشتی ئەوانی نەکردبوو سەردانی باشووری کوردستان بکەن، بەڵکو سەردانەکە بە دەستپێشخەریی خۆیان بووە. هەروەها ڕەتیدەکاتەوە بۆ ئەوە هاتبن داوای دەستپێشخەری لە بارزانی بکەن بۆئەوەی نێوبژیوانی لەنێوان تورکیا و پەکەکەدا بکات. بەڵکو، وەک ئەو دەڵێت، شاندەکەی هەدەپە هاتبوون ببنە بناغەیەک بۆ دروستکردنی گەڕێکی نوێی دانوستاندن لەنێوان حیزبەکانی باشووری کوردستان.

ڕووداو-هەولێر

دانیشتنەکانمان لە هەولێر هیوای زیادکردین

■ ■ ■

کەس بانگهێشتی باشووری نەکردووین و خۆمان هاتووین

■ ■ ■

لە باشوور یەک حیزب سڵاو لەوی دیکە ناکات

■ ■ ■

کورد چیدیکە لە سەردەمی لۆزاندا ناژیت

**ڕووداو: سەلاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی پارتی دیموکراتیی گەلان، لە سیمینارێکدا لە شاری هەولێر گوتی: "ئێستا کورد بەسەر پردی سیراتدا دەڕوات". مەبەستی دەمیرتاش چی بوو؟**

**نادر یڵدرم:** بەر لە سەت ساڵ، لە پەیمانی لۆزاندا هێزە ئیمپریالیستەکان سیستمێکی نوێیان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دروستکرد. لەنێو ئەو سیستمەدا گەلی کورد بە "نەبوو" حیسابی بۆ کرا. وڵاتی کوردان کرایە چوار پارچە. دوای سەت ساڵ، ئەو سیستمەی لە لۆزان ئاواکرا، هەڵوەشایەوە. ئەمڕۆ سیستمی پەیمانی لۆزان نرخی نەماوە. لەوانەیە بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەگشتی سیستمێکی نوێ دروستبکرێتەوە. هەموو شەڕ و ئاڵۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەسەر بنەمای دروستکردنی سیستمێکی نوێ بەڕێوەدەچێت. ئەو بارودۆخە بۆ کورد دەرفەتێکی مێژوویی دروستکردووە. چونکە نە جیهان جیهانی بەر لە سەت ساڵە، نە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی پێش سەت ساڵە، نە کوردیش کوردی سەدەی بیستەمن. بۆیە ئەم پرۆسەیە بە مێژوویی لەقەڵەم دەدەین. ئەو دەستکەوتانەی کورد ئێستا بەدەستیاندەهێنێ، بەلایەنی کەمەوە بەشی سەت ساڵی داهاتووی دەکات، بەڵام ئەگەر وەک کورد سەرنەکەوتوو نەبین، سەت ساڵی دیکەش لەدەستدەدەین. قسەکانی بەڕێز دەمیرتاش لەسەر ئەو بنەمایە بوون.

**ڕووداو: ئاراستەی ڕووداوەکان لە چوار پارچەی کوردستان بەرەو کوێ دەڕۆن و لە بەرژەوەندیی کورددا دەبن؟**

**نادر یڵدرم:** ئێستا داگیرکەرانی تورک، عەرەب و فارس، هەروەها ئەو هێزانەی کوردستانیان بەدەستی تورک، عەرەب و فارس داگیرکرد، دوایین هێرشیان بەرامبەر گەلی کورد ئەنجامدەدەن. هەرچەند هێرشیش بکەن، نە لە باکوور نە لە باشوور نە لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات سەرکەوتوونابن. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە لەمەودوا سەرکەوتن و بنکەوتنی کورد لەدەستی خۆیدایە. ئەوە جیاوازیی سەرەکیی ئەم قۆناغەیە بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی پەیماننامەی لۆزان. واتە دەستپێشخەری لەدەستی کورددایە. ئەگەر کورد سیاسەتێکی تەندروست و باش پەیڕەو بکەن، یەکێتی و ڕێککەوتنی بەهێز ئەنجام بدەن، سەردەکەون.

**ڕووداو: ئەی ئەگەر نەگەیشتنە ڕێککەوتن؟**

**نادر یڵدرم:** ئەگەر کورد ئەوە نەکات، ئەو بارودۆخەی هەیە درێژە بکێشێت، کورد زۆر شت لەدەستدەدات. ئەگەر کورد وەک سەدەی ڕابردوو تێکیش نەشکێت، زۆر شتی گرنگ دەدۆڕێنێ. بۆنموونە چەند ڕۆژێکە لە باشوورین، بارودۆخی باشوور هەڵدەسەنگێنین، ئەوەی دیارە هەموو پارت و ڕێکخراوەکانی باشوور، لە یەک دابڕاون. یەکیان سڵاو لەوەی دیکە ناکات، یەکیان پەیوەندی لەگەڵ ئەوەی دیکە نییە. سیستم لە باشووری کوردستان نەماوە، پەرلەمان پەکخراوە، باشوور لە نێوخۆدا پارچە بووە. دەڵێین کوردستان چوار پارچەیە، بەڵام کاتێک دێینە باشوور، ئەو پارچەیە وەکو چوار پارچە دیاردەبێت. ئەم بارودۆخە هەڕەشە و مەترسییەکان بۆ سەر کورد زیاتر دەکات.

**ڕووداو: سەردانەکەتان بۆ هەرێمی کوردستان لەسەر بانگهێشتی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان بوو یان بە دەستپێشخەریی خۆتان بوو؟**

**نادر یڵدرم:** نەخێر هیچ لایەنێک بانگهێشتی نەکردووین. سەت لە سەت وەک هەدەپە بە دەستپێشخەریی خۆمان ئەو گەشتەمان بۆ باشووری کوردستان کردووە. ئەو بارودۆخەی لەسەرەوە باسمانکرد، هەدەپەی گەیاندە ئەو قەناعەتە کە سەردانی باشووری کوردستان بکات. چونکە لە باکوور، بەتایبەتی لەم یەک ساڵ و نیوەی دواییدا شەڕێکی بەرفراوان و مەترسیدار لەسەر ئێمە بەڕێوەدەچێت. لە بوارەکانی سیاسی، سەربازی، ئابووری و کولتووری، داگیرکاری لە باکووری کوردستان کاریگەریی خۆی لەدەستداوە. هەموو ئەو نالە ناڵەی ئێستای بۆ ئەوەیە جارێکی دیکە سەرلەنوێ باکوور داگیربکاتەوە. لەبەرامبەردا گەلی باکوور و ئیرادەی سیاسی لە باکوور خۆڕاگرییەکی گەورەیان نواند. لەسەر ئەو بنەمایەش ئەنجامەمان وەدەستهێناوە.

لە ڕۆژئاواش هەمان بارودۆخ لەئارادایە. لە باشوور بەهەمانشێوە داعش لەسەر سنووری باشوورە. هێزە شیعە و سوننەکان دەرفەت بهێنن باشوور داگیردەکەن. ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەژێر دەستی داگیرکاری فارس دایە. ئەوە یەکبوونی کورد لەدژی ئەو داگیرکاری و مەترسییانە دەسەپێنێ. کاتێک سەیری ڕەوشی داگیرکەرانی کوردستان دەکەین، 500 هەزار ناکۆکییان لەگەڵ یەکدی هەیە، بەڵام کاتێک مەسەلەکە دەبێتە کورد و کوردستان، ناکۆکییەکانیان لەبیردەکەن و لەدژی کورد ڕێکدەکەون. لە یەک ناوەندەوە هێرش دەکەنە سەر کورد، بەڵام کورد بەوشێوەیە نییە. پارچە پارچە بووە. پێویستە کورد سیاسەتێکی هاوبەش پەیڕەوبکات. سیاسەتێکی یەکێتیخوازانە ئاوا بکات.

**ڕووداو: ئێوە چەند ڕۆژە لە هەرێمی کوردستانن، لەگەڵ پارتە سیاسییەکان دانیشتوون، زەمینەی ئەو یەکێتییە هەیە؟**

**نادر یڵدرم:** ئێمە هاتووینەتە باشوور بۆ یەکێتیی کوردان و هیچ ئامانج و داواکارییەکی دیکەمان نییە. لە هەندێک دەزگای ڕاگەیاندن بڵاویانکردووەتەوە کە گوایە شاندی هەدەپە داوای لە کاک مەسعود کردووە نێوبژیوانی لەنێوان دەوڵەتی تورکیا و گەلی باکووری کوردستاندا بکات، بەڵام ئەمە دوورە لەڕاستییەوە. ئێمە یەک داواکاریمان هەیە، ئەویش چارەسەرکردنی لەیەکدابڕانی کوردە.

**ڕووداو: بەڵام ئەو لەیەکدابڕانە بە ئێوە چارەسەردەکرێ؟**

**نادر یڵدرم:** ئێمە ئەو ڕۆڵەمان نەخستووەتە سەرشانی خۆمان. واتە ئێمە نە هاتووین ئەو کێشانە چارەسەربکەین، نە ئەو هێزەمان هەیە، نە ئەو ڕۆڵەشمان هەیە. تەنیا دەخوازین ببینە هۆکاری دەستپێکردنی سەرەتایەکی نوێ. دەمانەوێ ببینە پاڵنەر بۆ دانوستاندنێکی نوێ لەنێوان پارتە کوردییەکاندا. ئەمە زیانی بۆ کەس نییە، بەڵام ئەگەر جێبەجێ بکرێت و سەربگرێت، سوودی خۆی بۆ هەمووان هەیە. سوودی بۆ تەواوی کورد دەبێ. لەمبارەیەوە نزیکبوونێکی باش بەدیدەکەین. دانیشتنەکانمان لە هەولێر هیواکانی زیاتر کردین.

ئەم ماوەیە یان بەشی سەت ساڵ قازانج دەکەین

یان بەشی سەت ساڵ زیان لەخۆمان دەدەین

■ ■ ■

باشووری کوردستان بووەتە چوار پارچە

**ڕووداو: ئەو دەستپێشخەرییەی ئەگەری ئەوەی هەیە بکرێتە پرۆژەش؟**

**نادر یڵدرم:** ئەگەری هەموو شتێک هەیە. سەیرکەن لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، هەموو ڕۆژێک دەبینە شایەتی ڕووداوی نوێ، ڕۆژەڤی نوێ دێتەکایەوە. ڕێککەوتن و هاوپەیمانی نوێ دروست دەکرێن. بۆیە ئەو ئەگەرەش هەیە. چونکە کورد پێویستی بە یەکێتی هەیە. پێشموایە زۆربەی کوردی باشووری کوردستان پێویستیان بە یەکێتی هەیە. هیوادارین ئەو دەستپێشخەرییەی ئێمە ببێتە بنەمای یەکێتی بۆ کورد.

**ڕووداو: لە دانیشتنتان لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەو چۆن باسی کێشەکەی کرد؟ بەبڕوای ئەو کێشەی کوردستان چییە و بۆچی گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی ئەمڕۆ؟**

**نادر یڵدرم:** باشترە لەسەر نێوەرۆکی گفتوگۆکان قسەنەکەین. چونکە هێشتا دانیشتنەکان درێژەیان هەیە و مەسەلەکان هەستیارن. هەروەها لەڕووی ئەخلاقی سیاسییەوە ڕاست نییە نێوەرۆکی کۆبوونەوەکان ئاشکرابکرێن. ئەوەی پێویست بکات، لەکاتی خۆیدا بۆ ڕای گشتی بڵاویدەکەینەوە. پێموایە ڕاگەیاندنمان پشتگوێ نەخستووە.

**ڕووداو: کاک مەسعود گەشبین بوو؟**

**نادر یڵدرم:** ئێمە دەڵێین گەشبینین. گەشبینیمان لە پێویستیی گەلی کوردەوە بۆ یەکڕیزی سەرچاوە دەگرێت. مەسەلەکە ئەوە نییە کە کێ چی دەڵێت. گەشبینی هەیە و هەوڵدەدەین ئەو گەشبینییە بکەینە واقیع.

**ڕووداو: باسی بارودۆخی نێوخۆی هەرێمی کوردستانت کرد. تۆ پێتوایە بەبەراورد لەگەڵ پارچەکانی دیکە، لەم پارچەیەدا لێک دوورکەوتنەوە و جیاوازییەکان زیاترن. وەک تێیگەیشتبن سەرچاوەی ئەو ناکۆکی و جیاوازییانە چین؟**

**نادر یڵدرم:** نەک تەنیا لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو لە سەرتاسەری کوردستان و جیهانیش، مەسەلەی یەکێتی و هەڵوێستی هاوبەش بە کولتووری دیموکراسییەوە پەیوەستە. ئەگەر لە شوێنێک دیموکراسی بەهێز بێ و وەک لۆژیک و شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی جێبەجێ بکرێت، لەو شوێنە کێشە و ناکۆکییەکان زۆر زووتر چارەسەردەکرێن. بۆ هەموو کورد دیموکراسی پێویستیی هەرە سەرەکییە. کورد بۆ نێوخۆی و دەرەوەش پێویستی بە دیموکراسییە. بۆچی ئەمڕۆ ئەو هەموو کێشانە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پەنگیان خواردووەتەوە؟ ئایا هەرێمەکانی دیکەی جیهان کێشەیان نییە؟ بێگومان کێشەیان زۆرە، بەڵام ئەوان کێشەکانیان بە ڕێگەی گفتوگۆ و دانوستاندن چارەسەردەکەن. کەچی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لەبەر نەبوونی کولتووری دیموکراسی، هەوڵدەدرێت بەتووندی و ئاڵۆزی کێشەکان چارەسەربکرێن. کاتێک نەتتوانی کێشەکانت بە گفتوگۆ چارەسەربکەی، شەڕ و بەریەککەوتن دروست دەبێ. پارچەبوون و یەکترشکاندن دروست دەبێ. بۆیە سەرچاوەی هەموو کێشەکانمان لە نەبوونی کولتووری دیموکراسی سەرچاوە دەگرێت.

**ڕووداو: کورد ڕۆڵی سەرەکیی بینی لە شکاندنی داعش و لەو پێناوەدا قوربانییەکی زۆری بەخشی. کەچی وا خەریکە داعش بەرەو لەنێوچوون دەچێ و هەستدەکرێ هەندێکی دیکە دێنە سەر حازری و داوادەکەن لە نەخشەی دوای داعش جێگەیان پێبدرێت. تۆ ئەو تابلۆیە چۆن دەبینیت؟**

**نادریڵدرم:** دووپاتیدەکەمەوە کورد کوردەکەی جاران نییە. کورد بەر لە سەت ساڵ، بەبێ ڕێکخستن و فیکر و سیاسەت بوو، لەهەموویان زیاتر بێ سوپا و بێ ڕێبەر بوو، بەڵام کوردی ئەمڕۆ خاوەن سیاسەت، ڕێکخستن، سوپا و ڕێبەرە. بۆیە کورد دەستکەوتەکانی بۆخۆی دەباتەوە و کەس ناتوانێ دەستکەوتەکانی لێ زەوت بکات. شکاندنی داعش لە کۆبانێ دەستیپێکرد، تاوەکو کاتی ئازادیی کۆبانێ، داعش لە هیچ شەڕێکدا نەدۆڕابوو. دەستی بۆ کوێ بردووە، زۆر بەخێرایی داگیری کردووە. شوێنێکی وەکو مووسڵ، ڕەققە، ئەنبار و تکریتی گرتووە. 60%ی خاکی سووریا لەژێر دەستی داعشدا بوو. بۆیە داعش لە کۆبانێ شکا و گورزی گەورەی بەرکەوت. کۆبانێ لە مێژووی کوردستاندا نموونەی خۆڕاگرییە. واتە سیحری داعش لە کۆبانێ بەتاڵکرایەوە. شکاندنی داعش لەوێ ئاسان نەبوو. گەنجانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان خوێنیان ڕژاند. ئەو سەرکەوتنە بووە بنەمای تێکۆشانێکی نوێ. بووە بنەمای مۆراڵێکی نوێ. کورد لەسەر ئەو بنەمایە شنگالی ئازادکرد. تەواوی ڕۆژئاوای کوردستانی ئازادکرد. باشووری کوردستان هێڵی مەخموور و کەرکووکی پاراست. ئەگەر بەرخودانی کۆبانێ نەبووایە، سەت لەسەت باشووریش داگیردەکرا. ئەگەر بیرتان بێ، کاتێک داعش خۆی گەیاندە نزیک مەخموور، نیوەی هەولێر چۆڵکرا. چونکە داعش ترسێکی دروستکردبوو. بۆیە کورد ئەو دەستکەوتانەی بەخوێن بەدەستهێناوە، بە فیکر، سیاسەت و ستراتیژییەکی ڕاستیش پاراستوویەتی. بۆیە دەڵێم لەدەستدانی دەستکەوتەکان زەحمەتە. هیچ هێزێکی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناتوانێ لەم سەردەمەدا ئەو دەستکەوتانە بەدەستبهێنێ.

ڕێبەر ئۆجەلان، بە فیکر و ڕامانی خۆی، بە کولتووری دیموکراسیانە کورد ئاراستە دەکات و بەرەو پێشەوە هانیاندەدات. فیکر و ڕامانی ئۆجەلان بووەتە چرایەک بۆ ڕزگاریی تەواوی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. پەیوەندیمان لەگەڵ ڕۆژئاوای کوردستان بەهێزە. هیوای عەرەبەکانی ڕۆژئاوا لەسەر بنەمای فیکر و ڕامانی ئۆجەلان هەڵچندراوە. لە باشوور هیوایەکی بەمشێوە دەبینین. لە باکوور بەهەمانشێوە. لەبەر ئەو ئەو فیکر و ڕامانە هیچکاتێک دەستکەوتەکان لەدەستنادەین.

سیحری داعش لە کۆبانێ بەتاڵکرایەوە

■ ■ ■

ئەگەر کۆبانێ نەبووایە

باشووری کوردستانیش داگیردەکرا

کوردستانی رووداو
ژمارە (425) - دووشەممە 2016/9/26





## تورکیا 136 ڕۆژنامەڤانی دەستگیرکردووە

**ڕووداو- ئیستەنبوڵ**

لـە دوای هەوڵـی کودەتـا شکسـتخواردووەکەی تورکیا، 136 ڕۆژنامەڤـان بە تۆمەتی هەبوونـی پەیوەندی و لایەنگیریکردنـی گرووپی گولەن، دەستگیرکراون، ئەوەش لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە ڕەخنەی توندی لێگیراوە. لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا حکومەتی تورکیا دوو ڕۆژنامەڤانی لە ئیستەنبوڵ دەسـتگیرکردن، کە محەممەد ئاڵتان و ئەحمەد ئاڵتان بوون، ئەوان هەردووکیان بران و لەلایەن حکومەتی تورکیاوە تۆمەتی لایەنگری گرووپی گولەنیان دراوەتە پاڵ.ئەو ڕۆژنامەڤانانەی لەدوای کودەتا شسکتخواردووەکەی تورکیا دەستگیرکراون ژمارەیان گەیشتووەتە 136 ڕۆژنامەڤان.

## سووریا پەنادۆڵەکە دەخوات؟

# دیمەشق و پەیەدە لەسەر فیدراڵی دانوستاندن دەکەن



براددۆست ئازیزی
ڕووداو- هەولێر

خەریکە فیدراڵی دەبێتە پەنەدۆڵی ژانەسەری کێشـەکانی سـووریا. بەڕێوەبەریی خۆسـەری ڕۆژئاواش لەگەڵ حکومەتی سووریا لەسەر ئەو مژارە کەوتوونەتە دانوسـتاندن. ڕۆژی هەینیی ڕابردوو 2016/9/23 ، سـەرژمێری لە کانتۆنی جەزیرە لـە ڕۆژئاوای کوردسـتان بەڕێوەچوو. وابڕیارە هەمان سەرژمێری لە کانتۆنی کۆبانێ و عەفرینیش بکرێ، دوای سەرژمێریش ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردن بکرێ.

سـەرژمێرییەکە، کە لەلایەن بەڕێوەبەریی خۆسـەری ڕۆژئاواوە بەڕێوەچوو، ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکـی زۆری پارتەکانـی دەرەوەی تەڤگـەری دیموکراتـی (تەڤـدەم) بـووەوە. چونکـە پێیانوایە زیانی بۆ ئایندەی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان دەبێ.

سـەرچاوەیەک لە سـەنتەری لێکۆڵینەوەی ڕۆژئاوا، کە سـەر بە بەڕێوەبەریی خۆسـەریی دیمۆکراتیکـە، بـە (ڕووداو)ی ڕاگەیانـد ئـەو سـەرژمێرییە نەتەوەیـی نییـە و ژمـارەی دانیشـتووانی پێکهاتـە ئیتینکییـەکان دیاری ناکـرێ. بەڵکـو سـەرژمێرییەکی گشـتییە بۆئەوەی بزانرێ ژمارەی دانیشـتووانی هەرێمی جەزیـرە چەنـدە و چەند کەس بـۆی هەیە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بەشداربێ.

بەگوتـەی ئـەو سـەرچاوەیە ئامانجـی هەڵبژاردنەکـە تەنیـا دیاریکردنـی ژمـارەی دەنگـدەران نییە، بەڵکو بۆ دیاریکردنی ڕێژەی بێـکاری و ژمـارەی کەمئەندامـان، هەروەهـا ژمـارەی ئەو ئاوارانەیە کە ڕوویان لە کانتۆنەکە کردووە و ئەوانەی کە لەوێ ئاوارەبوون.

ترسـی حیزبەکانـی دەرەوەی تەڤـدەم لەو سەرژمێرییە لەوەیە کە هەڵبژاردنی بەدوادادێت. چونکـە زۆربـەی لایەنگرانیـان ئاوارەبوون یان لەلایەن ئاسایشی ڕۆژئاواوە دەرکراون.

د.فەرید سـەعدون، کە ماوەیەک لەمەوبەر لـە زانکۆی فورات لە حەسـەکە لـە کارەکەی دوورخرایەوە و ئێسـتا لە قامشلۆ دادەنیشێ، بـە (ڕووداو)ی گـوت "ئەو سـەرژمێرییەی لە کانتۆنی جزیرە کرا، کەموکوڕیی زۆری تێدایە. چونکە ململانێیەکی توند لەنێوان حیزبەکانی ڕۆژئـاوای کوردسـتاندا هەیـە. تەنیا لایەنێک ئـەو کارەی کـردووە. بۆیـە ئـەو داتایانـەی کۆدەکرێنەوە جێی گومانن".

دەسـتەی ڕێکخسـتنی ئەنجوومەنـی دامەزراندنی سیسـتمی فیدراڵیـی دیموکراتیی ڕۆژئاڤا- باکووری سووریا، ڕەشنووسی پەیمانی کۆمەڵایەتیی دارشتووە و ئێستاش ئامادەکاری دەکات بۆ هەڵبژاردن.

فەتحوڵڵا حوسێنی، ئەندامی نوێنەرایەتیی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا لە باشووری کوردستان، بـە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دوای سـەرژمێری، هەڵبژاردنی پەرلەمان بەناوی کۆنگرەی گەلانی دیموکـرات و هەڵبژاردنی شـارەوانییەکانیش بەڕێوەدەچـن. کەمینەکانیـش حیسـابی کۆتایان بۆ دەکرێ".

بـەڵام ئیبراهیم برۆ، سـەرۆکی ئەنجوومەنی نیشـتیمانیی کورد لە سـووریا بـە (ڕووداو)ی گـوت ئەوان بەشـداری لـە هەڵبژاردندا ناکەن، "ئێمە لەسـایەی حوکمی ئەسەددا بەشداری لە هەڵبژاردنـی گاڵتەجارانـەدا ناکەین. لایەنێکی کوردی لە ڕۆژئاوای کوردسـتان دەیەوێ هەمان ئەزموونی حیزبی بەعس دووبارەبکاتەوە".

هەروەهـا جـەواد ئەبوو حەتەب، سـەرۆکی حکومەتـی کاتیـی سـووریا هەڵوێسـتی ئۆپۆزیسـیۆن لەبارەی هەڵبژاردنی شارەوانی و پەرلەمان لە ڕۆژئاوای کوردستان ئاشکرادەکات و بـە (ڕووداو)ی گـوت "پەیـەدە جارجـارە دەیەوێ حزووری خۆی پێشـانبدات، بەڵام هیچ لایەنێک بایەخ بە پڕۆژەکانی نادات. دەیەوێ بە خۆسەپاندن شەرعیەت بەخۆی بدات. ئێمە ئەو هەڵبژاردنە بە کارتۆنی دەزانین".

پێدەچـێ حکومەتـی سـووریا گڵۆپـی سـەوزی بـۆ ئیـدارەی ڕۆژئـاوا هەڵکردبێ بۆ ئەنجامدانی هەڵبـژاردن. هەربۆیەش گفتوگۆی لەگـەڵ دەکات. ئێسـتا دانوسـتاندنەکان بـە نێوبژیوانیی ڕووسیا لەنێوان حکومەتی سووریا و سەرکردەکانی تەڤدەم لەبارەی هەڵبژاردن و سیستمی فیدڕاڵی دەستیپێکردووە.

سـەرچاوەیەک لـە حکومەتی سـووریا، کە ئـاگاداری دانوسـتاندنەکانە، بـە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ڕۆژی دووشەممە 2016/9/19 شاندی یەپەگە و تەڤدەم لە فڕۆکەخانەی قامشـلۆ بە فڕۆکەیەکی ڕووسی چوونەتەپەنەدۆڵ و فیدراڵی لە جنێڤ ڕۆژی 2016/1/31 بەشار جەعفەری، باڵیۆزی سـووریا لە نەتـەوە یەکگرتووەکان و نوێنەری بەشـار ئەسـەد لە دانوسـتاندنەکانی جنێڤ 3، لەبارەی پرسی فیدراڵی لە ڕۆژئاوای کوردستان، لە وەڵامی پەیامنێری ڕووداودا گوتی "ئـەوەی داوای فیدراڵـی بۆ سـووریا دەکات با حەبی پانادۆڵ بخوات".

نوێنەرەکەی ئەسەد لە درێژەی وەڵامەکەیدا گوتـی "پرسـی دابەشـکردن بەتەواوەتـی لە مێشـکتان دەربکـەن، هەرکەسـێک بیر لەوە بکاتەوە کە سووریا دابەش بکات لەگەڵ هەموو ڕێزمانـدا، حەبی پانادۆڵ یان ئەدڤیل بخوات و لەو وەهمە خۆی دەرباز بکات".

بەڵام ئێستا فیدرالیزم مژارێکە و لە سووریا بەجـدی گفتوگـۆی لەسـەردەکرێت. بەشـار ئەسـەدیش لـە هەڤپەیڤینەکانیـدا دژایەتیـی ئەو سیسـتمەی نەکردووە و بەڵکو دەڵێ هەر بڕیارێک لەبـارەی ئایندەی سـووریاوە بدرێ، دەبێ لە چوارچێوەی دەستووری سووریادا بێ و خەڵکی سووریا بڕیاری لەسەر بدات.

پێشـتر جـۆن کێـری، وەزیـری دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاندبوو ئاگربەست دوایین چانسی مانەوەی سووریایە بەیەکگرتوویی. بۆیە ئێستا دابەشـکردنی ئەو وڵاتە بۆ چەند هەرێمێک بە دەریچەیەک دادەنرێ بۆ دەرچوونی سووریا لەو قەیرانەی تێیکەوتووە.

فڕۆکەخانـەی حمێمیـم لـە لازقیـە، کـە لەژێـر دەسـتی سـوپای ڕووسـیادایە. دوای کۆبوونەوەیان لەگەڵ بەرپرسانی ڕووسیا، هەر لە دیمەشـق لەگەڵ عەلی مەملووک، سەرۆکی نووسـینگەی ئاسایشی نیشـتیمانیی سووریا کۆبوونەتەوە".

بەگوتـەی ئـەو سـەرچاوەیە "شـاندی بەڕێوەبەریـی خۆسـەری ڕۆژئـاوا بـە عەلـی مەملووکیان ڕاگەیانـدووە کە ئەوان خۆیان بۆ ڕاگەیاندنی سیسـتمی فیدڕاڵی ئامادەکردووە. سیسـتەمە فیدراڵییەکـەش لەسـەر بنەمـای جوگرافییە و هەموو پێکهاتەکان بە یەکسـانی تێیدا بەشداردەبن".

حکومەتی سووریا لەبارەی کۆبوونەوەکانی لەگەڵ خۆسەریی ڕۆژئاوا هیچ لێدوانی فەرمیی نەداوە، بەڵام بەرپرسانی ڕووسیا چەندینجار لە لێدوانەکانیاندا فیدراڵیان وەکو چارەسەرێک بۆ قەیرانی سووریا پێشنیازکردووە.

### پەنەدۆڵ و فیدراڵی لە جنێڤ

ڕۆژی 31/1/2016 بەشـار جەعفـەری، باڵیـۆزی سـووریا لـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان و نوێنەری بەشـار ئەسـەد لە دانوسـتاندنەکانی جنێڤ 3، لەبارەی پرسی فیدراڵی لە ڕۆژئاوای کوردستان، لە وەڵامی پەیامنێری ڕووداودا گوتـی "ئەوەی داوای فیدراڵی بۆ سـووریا دەکات با حەبـی پانادۆڵ بخوات". نوێنەرەکەی ئەسـەد لە درێژەی وەڵامەکەیدا گوتی "پرسـی دابەشـکردن بەتەواوەتی لە مێشکتان دەربکەن، هەرکەسێک بیر لەوە بکاتەوە کە سووریا دابەش بـکات لەگەڵ هەموو ڕێزماندا، حەبی پانادۆڵ یان ئەدڤیل بخوات و لەو وەهمە خۆی دەرباز بکات".

بـەڵام ئێسـتا فیدرالیـزم مژارێکـە و لـە سـووریا بەجـدی گفتوگـۆی لەسـەردەکرێت. بەشـار ئەسـەدیش لە هەڤپەیڤینەکانیدا دژایەتیی ئەو سیستمەی نەکردووە و بەڵکو دەڵێ هەر بڕیارێک لەبارەی ئایندەی سووریاوە بدرێ، دەبێ لە چوارچێوەی دەستووری سووریادا بێ و خەڵکی سووریا بڕیاری لەسـەر بدات. پێشـتر جۆن کێری، وەزیـری دەرەوەی ئەمریـکا ڕایگەیاندبوو ئاگربەست دوایین چانسی مانەوەی سـووریایە بەیەکگرتوویی. بۆیە ئێستا دابەشـکردنی ئەو وڵاتە بـۆ چەند هەرێمێک بـە دەریچەیـەک دادەنرێ بۆ دەرچوونی سووریا لەو قەیرانەی تێیکەوتووە.

## تورکیا دەیەوێ جزیرە و کۆبانێ لەیەکدی دابڕێت

# ئەمریکا لە گرێ سپی ئاڵاکەی پیشانی تورکیا دەدات

ڕووداو – هەولێر

ئامادەکاریـی سـوپای تورکیـا بـۆ گرتنـی شـارۆچکەی ئەلباب لە باکووری سووریا، باسی گەرمی میدیاکانی تورکیایە، بەڵام شـرۆڤەکاران گرتنەوەی ئەلباب بە ئاڵۆز و فرەڕەهەند دەزانن. چاودێرێـک دەڵێت بەرزکردنەوەی ئاڵای ئەمریکا لـە گرێ سـپی پەیامی ئەمریکایـە و بە تورکیا دەڵێت "ئامادەین لەسەر ڕۆژئاوای فورات سەودات لەگەڵ بکەین، بەڵام ڕۆژهەڵاتی فورات سـەودای لەسەر ناکرێ".

ڕۆژ بـەڕۆژ داعـش لە سـووریا و بەتایبەتی لە ڕۆژئـاوای کوردسـتان لـە پاشەکشـەدایە. ڕۆژی 2016/9/13 هێزەکانـی سـووریای دیموکـرات، شـارۆچکەی منبج-یان لەدەسـت داعش دەرهێنا. ئـەو هێـزە ڕۆژی 2016/8/31، بـە ئاراسـتەی شـارۆچکەی ئەلباب جووڵەیان کرد و گوندەکانی حەربل و ئوم حووش و ئوم قورایان گرت.

لەولاشـەوە سـوپای تورکیـا هاوشـانی چەند گرووپێکـی چەکـداری ئۆپۆزیسـیۆنی سـووریا ئۆپەراسیۆنێکی بۆ سەر شـارۆچکەی جەرابلوس دەسـتپێکرد و کۆنترۆڵیکرد. ئێستا ململانێیەکی توونـد لەنێـوان تورکیـا و هێزەکانی سـووریای دیموکـرات هەیە لەسـەر ئـەو بەشـەخاکەی لەو ناوچەیەدا لەژێر کۆنترۆڵی داعشدا ماوە.

ئامانجی تورکیا تەنیا دەرکردنی داعش نییە لە باکووری سووریا، بەڵکو هەوڵدەدات ڕێگری بکات لە بەیەکگەیشتنی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا. لەلایەکەوە هەوڵدەدات بەرەو شـارۆچکەی ئەلباب پێشڕەوی بـکات و یەکگرتنی کانتۆنەکانی کۆبانێ و عەفرین پەکبخات. لەلایەکی دیکەشەوە هەوڵدەدات لە گرێ سپی بە بیانووی پێشڕەویکردن بەرەو ڕەققە جێ پێی خـۆی بکاتەوە و کانتۆنـی کۆبانێ و جزیرە لێـک دابڕێت. بـەڵام ئـەو حیسـابانەی تورکیا بەریەککەوتنـی هەیـە لەگـەڵ چەندین کێشـەی تەکنیکی و بەرژەوەندیی وڵاتانی دیکە لە سووریا.

چاودێـران دەڵێـن لـە قۆناخـی یەکەمـی ئۆپەراسـیۆنەکەی تورکیا بۆ سـەر جەرابلوس، بەرژەوەندیـی ئەمریـکا، ڕووسـیا و ئێـران لەگـەڵ بەرژەوەندیـی تورکیـا بەریەکنەکەوتن، بـەڵام لەوانەیـە لـە قۆناخەکانـی داهاتـوودا بەرژەوەندییەکان بەر یەک بکەون.

ئەحمەد قاسـم خـان، پسـپۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییـەکان بـە BBCی تورکیـی گوتووە "دیـارە کاردانەوەکان بەرامبەر ئەو ئۆپەراسـیۆنە لـە قۆناغی یەکەمـدا نەرێنـی نەبوون. ڕووسـیا کاردانەوەی نەبوو. ئەمریکا پشتگیریی کرد، بەڵام دوورنییە ئەو ئۆپەراسـیۆنە لـە قۆناغی دووەمیدا لەگەڵ وڵاتانی دیکە لە سووریا بەریەکبکەوێت".

ڕۆژی 2016/9/15 بەرزکردنەوەی ئاڵای ئەمریکا لە سەر چەند خانوویەکی گرێ سپی و لە دەروازەی گومرگی گرێ سـپی لەگەڵ تورکیا، گفتوگۆیەکی گەرمـی لێکەوتـەوە. تورکیا ڕایگەیانـد یەپەگە لەترسی سوپای سـووریای ئازاد ئاڵای ئەمریکای بەرزکردووەتەوە، بەڵام هەر زوو سەربازانی ئەمریکا ڕایانگەیاند ئەوان کاتێک چوونەتە گرێ سپی لەلای تورکیاوە تەقەیان لێکراوە، بۆیە ئاڵای وڵاتەکەیان بەرزکردووەتەوە.

بەرپرسێکی یەپەگە لە گرێ سپی ڕووداوەکەی بۆ ئاژانسی (سـپۆتینگ)ی ڕووسی گێڕاوەتەوە و دەڵێت "سـوپای تورکیا بە بیانووی ئۆپەراسیۆنی ڕەققەوە هەوڵدەدات گرووپە چەکدارەکان ڕەوانەی نێـو گـرێ سـپی بـکات. هەروەها هەوڵـدەدەن عەشیرەتە عەرەبەکان لەدژی ئێمە پڕچەک بکەن، ئەو مەسەلەیەمان گەیاندە ئەمریکییەکان، ئەوانیش هاتنە گرێ سپی و ئاڵاکانیان بەرزکردەوە".

مەتین گورجان، شرۆڤەکاری سەربازی، دەڵێت تورکیا دەیەوێ سەرکەوتنەکەی لە ڕۆژئاوای فورات، لە ڕۆژهەڵاتی فوراتیش دووبارەبکاتەوە. هەوڵدەدات هەردوو کانتۆنی کۆبانێ و جەزیرە لەیەک دابڕێ، بەڵام ئەمە پەیوەستە بە ڕەزامەندیی واشنتنەوە.

بەگوتەی گورجان "بەرزکردنەوەی ئاڵای ئەمریکا لە گرێ سـپی، کە دەکەوێتـە ڕۆژهەڵاتی فوڕات، ڕەتکردنەوەی داخوازییەکانی تورکیایە. ئەو ئاڵایە نیشانەی گرتنەبەری ڕێوشوێنە لەلایەن ئەمریکاوە بۆ ئەگەری هێرشـی تورکیا بۆ سـەر گرێ سپی. ئەمریـکا دەیـەوێ بـە تورکیا بڵێ ئێـرە پێگەی یەپەگەی هاوپەیمانی ستراتیژیمە لەدژی داعش. بۆ ڕۆژئاوای فورات سـەودات لەگەڵ دەکەم، بەڵام بۆ ڕۆژهەڵات دەرگای سەوداکردنم داخراوە".

سەمیح ئیدز کە شارەزای سیاسەتی دەرەوەی تورکیایـە، لەبـارەی ئەگەری هێرشـی تورکیا بۆ سـەر ڕۆژهەڵاتـی فـورات، بـە (ڕووداو)ی گـوت "ڕۆژهەڵاتـی فـورات بووەتـە دیفاکتـۆ، تورکیـا ناتوانێ ئـەو دیفاکتۆیە بگۆڕێت، چاکتروایە خۆی لەگەڵ بگونجێنـێ و هەوڵبدات لە ڕۆژئاوای فورات دیفاکتۆیەک بەگوێرەی خۆی دروست بکات".

تورکیـا بۆ گرتنـی ئەلباب دەیـەوێ ئەمریکا گڵۆپی سـەوزی بـۆ هەڵبکات. بۆیـە دەڵێت بە گرووپە چەکدارییەکانی ئۆپۆزیسـیۆنی سـووریا ئەو کارە دەکات، بەڵام هێرشێکی داعش بۆ سەر ئەو گروپانە و دەرهێنانی چوار گوند لەدەستیان، متمانەی ئەمریکای بەو هێزانە کەمکردووەتەوە.

ڕۆژی 2016/9/16 تیمێـک لـە سـەربازانی سوپای ئەمریکا لەنێو تورکیاوە چوونەتە ناوچەی ئەلڕاعی لە باکووری سووریا، بەڵام لەگەڵ گرووپە چەکـدارە سـوورییەکان بووەتـە دەمەقاڵێیان و لەوێ نەمانەوە. بەگوێرەی ئەو گرتە ڤیدیۆییانەی میدیاکانـی تورکیـا بڵاویانکردووەتـەوە، چەکدارە سـوورییەکان سـووکایەتی بە سەربازە ئەمریکییەکان دەکەن.

مەتە سـۆهاتئۆغڵوو، کـە چاودێرێکی تورکی ڕەوشـی سـووریایە، دەڵێـت دەمەقاڵێکە کاتێک دروسـتبووە کە تیمە ئەمریکییەکە بـە چەکدارە سوورییەکانی گوتووە مۆڵەتتان دەدەینێ لەماوەی 30 ڕۆژدا ئەلبـاب بگرنـەوە. ئەگەر لـەو ماوەیەدا نەیگرنـەوە، هێزەکانـی سـوریای دیموکـرات لە دیوەکەی دیکەوە ئەلباب دەگرنەوە.

سـۆهاتئۆغڵوو پێیوایە "ئەمریـکا هەوڵدەدات کۆسپ بخاتە بەردەم ئۆپەراسیۆنی تورکیا بۆ سەر ئەلباب، چوونی تیمە ئەمریکییەکەش هەر بۆ ئەو مەبەستە بووە".

ڕۆژنامەکانـی نزیک لـە ئاکپارتی چەند ڕۆژێکە لەسـەر گرتنی ئەلباب دەنووسـن. بەگوێرەی ئەو ڕۆژنامانـە ئەگـەر گرووپە سـوورییەکان نەتوانن ئەلبـاب بگـرن، ئەوە هێزێکی 40 هەزار کەسـیی سوپای تورکیا بەهانایانەوە دەچێ.

مەتیـن گورجان چوونی سـەربازانی تورک بۆ ناو ئەلباب بە سـیناریۆیەکی نەرێنی وەسفدەکات و دەڵێت "ئەگەر یەکینەکانی کۆماندۆی تورکیا لە ئەلراعـی بەرەو ئەلباب بچن، کەواتە چەکدارەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا هیچ کاریگەرییەکیان نابێ".

سـەمیح ئیدیـز لـە دوو گۆشـەوە تەماشـای مەسـەلەکە دەکات. ئـەو پێیوایـە ئەگـەری سازشـکردن لەگەڵ ئەمریـکا لەوبارەیـەوە هەیە "تورکیـا قبوڵـدەکات منبج لەژێر دەسـتی هێزە کوردییەکانـدا بێ، لەبەرامبەریشـدا ئەمریکا ڕازی دەبێت تورکیا و هێزەکانی سـەر بە تورکیا بەرەو ئەلباب پێشڕەوی بکەن". بەڵام ئەو پێیوایە چوونی سوپای تورکیا هاوشانی گرووپە ئۆپۆزیسیۆنەکانی سـووریا بە ئاراسـتەی ئەلباب چەندین کێشـە و مەترسـیی دیکە بۆ تورکیا دروسـتدەکات "ئەگەر هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سـووریا نەتوانن ئەلباب بگرن، تورکیا ناچارە سـوپای خۆی ڕەوانەبکات. چوونی سوپای تورکیا بەتەنیا بۆ ئەلباب، تورکیا وەکو داگیرکەرێک وێنا دەکات. ڕووسـیا، ئێران و سووریا ئەمە قبوڵناکەن. ئەوکات ئاڵۆزی و کێشەی نوێ دێنەپێشەوە".





## سەفین دەگەڕێتەوە هەشتاکان

**پشتیوان جەمال / ڕووداو- سلێمانی**

گۆرانیبێژ سەفین بەرزنجی ڕایگەیاند دوو ئەلبوومی گۆرانی بڵاودەکاتەوە و گۆرانییەکی نەجمەی غولامیش دەڵێتەوە.
سەفین بەرزنجی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەهۆی سەرسامبوونی بە گۆرانییەکان و دەنگی هونەرمەند نەجمەی غولامی بڕیاریداوە یەکێک لە گۆرانییەکانی بڵێتەوە کە ساڵانی هەشتاکان گوتراوە، بەڵام نەیویست ناوی ئاشکرابکات. دابەشکردنی میوزیکی گۆرانییەکە لەلایەن پێشەوا محەممەد کراوە و بڕیار محەممەد دەرهێنەری کلیپەکەیە.
بەرزنجی کە پێشتر چەند گۆرانییەکی سینگلی گوتووە، ئاشکرایکرد دوو ئەلبوومی گۆرانیی ئامادەیە، کە بە هەردووکیان 16 گۆرانییان لەخۆگرتووە و لە داهاتوویەکی نزیکدا بڵاویاندەکاتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا ناوی بۆ ئەلبوومەکانی دانەناوە.

## پەیوەند جاف 6 ساڵە خەریکی گۆڵێکە

### پەیوەند جاف بۆ(ڕووداو):

# گۆرانیگوتن لە چێشتخانەکان عەیب نییە



هونەرمەندی گۆرانیبێژ پەیوەند جاف، لەدایکبووی شاری سلێمانییە. زیاتر لە 20 ساڵە سەرقاڵی گۆرانیگوتنە. ساڵانێکیش لە دەرەوەی وڵات ژیاوە. پەیوەند جگە لەو بەرهەمانەی بەشێوەی تراک بڵاویکردوونەتەوە، خاوەنی سێ ئەلبوومیشە بە ناوەکانی (بێدەنگی، باران، پەپوولە). ئێستاش سەرقاڵی تەواوکردنی ئەلبوومێکی دیکەیە.
لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو)، پەیوەند باسی ئەلبوومەکە و یادگارییەکانی لەگەڵ شاعیری کۆچکردوو شێرکۆ بێکەس-ی خەزووری دەکات. ئاشکراشیدەکات لەگەڵ زیاد ئەسعەد بەنیازن گۆرانییەک بۆ شێرکۆ بێکەس بڵێن.

هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال
ڕووداو - سلێمانی

### لەگەڵ زیاد ئەسعەد گۆرانییەک بۆ شێرکۆ بێکەس دەڵێین

### ئەلبوومە نوێیەکەم 30 هەزار دۆلاری تێچووە

**ڕووداو: باسێکی ئەلبوومە نوێیەکەتمان بۆ بکە؟**
**پەیوەند جاف:** نزیکەی حەوت ساڵە سەرقاڵی ئەو ئەلبوومەم، کە لە 10 تراک پێکدێت و یەکێکیان مقامە. بەرهەمی شاد و خاویشیان تێدایە. هەردوو بەرهەم لەسەر شێوازێک گوتراوە. میوزیسیەنەکانیش جیاوازن، بۆئەوەی بەرهەمەکان لە یەک نەچن. بەشێک لە بەرهەمەکانیش لە تورکیا و ئێران تۆمارکراون. مەقامێکیشیان پێشکەشە بە ڕۆحی دایکی کۆچکردووم و هەموو دایکانی دیکە.
**ڕووداو: حەوت ساڵ بۆ بەرهەمهێنانی ئەلبوومێک کاتێکی زۆر نییە؟**
**پەیوەند جاف:** بێگومان زۆرە، بەڵام بیرم لەوە کردەوە کە پەلەی تێدانەکەم. خۆشم پێمخۆشە هەر بەرهەمێک تۆماردەکەم بمێنێتەوە. حەزم لە زۆری و بۆری نییە. بۆنموونە گۆرانییەکانی 25 ساڵ لەمەوبەرم تاوەکو ئێستاش هەر ماونەتەوە.
**ڕووداو: بۆچی گۆرانییەکانی ئەم ئەلبوومەت تێکەڵەیەکن لە فۆلکلۆر و نوێ؟**
**پەیوەند جاف:** زۆر کەس پرسیاریان لێکردووم کە لەم ئەلبوومەمدا هەردوو شێوازەکەی تێدا دەبێت و داوایانکردووە وابێت. منیش حەزمنەکردووە دڵیان بشکێنم. پێمخۆشە گەنجان و بەتەمەنەکانیش گوێی لێبگرن.
**ڕووداو: ئەلبوومەکە ناوی چییە؟**
**پەیوەند جاف:** بۆ گوڵێک.
**ڕووداو: دەگوترێت تەنیا ئامادەکردنی گۆرانیی (بۆ گوڵێک) زۆرتر لە ساڵێکی پێچووە. ئەمە ڕاستە؟**
**پەیوەند جاف:** بەڵێ نزیکەی شەش ساڵی پێچووە. تێکست و میلۆدیی هونەرمەند زیاد ئەسعەدە و کاری زۆری تێداکردووە. پێشتریش مامۆستای کۆچکردوو شێرکۆ بێکەس گوێی لێگرتبوو.
**ڕووداو: کەی بڵاویدەکەیتەوە؟**
**پەیوەند جاف:** سێ لە گۆرانییەکان کلیپکراون. یەکێکیان لەلایەن کۆمپانیای بابیلۆن و دووشیان لەلایەن بڕیار فەتاحەوە. بەنیازم کلیپێکی دیکەش بکەم. زۆر حەزدەکەم ئەمساڵ بڵاوییکەمەوە، بەڵام دۆخی ناوچەکە و کوردستان زۆر خراپە. بۆیە ئەگەر دۆخەکە ئاسایی بووەوە، بڵاویدەکەمەوە.
**ڕووداو: ئەلبوومەکەت چەندی تێچووە؟**
**پەیوەند جاف:** نزیکەی 30 هەزار دۆلار. پارەکە زۆر نییە. چونکە ئەگەر بتەوێ بەرهەمێکی باش بڵاوبکەیتەوە، نابێ چاوت لە پارە بێت. من گۆرانی ناڵێم بۆئەوەی لەڕووی ماددییەوە لێی سوودمەندبم. بەڵکو دەمەوێ گۆرانییەکان شوێنی خۆیان بگرن.
**ڕووداو: دەڵێن لەگەڵ هونەرمەند زیاد ئەسعەد گۆرانییەک بۆ شێرکۆ بێکەس دەڵێن؟**
**پەیوەند جاف:** ڕاستە. زیاد ئەسعەد ئەو بەرهەمەی بۆ مامۆستا شێرکۆ ئامادەکردبوو و بەنیازبوو خۆی بیڵێت، بەڵام داوالێکرد پێکەوە تۆماری بکەین. ڕەنگە هەر بە هاوبەشیش بیڵێین.
**ڕووداو: دەگوترێت لەگەڵ میوزیسیان هەڵکەوت زاهیر بەنیازی ئەلبوومێکی دیکەن، ڕاستە؟**
**پەیوەند جاف:** پێشتر قسەمان لەسەر ئەوە کردووە کە ئەگەر بتوانین کار لەسەر کۆمەڵێک مەقامی دیکە بکەین و لە ئێران میوزیکەکەی ئامادەبکەین.
**ڕووداو: بەڵام لە ئەلبوومەکەی پێشترتدا لەگەڵ میوزیسیەن هەڵکەوت زاهیر، ڕەخنەی زۆرت لێگیرا؟**
**پەیوەند جاف:** دەستخۆشیم لێکرا و ڕەخنەشم لێگیرا، بەڵام میوزیسیەن هەڵکەوت زاهیریش گەیشتە ئەو باوەڕەی کە شێوازی میوزیکی تەڕەب بۆ دەنگی من نابێت و پێویستە کار لەسەر ئەو ستایلە بکات کە بۆ دەنگی من گونجاوە.
**ڕووداو: بۆچی ئێستا کەمتر لە دەرەوەی کوردستان کۆنسێرت دەکەی؟**

### پیرەکانیش دەتوانن گوێ لە ئەلبوومە نوێیەکەم بگرن

**پەیوەند جاف:** زیاتر لە بیست ساڵە لە دەرەوە کۆنسێرت دەکەم. ئیدی تاقەتم نەما. حەزدەکەم لەمەودوا لە کوردستان خزمەت بکەم.
**ڕووداو: لێرە بەشداری لە زۆر ئاهەنگدا لە ریستۆرانتەکان دەکەیت. هەندێککەس پێیان ئاساییە، بەڵام هەندێکیش ئەوە بە کاری گۆرانیبێژە تازەکان دەزانن، بەلای تۆوە ئاساییە؟**
**پەیوەند جاف:** من هەمیشە حەزم لەسەر ستەیج بووە. تەنانەت کاتێک گۆرانیم گوتووە نەمزانیوە ناوبانگ و پارە چییە، چونکە لەدڵەوە گۆرانی دەڵێم. بۆ بەشداریکردنیشمان لە ئاهەنگی ڕێستورانتەکان ئاساییە. چونکە پیشەکەمان هونەرە. لە دەرەوەش هونەرمەندانی وەکو موعین و داریوش بەشداری دەکەن.
**ڕووداو: بۆچی کلیپت کەمە؟**
**پەیوەند جاف:** هونەرمەند دەتوانێت بەبێ کلیپیش ببێتە باشترین هونەرمەند. هونەرمەند هەیە دەیان کلیپی هەیە و شوێنی بەپێی پێویست نەگرتووە.
**ڕووداو: چەند منداڵت هەیە؟**
**پەیوەند جاف:** دوو کوڕ، یەکێکیان ناوی ئاران-ە و تەمەنی 12 ساڵە، ئادان-یش تەمەنی چوار ساڵە. هەردووکیان مامۆستا شێرکۆ بێکەس ناوی لێناون.
**ڕووداو: کچی شاعیری کۆچکردوو مامۆستا شێرکۆ بێکەس هاوژینتە، چۆن بوو هاوسەرگیریتان کرد؟**
**پەیوەند جاف:** وەک خێزان پێشتر یەکدیمان دەناسی. پێشئەوەی ببمە زاوای، لە ئەڵمانیا مامۆستا شێرکۆم ناسی. لە سویدیش بۆ یەکەمجار کچەکەیم بینی. زاوایەکی دیکەشی هاوڕێی منداڵیم بوو. لەڕێگەی ئەو هاوڕێیەمەوە چوومە داخوازیی.
**ڕووداو: پەیوەندیی سۆزداریتان هەبوو؟**
**پەیوەند جاف:** تەنیا ئەو ماوەیەی ویستمان هاوسەرگیری بکەین پەیوەندیمان هەبوو.
**ڕووداو: دوای چوار ساڵ لە کۆچی دوایی شێرکۆ بێکەس، چ کاریگەرییەکی لەسەر جێهێشتوویت؟**
**پەیوەند جاف:** هەمیشە لە دڵمدایە و لە هەموو چاوپێکەوتنێکدا هەستدەکەم لەگەڵمدایە. قسەکانی لەگوێمدان. کاتێکیش دەچمەوە سلێمانی، هەستدەکەم شتێکی گەورەم لێ ون بووە. هەر جارێک دەگەڕێمەوە کوردستان، دەچمە سەر گۆڕەکەی. جگە لەوەش بەردەوام هەوڵدەدەم هۆنراوەکانی بکەمە گۆرانی.

### پزیشک و ئەندازیاری تێدایە

# 11 کچ بەتەمان ببنە شاجوانی کوردستان

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

وا بڕیارە ڕۆژی 2016/10/6 ڕێوڕەسمی هەڵبژاردنی شاجوانی کوردستان لە شاری هەولێر بەڕێوەبچێ. 11 کچی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستانیش کێبڕکێ لەسەر بەدەستهێنانی تاجەکە دەکەن.
زیاتر لە دوو مانگە دەستەی گشتیی گەشتوگوزار بە هاوکاریی کۆمپانیای بابیلۆن، سەرقاڵی ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردنی شاجوانی کوردستانن. هەرچەندە وا بڕیار بوو ڕێوڕەسمەکە لە ڕۆژی 2016/9/27، کە ڕۆژی جیهانیی گەشتوگوزارە، بەڕێوەبچێ، بەڵام بەهۆی تەواونەبوونی ئامادەکارییەکانەوە دواخرا بۆ ڕۆژی 2016/10/6.
سیروان تۆفیق، بەڕێوەبەری بازاڕدۆزی لە دەستەی گشتیی گەشتوگوزار، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند لەبەر ئامادەکاریی باشتر لەڕووی ئامادەکردنی هۆڵەکەوە بە دیزاینێکی تایبەت کە بۆ ئەو مەبەستە دروست دەکرێت لەلایەن کۆمپانیای جێبەجێکارەوە، پرۆسەکە دواخراوە، جگە لەوەش لە ڕۆژی جیهانیی گەشتوگوزاردا بە چالاکییەکانی ئەو ڕۆژەوە سەرقاڵدەبن.
بۆ یەکەمجار لە مانگی حوزەیرانی 2012، لە مێژووی کوردستاندا، شاجوانی کوردستان هەڵبژێردرا و شێنێ ئاکۆ، لەنێو 17 کچدا بە شاجوانی کوردستان هەڵبژێردرا. ساڵی دواتر 43 کچ بەشدارییان لە کێبڕکێکەدا کرد و لە کۆتایی مانگی ئەیلوولی 2013، فێنک محەممەد تاجەکەی لەسەر نرا.
لە دوو ساڵی ڕابردوودا، بەهۆی شەڕی داعش و قەیرانی داراییەوە، مەراسیمی هەڵبژاردنی شاجوان بەڕێوەنەچوو. بەپێی ڕێساکانی هەڵبژاردنی شاجوانیش، شاجوانی پێشتر تا ئەوکاتەی شاجوانی نوێ هەڵدەبژێردرێت، وەک شاجوان دەمێنێتەوە.

### لە 63 کچەوە 11 مانەوە

بەپێی ئەو ئامارەی لەلایەن دەستەی گەشتوگوزارەوە دراوەتە (ڕووداو)، ئەمساڵ 63 کچ سیڤییان پێشکەشکردووە.
سیروان تۆفیق گوتی "لە باشووری کوردستان 63 کچ سیڤییان پێشکەشکردووە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان 10 کچ، 10 کچی کوردی تاراوگەنشینیش سیڤییان پێشکەشکردووە، بەڵام هیچ کچێکی باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان سیڤییان نەناردووە".
بە گوتەی سیروان تۆفیق لەو 63 کچەی سیڤییان پێشکەشکردبوو، تەنیا 11 کچ بۆ قۆناغی کۆتایی کێبڕکێکە هێڵدراونەتەوە. ئێستا ڕۆژانە لەلایەن مامۆستای بابەتەکانیانەوە مەشقیان پێدەکرێت.
هەڵبژاردنی یەکەم و دووەمی شاجوان بەلای بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستانەوە نامۆ بوو، بۆیە ژمارەیەکی کەم لە کچان بەشدارییان تێداکرد. سیروان گوتی "دەبینین ساڵانە ژمارەی بەشداربووان زیاتردەبن لەبەرئەوەی پێشتر پرۆسەکە بەشێوەیەکی جوان بەڕێوەچووە و شاجوانەکان نموونەیەکی باشیان پێشکەشکردووە و کارەکانیان لە دابونەریتی کوردەوارییەوە نزیک بوون. بێگومان خێزانەکانیشیان تێگەیشتنی زیاتریان بۆ پرۆسەکە هەیە".

### دکتۆر و ئەندازیاری تێدایە

پێشتریش دەستەی گەشتوگوزار لەڕێگەی (ڕووداو) ەوە مەرجەکانی بەشداربوونی کچانی ئەمساڵی ئاشکراکرد، کە دەبێ ئەو کچانە تەمەنیان لەنێوان 18 تا 30 ساڵ بێت، باڵای 165 سانتیمەتر بێت، بڕوانامەشی لەسەرووی قۆناغی ئامادەیی بێت. سیروان گوتی "بەخۆشحاڵییەوە ئەمساڵ لەو کچانەی کێبڕکێ دەکەن، هەیانە بڕوانامەی دکتۆرا یان ئەندازیاریی هەیە. ئەوەش سەرکەوتنێکی دیکەی پرۆسەکەیە".

### شاجوان و هاوەڵەکانی

لە دووەم پرۆسەی هەڵبژاردنی شاجواندا، جگە لە شاجوانی سەرەکی، چوار شاجوانی دیکە بە چەند نازناوێکی دیکەوە هەڵبژێردران، بەڵام ئەمساڵ پرۆسەکە جیاواز دەبێت. سیروان گوتی "ئەمساڵ تەنیا شاجوان لەگەڵ دوو هاوەڵی دیکەی هەڵدەبژێردرێن".
هەڵبژاردنی شاجوانی کوردستان لە کاتێکدایە، کە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی قەیرانی دارایی بووەتەوە، ئەمەش ڕەنگە گرفت بۆ پرۆژەکانی شاجوان دروست بکات. سیروان گوتی "ئێمە بەرپرس نین لە دابینکردنی بودجە بۆ پرۆژەکانی شاجوان، بەڵکو ئەوە دەکەوێتە سەر ئەستۆی ئەو کۆمپانیایەی پرۆسەکە بەڕێوەدەبات، جگە لەوەش دەبێ ئەو کچەی دەبێتە شاجوان بتوانێت پشتگیریی ڕێکخراو و کۆمپانیاکان بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خێرخوازی بەدەستبهێنێ یان دەتوانێت هەندێک پرۆژە بکات کە پێویستیان بە پارە نییە، وەک پرۆژەکانی هۆشیارکردنەوە".
ئێستا بەهۆی ئەو قەیرانەوە کەم بۆنە هەیە، بە تایبەتی ئەو جۆرە بۆنانە، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا نەکەونە بەر ڕەخنە و تانە و تەشەر. سیروان دەڵێت "هەق نییە خەڵک ڕەخنە لەو بۆنەیە بگرن".
چونکە، وەک سیروان تۆفیق باسیدەکات "لە دوو ساڵی ڕابردوودا بۆ ڕێزگرتن لە خوێنی شەهیدان پرۆسەکەمان ڕاگرت. ئێستاش بەپێچەوانەوە دەبێ بۆ نەیارانمانی بسەلمێنین کە سەرەڕای هەموو قەیرانەکان، بەڵام ژیان لە هەرێمی کوردستان بەردەوامە. بیریشمان نەچێت هەڵبژاردنی شاجوان هۆکارێکی گرنگە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی گەشتیاران بۆ هەرێمی کوردستان".

### تەنیا میسر و لوبنان ئامادەن

لیژنەیەکی 12 کەسی لە ناوەوە و دەرەوە بۆ هەڵبژاردنی شاجوان دیاریکراون، بەڵام سیروان ئامادە نەبوو ناوی هیچکام لە ئەندامانی لیژنەکە ئاشکرا بکات، ئەو دەڵێ بۆیە ئاشکرایانناکات "تاوەکو پرۆسەکە بە پاکی بەڕێوەبچێ".
سیروان تۆفیق ئاماژەی بەوە دا کە بانگهێشتنامەیان بۆ پێنج شاجوانی وڵاتان ناردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا تەنیا شاجوانی میسر و لوبنان بەڵێنیان داوە ئامادەببن. سەبارەت بە ئامادەبوونی شاجوانەکانی پێشتری کوردستانیش، سیروان گوتی "ئەوانیش بانگهێشتدەکەین و پێمانخۆشە ئامادەبن". بەگوتەی سیروان نزیکەی 20 میدیای نێوخۆیی و جیهانی ڕوومالی ڕێوڕەسمەکە دەکەن.

### 350 هەزار دۆلار تەرخانکراوە

سەلوان زەیتۆ، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای بابیلۆن، کە سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی شاجوان دەکەن، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "نزیکەی 350 هەزار دۆلار بۆ پرۆسەکە تەرخانکراوە و تاوەکو ئێستاش شەش کۆمپانیا سپۆنسەری پڕۆژەکەیان کردووە، لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکی دیکەش لە گفتوگۆداین".




Family Mall
Shopping & Entertainment Center
Erbil
Family Mall
Carrefour
hi!
EMPIRE CINEMA
KFC sogood
LC Waikiki
Family Mall - 100m street – Erbil – Kurdistan Region – IRAQ
www.familymallarbil.com
E-mail: info@familymallarbil.com
Phone Number: 009647505618484


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
MAHMOOD RICE
١١٢١
100%
MAHMOOD RICE®


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
MiLK
powder



## کچە قوتابییەک هەوڵی خۆخنکاندن دەدات

**رووداو- دەربەندیخان**

کچێکی دانیشتووی شارۆچکەی دەربەندیخان، بەهۆی دەرنەچوونی لە قوتابخانە، هەوڵیداوە لە دەریاچەی دەربەندیخان خۆی بخنکێنێ. نەقیب شەهاب ئەحمەد، بەڕێوەبەری نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە دەربەندیخان بە (رووداو)ی ڕاگەیاند، ڕۆژی 2016/9/25 کچێکی تەمەن 19 ساڵ بەنێوی (ژ.ع) کە قوتابی پۆلی 11ی بنەڕەتییە لەبەرئەوەی لە خولی دووەمدا لە وانەیەکدا دەرنەچووە، ویستویەتی خۆی بخاتە دەریاچەی دەربەندیخانەوە، بەڵام لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە لەو هەوڵە رزگارکراوە. ناوبراو گوتی "دواتر کچەکە هێنرایە لای ئێمە و پێگوتین کە لەلایەن خێزانەکەیەوە گوشاری لەسەر دروست نەکراوە، بەڵکو خۆی پێی ناخۆشبووە دەرنەچووە، پاشان لەلایەن توێژەرەکانمانەوە ڕێنماییکرا و ڕادەستی خێزانەکەی کرایەوە".

### دابوویانە پیاوێکی 47 ساڵی

# پۆلیسی دهۆک ناهێڵێ کچێکی 10 ساڵ بەشوو بدرێت

## کچەکە بۆ پۆلیس: من شوو دەکەم، ئێوە هەقتان چییە!

**پشتیوان جەمال**
**رووداو – دهۆک**

پۆلیسی دهۆک ڕێگریی کرد لە ئاهەنگی هاوسەرگیریی کچێکی تەمەن 10 ساڵان لەگەڵ پیاوێکی 47 ساڵ. بەڵێننامەشی بە کەسوکاری کچەکە نووسیوە کە تاوەکو تەمەنی کچەکە نەگاتە تەمەنی یاسایی شووکردن، بەشووی نەدەن.

ئەو کچە خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانە و لە کەمپێکی ئاوارەکانی شاری دهۆک نیشتەجێیە. لە کۆتایی مانگی ڕابردوو، کەسوکارەکەی ویستیان بەشووی بدەن، بەڵام پۆلیس ڕێگەی پێنەدان، بەهۆی ئەوەی کچەکە تەمەنی تەنیا 10 ساڵان بووە.

بەپێی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمی کوردستان، کچان بۆیان هەیە لە تەمەنی 18 ساڵییەوە و بە خواستی خۆیان شوو بکەن، بەڵام لە تەمەنی 16 ساڵیشدا و بە ڕەزامەندیی وەلییەکەیان دەتوانن شوو بکەن.

موقەدەم ئارام محەممەد، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان لە دهۆک، بە (رووداو)ی ڕاگەیاند لە ئێوارەی ڕۆژێکی کۆتایی مانگی ڕابردوودا لە کەمپێکی ئاوارەکانی ڕۆژئاوادا تیمێکی بەڕێوەبەرایەتییەکەیان پەیوەندییان پێوەکردوون کە ئاهەنگی هاوسەرگیریی کچێکی تەمەن 10 ساڵ و پیاوێکی تەمەن 47 ساڵ بەڕێوەدەچێ، بەڵام ئەوان ڕێگرییان لەو هاوسەرگیرییە کردووە.

موقەدەم ئارام گوتی "ئەو کەسەی ویستبووی هاوسەرگیری لەگەڵ کچەکەدا بکات خزمی خۆیان بووە و ژنی نەهێنابوو، بەڵام بەپێی یاسا کارپێکراوەکانی کوردستان ئەو جۆرە هاوسەرگیرییە ڕێگەپێدراو نییە، چونکە کچەکە تەمەنی بچووک بوو".

موقەدەم ئارام باسی پاساوی خێزانی کچەکەی کرد، کە ویستوویانە کچەکە بەشوو بدەن و گوتی "پاساویان ئەوە بوو کە پەنابەرن و باری دارایییان باش نییە. بەپێی نەریتی بنەماڵەکەشیان کچەکانیان زوو بەشوو دەدەن، بەڵام ئەوانە پاساوی ماقووڵ نین بۆئەوەی کچێک لەو تەمەنە بچووکە بەشوو بدرێت". پۆلیس هەر بەوەوە نەوەستاوە، بەڵکو ڕێکاری یاساییشی گرتووەتەبەر. کچەکەیان بردووەتە شەڵتەرێکی ژنان و دایک و باوکی کچەکەشیان داوەتە دادگا.

موقەدەم ئارام گوتی "دوای چەند ڕۆژێک دایک و باوکی کچەکە بەڵێننامەیان پڕکردەوە کە جارێکی دیکە ئەو کارە دووبارە ناکەنەوە، بەڵام کوڕەکەمان دەستگیرنەکرد، چونکە هاوسەرگیرییەکە بە ڕەزامەندی هەردوولا بووە". سەبارەت بە هەڵوێستی کچەکەش، موقەدەم ئارام گوتی "کچەکە منداڵ بوو، بەپێکەنینەوە دەیگوت: من شوو دەکەم، ئێوە هەقتان چییە". بە گوتەی موقەدەم ئارام، ئەوە یەکەم حاڵەت نییە لە کەمپەکان، بەڵام ئێستا حاڵەتەکان کەمترن "ساڵی ڕابردوو ئەو حاڵەتانە زۆر بوون، بەڵام ئەمساڵ کەمێک باشتر بووە، لەبەرئەوەی بەردەوام خولی هۆشیارکردنەوە بۆ ئاوارەکان دەکەینەوە".

عەبدولجەبار عەبدولڕەحمان، کە توێژەری کۆمەڵایەتییە لە شاری دهۆک باسی ئەنجامە نەرێنییەکانی ئەو جۆرە هاوسەرگیرییە دەکات و دەڵێت "لەبەرئەوەی کچەکە زۆر منداڵ بووە و لەڕووی سێکسی و عەقڵییەوە بۆ هاوسەرگیری ئامادە نەبووە، ئەگەر هاوسەرگیرییەکە سەری گرتبووایە، بەهۆی تێنەگەیشتنەوە ڕەنگە کچەکە پەنای بۆ خۆکوشتن بردبووایە". کێشەیەکی دیکەی ئەو جۆرە هاوسەرگیرییەش بە بۆچوونی ئەو کۆمەڵناسە، جیاوازیی زۆریی تەمەنیان بووە "کوڕەکە تەمەنی لە کچەکە زۆر زیاتر بووە، بەدڵنیاییەوە لە داهاتوودا کێشەیان بۆ دروست دەبوو، ڕەنگە پیاوەکە توانای سێکسکردنی نەمابووایە و کچەکەش ناپاکی لێکردبووایە".

### دایک و باوکی لەبەر نەبوونی بەشوویانداوە

#### نەتەوە یەکگرتووەکان هاتووەتە سەر خەت

بۆ هۆشیارکردنەوەی ئاوارەکان لە هاوسەرگیریی پێشوەخت، ڕێکخراوی UPPی ئیتاڵی بە پاڵپشتیی ڕێکخراوی UNCHR و 14 ڕێکخراوی دیکەی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە مانگی ئەیلوولی 2015، هەڵمەتێکی هۆشیارکردنەوە لەنێو کەمپەکاندا بۆ ماوەی چوار مانگ بەڕێوەچوو.

کامەران یوسف، سەرپەرشتیاری ئەو هەڵمەتە لە ڕێکخراوی UPPی ئیتاڵی بە (رووداو)ی ڕاگەیاند لەو هەڵمەتەیاندا بۆیان دەرکەوتووە دەیان هاوسەرگیری لەو شێوەیە کراوە، بەڵام بە گوتەی خۆی، پرۆسەکەی ساڵی ڕابردوویان زۆر باشبووە و گوتی "ئەمساڵیش لە داهاتوویەکی نزیکدا لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆسەکە دەست پێدەکەینەوە بۆ هۆشیارکردنەوەی زیاتری پەنابەران بۆ کچانی خوار تەمەن 18 ساڵ بە شوونەدرێن".

#### مەلا بیکەن دەیانگرن

مارەکردنی کچانی خوار تەمەن 16 ساڵان لەلایەن دادگاکانی هەرێمی کوردستانەوە ڕێگەی پێنادرێ. بۆیە ئەو جۆرە مارەکردنە لە دەرەوەی دادگاکان لەلایەن مەلاکانەوە دەکرێ.

موقەدەم ئارام بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە دهۆک بە (رووداو)ی ڕاگەیاند دوایین خولی هۆشیارکردنەوەیان لە سنووری پارێزگاکەیان بۆ ئەو مەلایان بووە کە نابێت کچی بچووک مارە بکەن. گوتیشی "بەڵێننامەمان بەو مەلایانە پڕکردەوە ئەگەر جارێکی دیکە کچی بچووک مارە بکەن، دەدرێنە دادگا".

#### زاوا دەستگیرنەکراوە



### تاقانەی دایک و باوکی بوو

# ئاڵا لەسەر خانوویەکی رووکن دەکوژرێت

## مامی ئاڵا: پێشتر باوکی ئاڵاشیان رفاندبوو

**پشتیوان جەمال**
**رووداو – کەرکووک**

لەو دەستڕێژەی لە ماڵەکە کرا، تەنیا گوللەیەک چووە ئەو ژوورەی ئاڵا و باوکی و دایکی تێیدا خەوتبوون، بەڵام گوللەکە بەر ئاڵا کەوت. ئێستا بەتۆمەتی کوشتنی ئەو کیژۆڵەیە، بڕیاری گرتنی دوو کەس دەرچووە. یەکێکیان دەستگیرکراوە، ئەوەی دیکەشیان هەڵاتووە.

شەوی 2016/9/16، کچێکی تەمەن 7 ساڵان، کە قوتابیی پۆلی دووی بنەڕەتی بوو، بە ناوی ئاڵا زەید، لە گەڕەکی نەسر لە شاری کەرکووک، بە تەقەی کەسانی نەناسراو کوژرا. ئاڵا گوللەیەک بەر سەری کەوت و دەستبەجێ گیانی لەدەستدا.

عەقید نەوشیروان ڕەمەزان، بەرپرسی بنکەی پۆلیسی عروبە، بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو کچە بە تەقەی کەسانی نەناسراو کوژراوە. باوکیشی لە ئیفادەدا گوتوویەتی کە پێشتر هەوڵی کوشتنی خۆی دراوە. پاشان ڕفێندراوە و هەڕەشەی چۆڵکردنی خانووەکەشی لێکراوە".

باوکی ئاڵا بەتۆمەتی کوشتنی کچەکەی سکاڵای لەسەر (ک) و (س) تۆمارکردووە. ئەو دوو کەسە بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی بڕیاری دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووە، بەڵام تەنیا (س) دەستگیرکراوە.

(رووداو) سێ ڕۆژ دوای ئەو ڕووداوە سەردانی باوکی ئاڵای کرد، بەڵام هێشتا شۆکی گیانلەدەستدانی کچەکەی بەری نەدابوو، بۆیە توانای قسەکردنی نەبوو.

زوهێر عەبدی، کە برای زەیدە و مامی ئاڵایە، بە (رووداو)ی گوت "لە شەوێکی مانگی ڕەمەزانی ئەمساڵدا چوار کەس کە بە کوردی و عەرەبی قسەیانکردووە، زەیدیان ڕفاندووە و داوای چۆڵکردنی خانووەکەیان لێکردووە".

بە گوتەی زوبێر، ئەو چوار کەسە بەناوی دەزگا ئەمنییەکانی کەرکووکەوە خۆیان ناساندووە، زۆریان لە براکەی داوە، پاشان لە گەڕەکی پەنجا عەلی فڕێیانداوە.

#### "نهێنییەک لەپشت ڕووداوەکە هەیە"

ماڵی خەزووری زەیدیش هەر لەو خانووەیە کە زەیدی تێدا نیشتەجێیە. جەنگیز جەلال کە ژنبرای زەیدە بە (رووداو)ی گوت "زەید دوای ئەوەی رفێندرا پێمانگوت چ کێشەیەکت هەیە، گوتی خۆم دەزانم و تۆڵەی خۆم دەکەمەوە". جەنگیز ڕەتیکردەوە ڕفاندنی زەید پەیوەندی بە چۆڵکردنی خانووەکەوە هەبێت، یان کەسێک داوای چۆڵکردنی خانووەکەی لێکردبن و گوتی "ڕفاندنەکە پەیوەندی بە خانووەکەوە نییە و شتی دیکە لە پشت ئەو ڕووداوەوەیە. بەڵام زەید ناوێرێت باسی بکات، ئەگینا بۆچی گومانی لەو دوو خێزانە هەیە".

گوتیشی "ئەو کەسانە بە زەیدیان گوتبوو: تۆ ئاوارەیت و نابێ لێرە بمێنی. هەرچەندە زەید ناسنامەشی پێ نیشاندابوون کە ئەو خەڵکی کەرکووکە و ئاوارە نییە، بەڵام پێیانگوتبوو دەبێ لێرە بڕۆی".

باوکی ئاڵا گومانی لە دوو دراوسێی هەیە بە ناوەکانی (س) و (ک) کە تەقەیان لە ماڵەکەی کردبێت. زوهێر گوتی "براکەم گومانی لەو دوو کەسەیە، چونکە دوای ڕفاندنەکەش گومانی لە (ک)ی دراوسێی هەبوو. ئەو گومانی هەیە تەقەکردنەکەش پەیوەندی بە ڕووداوی ڕفاندنەکەیەوە هەبێ".

ئایا زەید کێشەی لەگەڵ ئەو دوو کەسەدا هەبووە؟ زوهێر لەوەڵامدا دەڵێت "براکەم لەو خانووەدا کرێنشینە. ویستوویانە دەریبکەن و خۆیان بچنە نێو خانووەکە. لەبەرئەوەی خانوویەکی گەورەیە و ڕوکنە".

بە گوتەی زوهێر، ئەو شەوەی زەید ڕفێندراوە، کاژێر یەکی بەرەبەیان ژنی (س) کە ماڵی بەرامبەر ماڵی زەیدە، سەردانی ماڵی زەیدی کردووە و پرسیاری لە هاوژینی زەید کردووە "پیاوەکەت هاتووەتەوە؟" زوهێر دەڵێت "ئێمە نازانین (س) لەو کارەدا بەشداربووە یان ژنەکەی، ئێستاش گومانمان بۆ دروستبووە کە بۆچی ئەو ژنە ئەو شەوە پرسیاری زەیدی کردووە!"

زوهێر دڵنیایە لەوەی کە ئەو کەسانەی تەقەیانکردووە، مەبەستیان کوشتنی زەید بووە نەک ترساندنی، بەڵام کچەکەی بووەتە قوربانی.

دوای کوژرانی ئاڵا و لەسەر سکاڵای باوکی، (س) دەستگیرکراوە، بەڵام (ک) نەگیراوە. ژنەکەی (س) قسەی بۆ (رووداو) کرد و ڕەتیکردەوە مێردەکەی تەقەی لە ماڵی زەید کردبێت و گوتی "ڕاستە مێردەکەم دەستگیرکراوە، بەڵام ئەو هیچ پەیوەندیی بە ڕووداوەکەوە نییە. ئێمەش وەکو خەڵکی گەڕەک دوای تەقەکردنەکان بە ڕووداوەکەمان زانی".

سەبارەت بە چوونیشی بۆ ماڵی زەید لە شەوی ڕفاندنی زەیددا، ئەو ژنە گوتی "ژنەکەی زەید لە کارمەندی تەندروستییە، منیش کێشەی تەندروستیم هەبوو، ئەو شەوە کە چووم، ئاڵا دەرگای کردەوە، بە ژنەکەم گوت: مێردەکەت لە کوێیە؟ گوتی: لە ئیشە".

### سکاڵای لەسەر مێردەکەی نییە

# ژنێک بە چەکی مێردەکەی هەوڵیدا خۆی بکوژێت

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- گەرمیان**

لە شارۆچکەی کەلار ژنێک بە کلاشینکۆفی هاوژینەکەی تەقە لەخۆی دەکات. ئەو هەوڵدەدات خۆی بکوژێ، بەڵام سەرکەوتوو نابێت. بە بڕیاری دادوەریش فەرمانی گرتنی مێردەکەی دەرچووە.

سەرلەبەیانیی ڕۆژی 2016/9/20، ژنێکی تەمەن 41 ساڵ لە ماڵی خۆیدا و بە چەکی مێردەکەی هەوڵیداوە خۆی بکوژێ. بەڵام تەنیا خۆی بریندارکردووە و هەمان ڕۆژ گەیەندراوەتە نەخۆشخانەی شەهید جەزا لە کەلار. پاشان بردراوەتە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی. دوای ڕۆژێکیش لە نەخۆشخانە، تەندروستیی باش بووە و ڕەوانەی ماڵەوە کراوەتەوە.

ڕائید عەلی جەمال قەدووری، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی گەرمیان، بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو ژنە بۆ خۆکوشتن، بە چەکی مێردەکەی تەقەی لەخۆی کردووە و گوللەیەکی لە سکی خۆی داوە".

پۆلیس لە نەخۆشخانە گوتەی لەو ژنە وەرگرتووە کە بۆچی هەوڵی خۆکوشتنی داوە، ئەویش بە پۆلیسی گوتووە "کێشەم لەگەڵ مێردەکەم هەبووە". بەڵام ژنەکە سکاڵای لەدژی مێردەکەی تۆمارنەکردووە. دۆسیەکەشی ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان کراوە.

عەقید لەمیعە محەممەد، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە گەرمیان، بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "بەداخەوە ئەو ژنە هەوڵیدا خۆی بکوژێت. بەپێی ئەو زانیارییانەش کە دەستمانکەوتوون، کێشەی لەگەڵ مێردەکەیدا هەبووە، بەڵام سکاڵای تۆمارنەکردووە".

بەگوتەی لەمیعە دوای کردنەوەی دۆسیە بۆ ئەو ڕووداوە لە بەڕێوەبەرایەتییەکەیان. دادوەر بەپێی ماددەی 408 لە یاسای سزادانی عێراقی، کە تایبەتە بە "هاندان بۆ خۆکوشتن"، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ مێردەکەی دەرکردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا دەستگیرنەکراوە.

بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان سەنتەری ڕاوێژکارییان بۆ ژنان کردووەتەوە، بەڵام ئەوانەی هەوڵی خۆکوشتن دەدەن پێشتر سەردانی ئەو سەنتەرەیان نەکردووە.

عەقید لەمیعە گوتی "بەگشتی ئەو ئافرەتانەی هەوڵی خۆکوشتن دەدەن کێشەیان هەیە و ڕەنگە بەهۆی تێنەگەیشتن لەگەڵ مێردەکانیان بگەنە ئەو باوەڕەی کۆتایی بە ژیانیان بهێنن". خۆکوشتن چارەسەری کێشەکان ناکات، بۆیە داوا لە ژنان دەکەین لەکاتی هەبوونی کێشەکانیاندا لەجیاتی هەوڵدان بۆ خۆکوشتن، سەردانی سەنتەرەکەمان بکەن بۆئەوەی چارەسەری کێشەکانیان بۆ بکەین".

#### ژنان دوو هێندەی پیاوانن

توێژەرێکی دەروونی دەڵێت هەوڵی خۆکوشتن لەلای ژنان دوو ئەوەندەی پیاوانە، بەڵام هەوڵەکەی ژنان زۆرتر لە پیاوان شکست دەهێنێ. ئەڤین عەبدولکەریم، کە توێژەری کۆمەڵایەتییە، بە (رووداو )ی گوت "دەروونناسی سەلماندوویەتی کە ژنان دوو ئەوەندەی پیاوان هەوڵی جۆراوجۆری خۆکوشتن دەدەن، بەڵام نیو ئەوەندە سەرکەوتوو دەبن، لەبەرئەوەی ژنان لەڕووی سۆزدارییەوە ناسکترن و زۆر بوێر نین، ئەو هۆکارانەشی کە پیاوان پەنا بۆ خۆکوشتنیان دەبەن زیاتر چەکە، بەڵام ژن کەمتر پەنا بۆ چەک دەبات، چونکە کەمتر شارەزای بەکارهێنانی هەیە، جگە لەوەش هەندێکجار ژنان بۆ سەرنجڕاکێشانی دەوروبەر هەوڵی خۆکوشتن دەدەن".

سەبارەت بە چارەسەری ئەو ژنانەش کە هەوڵی خۆکوشتن دەدەن، ئەڤین گوتی "پێویستە ئەو ژنانە دوای چاکبوونەوەی برینەکەیان، ببرێنە لای پزیشک و توێژەری دەروونی، چونکە ئەوانە نەخۆشیی دەروونیان هەیە و پێویستیان بە چارەسەری دەروونی هەیە".

## منداڵێک بە شۆفڵ خۆی خنکاند



رووداو- هەولێر
منداڵێکی تەمەن نۆ ساڵ پەتێکی لە شۆفڵێکی بەردەم ماڵیان بەستووە و خۆی پێ خنکاندووە. بەپێی راگەیەندراوێکی پۆلیسی پارێزگای هەولێر کە وێنەیەکی بۆ (رووداو) نێردراوە سەرلەبەیانی پێشنیوەڕۆی رۆژی 2016/9/25 منداڵێکی تەمەن نۆ ساڵ بەنێوی (م.ی.ر) دانیشتوی گەڕەکی زانیاری، خۆی خنکاندووە. لە راگەیەندراوەکەی پۆلیسدا هاتووە "دوای گەیشتنی پۆلیس بۆ شوێنی رووداو دەرکەوت ئەو منداڵە دوای ئەوەی لە ماڵەوە هاتووەتە دەرەوە شۆفڵێک لەبەردەم دەرگاکەیان دەبینێ، پەتێک لە کەچکی شۆفڵەکە دەئاڵێنێ و کۆتایی بەژیانی خۆی دێنێ". پۆلیس پەراوی لێکۆڵینەوەی بۆ رووداوەکە کردووەتەوە.



موقەدەمی مافپەروەر
ژیلەمۆ عەبدولقادر

## لەبەر سەرخۆشی جیادەبنەوە

پۆلیسی فریاکەوتن ئاگاداریانکردینەوە کە کەسێک پەیوەندیی پێوەکردوون و پێیگوتوون لە کۆڵانەکەیان شەڕە و دەنگی گریان و قیژەی منداڵان دێت. بۆیە دەستبەجێ چوونەتە شوێنی رووداوەکە و ژن و پیاوەکەیان هێناوە. لەکاتی پرسیار و پشکنینیان دەرکەوتووە هەردووکیان زامدارن. لەگەڵ ئەوەشدا پیاوەکە سەرخۆش دیاربووە. بۆیە رەوانەی نەخۆشخانە کران، بۆ وەرگرتنی چارە سەری پزیشکی و نووسینی راپۆرتی پزیشکی.

کاتێک وتەیان وەرگیرا، ژنەکە گوتی هیچ کێشەیەکی وای لەگەڵ مێردەکەی نییە، تەنیا بە بێتامی دەخواتەوە: "جار هە یە تەحمولم نامێنێ و دەبێتە دەمەقاڵێمان و لێمدەدات. پێشتر چوار جار بەگرتنم داوە لەسە ر ئەو رەفتارە. ئێستاش ئەگەر وازبهێنێت، داوا تۆمار ناکەم. بەڵام وازناهێنێ. بەگوتەی ژنەکە، هاوسەرەکەی لە زیندان فێری شتێکی نوێ بووە: "کاتێک لێمدەدات، خۆی بریندارردەکات، بۆئەوەی ئەویش سکاڵام لەسە ر بنووسێ. جاری پێشوو سکاڵای لەسە ر نووسیم، تاوەکو یەکلایی بووەوە بۆ دادگا کە وانییە، یەک دنیا بێنە و بەردەم لەگەڵکرا. ئێستاش بەهەمانشێوە پێیگوتم: بەگرتنم بدەی، منیش بەگرتنت دەدە م. بۆیە من خۆم تەلەفۆنم نەکردووە و نازانم کێ هەواڵی داوە.

ئەو ژنە بەردەوام دەبێت لەسەر قسەکانی و دەڵێت: "من سکاڵام لەسەری نییە. چیدیکەش تەحەمولم نەماوە. دەچمە دادگای باری کەسی و داوای جیابوونەوە دەکەم". کاتێک وتەی پیاوەکەش وەرگیرا، وتی "راستە، دەخۆمە وە، بەڵام ژنەکەشم هاوکارم نییە و پرتەپرتم زۆر لەگەڵ دەکات. منیش لەخۆم بێزارم. جار هەیە دەبێتە شەڕمان. ئە وە دوو جارە ژنەکەم لێمدەدات. ئەگەر ژنەکە م سکاڵام لەسەر بنووسێت، منیش سکاڵام هەیە"، بەڵام لەبەرئەوەی ژنەکەش سکاڵای نەبوو پێکهاتنەوە. پیاوەکەش بەڵێنیدا هەوڵبدات خۆی چاک بکات. ژنەکەش گوتی "چیترموناقەشەی لەگەڵ ناکەم و واز لەو خووە نەهێنێت داوای جیابوونەوە دەکەم".

بۆیە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ یاسای باری کەسیی عێراقی ژمارە 188ساڵی 1959ی هەموارکراو، لە مادەی 40دا باسی لێک جیاکردنەوەی دادگایی دەکات، کە هەریە کە لە ژن و مێرد بۆیان هەیە داوای لێک جیابوونەوە بکەن، ئەگەر یەکێک لە هاوسەرەکان زیان بە ئەویدیکە یان بە منداڵەکان بگەیەنێت، بەشێوەیەک کە نەتوانن لە ژیانی هاوسەرێتیدا بەردە وام بن. خووپێوەگرتن بە مادەی سەرخۆشکەر وهۆشبەر بە زیانگەیاندن دادەنرێت، بەمەرجێک خووپێوەگرتنەکە بە راپۆرتی فەرمیی لیژنە ی پزیشکی پسپۆڕ سەلمێندرابێت.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

"بۆ پارە و مۆبایل کوژراوە"

# ئاسنگەرێک 9 چەقۆی لێدەدرێ و دەکوژرێ



پشتیوان جەمال
رووداو- کەرکووک

ئاسنگەرێک لە ماڵەکەی خۆیدا 9 چەقۆی لێدەدرێ و دەکوژرێ. بە گومانی کوشتنەکەشی دوو کەس دەستگیرکراون. برایەکیشی دەڵێت براکەی بۆ پارە و مۆبایلەکەی کوژراوە.

سەرلەبەیانی 2016/9/19 ، محەممەد جەمال، تەمەن 39 ساڵ، لە چێشتخانەی ماڵەکەی خۆیان لە گەڕەکی کوردستان لە شاری کەرکووک بە چەقۆ کوژرا. محەممەد، کە ئاسنگەر بوو، لەگەڵ پورزایەکی خۆی ژیانی هاوبەشیان پێکهێنابوو و باوکی 3 منداڵ بوو.

عەقید فەرهاد فازڵ، بەرپرسی بنکەی ئاسایش لە گەڕەکی کوردستان لە شاری کەرکووک، بە (رووداو)ی راگەیاند "نێوبراو لە مەتبەخی ماڵەکەیدا چەند چەقۆیەک لە پشت و ملی دراوە، بەڵام تاوەکو ئێستاش هۆکاری کوشتنەکەی روون نییە".

عەقید فەرهاد قسەی براکانی محەممەد بۆ (رووداو) دەگێڕێتەوە و دەڵێت "براکانی دەڵێن هاوڕێی زۆری هەبوون کە ئەوانیش هەندێکیان ناناسن". گوتیشی "دوو کەس بە گومانی کوشتنەکەی دەستگیرکراون، بەڵام دانیان بە تاوانەکە نەناوە. بۆیە هێشتا لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە بەردەوامە".

### منداڵانی گەڕەک بکوژەکەیان بینیوە

**بە گوتەی دانا، ئەو رۆژە محەممەد 3500 دۆلاری هەقدەستی کارەکەی لە کەسێک وەرگرتووە، هەر ئەو رۆژەش مۆبایلێکی نوێی کڕیوە. دانا گوتی "دوای رووداوەکە پارە و مۆبایلەکە نەماون، ئەوکاتەی ئەو کەسەش لە ماڵی براکەم هاتووەتەوە دەرەوە، چەند منداڵێکی دراوسێیان بینیویانە، لە کامێرای دراوسێکانیش دەرکەوتووە، بۆیە گومان دەکەین براکەمان بۆ پارە و مۆبایل کوژرابێ، ئەگینا براکەمان هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی نەبووە".**

شێوازی کوشتنی محەممەد دەنگدانەوەیەکی زۆری لە شاری کەرکووک دروستکردووە. ئەو لەگەڵ ژنبرایەکی پێکەوە لە خانوویەکدا ژیاون. محەممەد لە نهۆمی خوارەوە ژیاوە و ماڵی ژنبراکەشی لە نهۆمی سەرەوە بووە.

دانا جەمال، برای کوژراوەکە، بە (رووداو)ی راگەیاند کە رۆژی پێش رووداوەکە برایەکیان ژن و منداڵەکانی محەممەدی بۆ ماڵی خەزووری محەممەد بردووەتەوە، کە هەر لە شاری کەرکووک دەژین. محەممەدیش لەگەڵ کەسێکی دیکە دوای کارکردن، گەڕاونەتەوە ماڵەوە.

دانا گوتی "دەزانین ئەو کەسە کێیە کە لەگەڵ براکەم چووەتەوە ماڵەوە، بەڵام لەبەر لێکۆڵینەوەکان ئاشکرای ناکەین". بەگوتەی دانا، 6 چەقۆ لە پشت و 3 چەقۆ لە ملی براکەی دراون.

دانا دەڵێت براکەی دوای ئەوەی لەگەڵ ئەو کەسەدا چووەتەوە ماڵەوە، پاشان چووەتە ماڵی ژنبراکەی، نزیکەی نیو کاژێر لەوێ بووە، دواتر بە بیانووی هێنانی هێدفۆنی مۆبایلەکەی دەچێتەوە خوارەوە، بەڵام ناگەڕێتەوە. ژنبراکەشی وایزانیوە محەممەد ماندووە و خەوتووە.

ژنبرای محەممەد یەکەم کەس بووە بە رووداوەکەی زانیوە، دانا گوتی "ئەو ژنبرایەی براکەم وەستای بیناسازییە. بەیانیان براکەم دەیبردە شوێنی کارکردن، بەڵام ئەو بەیانییە کە ویستوویەتی بڕواتە سەر کار، هاتووەتە خوارەوە و تەلەفۆنی بۆ محەممەد کردووە، بەڵام تەلەفۆنەکەی داخراوە، سەرەتا وایزانیوە خەوتووە، بەڵام کاتێک دەرگاکەی کردووەتەوە بینیوویەتی محەممەد کوژراوە".

موختار لەسەر سەیوان گیرا

# لە ئەوروپا گەڕایەوە، لە چەمچەماڵ کوژرا

پشتیوان جەمال
رووداو- کەرکووک

سەیوان لە ئەوروپا خۆی نەگرت و گەڕایەوە نێو کەسوکاری لە شاری کەرکووک. پلانیشی دانابوو لەو ماوەیەدا خێزان پێکەوە بنێت، بەڵام لە رووداوێکی تەمومژاویدا کوژرا. پۆلیس دەڵێت لەسەر سکاڵای کەسوکارەکەی تۆمەتبارێکیان دەستگیرکردووە. برایەکیشی دەڵێت ئەو کەسەی دەستگیرکراوە ئامۆزای باوکیانە و موختاری گوندەکەیانە.

شەوی 2016/9/15 لە شاخەکانی دەوروبەری گوندی قیرچە-ی سەر بە شارۆچکەی چەمچەماڵ، تەرمی شوانێک بەناوی سەیوان عومەر، 28 ساڵ، دۆزرایەوە کە بە گوللەیەک کوژراوە، بەڵام کەسوکاری نازانن بۆچی و لەلایەن کێ کوژراوە.

عەقید حەیدەر محەممەد، بەڕێوەبەری پۆلیسی چەمچەماڵ بە (رووداو)ی راگەیاند "پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ رووداوەکە کراوەتەوە و لەسەر سکاڵای کەسوکاریشی، کەسێک بە تۆمەتی کوشتنەکەی دەستگیرکراوە".

خێزانی سەیوان لە گەڕەکی حوریەی شاری کەرکووک نیشتەجێن، بەڵام لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندی قیرچەن. بۆیە بنکەیەکیشیان لە گوند هەیە و لەوێ بە کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە خەریکن.

ئەنوەر عومەر، برای سەیوان، بە (رووداو)ی راگەیاند لە گوندەکەیان ئاژەڵیان هەیە، بە نۆرە خەریکی بەخێوکردنیان بوون. لەو ماوەیەدا باوکی و برایەکی لە گوندەکە بوون، سەیوانیش رۆژێک پێش رووداوەکە چووەتەوە گوندەکەیان بۆئەوەی باوک و براکەی پشووبدەن و ئەو ئاژەڵەکان بلەوەڕێنێ.

ئەنوەر گوتی "بەرەبەیانی ئەو رۆژە کاتێک ئاژەڵەکانی بردووتەوە دەرەوە، بەقسەی دانیشتووانی گوندەکە، ئاژەڵەکان نزیکەی کاژێر نۆی بەیانی بەبێ سەیوان گەڕاونەتەوە گوند، بەڵام کەس ئێمەی ئاگادار نەکردووەتەوە کە ئاژەڵەکان بەتەنیان. نزیکەی کاژێر حەوتی ئێوارە پێیانگوتین سەیوان دیارنییە".

دوای ئەوەی دانیشتووانی گوند کەسوکاری سەیوان لە دیارنەمانی ئاگاداردەکەنەوە، ئەوانیش یەکسەر بەڕێدەکەون بۆ گوندەکەیان بۆ سۆراخی سەیوان.

بەڵام بەپێچەوانەی چاوەڕوانییەکانیانەوە تەرمەکەی بە کوژراوی دەدۆزنەوە. ئەنوەر گوتی "دوای گەڕان بە شوێنیدا نزیکەی کاژێر 11ی شەو تەرمی براکەمان دۆزییەوە، کە لەسەر لا کەوتبوو. گوللەیەکیش بەر کەلەکەی کەوتبوو.

سەبارەت بە کاتی کوژرانەکەشی، ئەنوەر مەزەندە دەکات بەیانی بووبێت: "ئاژەڵەکان کاژێر نۆی بەیانی هاتوونەتەوە گوند، بۆیە پێدەچێ سەر لەبەیانییەکەی کوژرابێت".

بەگوتەی ئەنوەر، براکەیان کڵاشینکۆفی پێ بووە، بەڵام دڵنیان لەوەی کوژراوە و گوتی "بەدڵنیاییەوە کوژراوە، نەک خۆی کوشتبێت، چونکە لە هاوینی ساڵی رابردووەوە رۆیشتە دەرەوەی وڵات و مافی پەنابەریی بۆ دەرنەچوو، ئەمساڵیش بە خواستی خۆی گەڕایەوە و بەنیازبوو لەو ماوەیەدا خێزان پێکەوە بنێ".

دوای رووداوەکە کەسێک، کە دەگوترێ ئامۆزای باوکی سەیوانە، بە تۆمەتی کوشتنی سەیوان دەستگیرکراوە، بەڵام پۆلیس ئامادە نەبوو ناسنامەی تۆمەتبارەکە ئاشکرا بکات. بەڵام ئەنوەر گوتی "ئەو کەسەی دەستگیرکراوە ئامۆزای باوکمانە و تەمەنی نزیکەی 36 ساڵە و موختاری گوندەکەیە، باوکیشم گومانی لەو کەسە هەیە، بۆیە سکاڵای تۆمارکردووە. ئەگینا هیچ بەڵگەیەمان نییە ئەو ئەو کارەی کردبێت. چونکە پێشتر ئەو کەسە هیچ کێشەیەکی لەگەڵ سەیوان یان خێزانەکەماندا نەبووە".

سەبارەت بە گومانەکەی باوکیشی، ئەنوەر گوتی "بەقسەی باوکم لە ماوەی ئەو رۆژەدا کە ئاژەڵەکان بینراون و سەیوانیان لەگەڵدا نەبووە، ئامۆزاکەمان کە موختاریشە ئاگاداری نەکردووینەتەوە. برای موختارەکە بە منیشی گوت کە ئەو چەند جارێک ئاژەڵەکانی ئێمەی بەبێ شوان بینیوە، بەڵام کەسی ئاگادار نەکردووەتەوە".

### سێ حاڵەتی کوشتن لەمانگێکدا

لەماوەی مانگێکدا ئەوە سێیەم حاڵەتی کوشتنە لە سنووری قەزای چەمچەماڵ. پێشتریش بەهۆی دەمەقاڵێیەک لەسەر خێرا لێخوڕینی ئۆتۆمبێل، لە گوندێکی سەر بە قەزای چەمچەماڵ، پیاوێک کوژرا. هەر لەماوەی ئەم مانگەدا لە ناحیەی سەنگاویش، کە سەر بە قەزای چەمچەماڵە، برایەک برایەکی خۆی کوشت، کە بە گوتەی ئامۆزایەکیان، ئەو دوو برایە لەسەر قەرز دەمەقاڵێ لەنێوانیاندا دروستبووە. پاشان یەکێکیان ئەوی دیکەی کوشتووە.

شەڕەکە لەسەر 200 دۆلار بووە

# ئەفسەرێکی پێشمەرگە "لەسەر قەرز" دەکوژرێت



پشتیوان جەمال
رووداو- کەرکووک

محەممەد لە گەڕەکی قادسیەی دووی کەرکووک دەچێتە گەڕەکی پەنجا عەلی، بۆئەوەی لەگەڵ هاوڕێیەکی بچنە شارۆچکەی دووز، بەڵام هەر لە ئۆتۆمبێلەکەی دابەزی، درایە بەر دەستڕێژی گوللە. دوای گەیاندنی بە نەخۆشخانە، محەممەد گیانی لەدەستدا. بەرلەوەی گیانیشی لەدەست بدات، ناوی ئەو کەسەی هێناوە کە تەقەی لێکردووە.

محەممەد حوسێن، 34 ساڵ، ئەفسەر بووە لە یەکەی 70ی پێشمەرگە. محەممەد باوکی منداڵێکە، شەوی 2016/9/10 ویستوویەتی لەگەڵ هاوڕێیەکی بچێتە شارۆچکەی خورماتوو، بەڵام هەر لەنێو شاری کەرکووک تەقەی لێکراوە. ئەو سەرەتا بردرایە نەخۆشخانەی ئازادی، بەڵام بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گواسترایەوە نەخۆشخانەی شۆڕش لە شاری سلێمانی و هەر لەوێش گیانی لەدەستدا.

کەسوکاری محەممەد لە بنکەی پۆلیسی عروبە سکاڵایان لەدژی ئەو کەسە تۆمارکردووە کە محەممەد بەرلەوەی گیان لەدەستبدات، ناوی هێناوە. سەرچاوەیەک لەو بنکەیە بە (رووداو)ی گوت "دوای رووداوەکە محەممەد بە بریندارێ رەوانەی نەخۆشخانەی شۆڕش کراوە، خێزانەکەشی سکاڵای لەدژی کەسێک بە ناوی (م) تۆمارکردووە، بەڵام بکوژەکە هەڵهاتووە و هێشتا فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرنەچووە. هۆکاری کوشتنەکەش نەزانراوە".

سەرچاوەیەکی ئەمنی لە شاری کەرکووک بە (رووداو)ی راگەیاند "وەک باسدەکرێت رووداوەکە لەسەر قەرز بووە. بکوژ قەرزداری کوژراو بووە. کوژراویش رۆیشتووە بۆ وەرگرتنەوەی قەرزەکەی. بەو هۆیەوە دەمەقاڵێ لەنێوانیاندا دروستبووە و قەرزدارەکە محەممەدی کوشتووە".

محەممەد لەلای کەسوکارەکەی گوتوویەتی سەردانی ماڵی پوورزایەکی دەکات لە خورماتوو. کاتێکیش بە رووداوەکەیان زانیوە، پوورزاکەی تەلەفۆنی کردووە و لێی پرسیون: "بۆچی محەممەد نەگەیشت؟"

عەباس حوسێن، کە برای محەممەدە، بە (رووداو)ی گوت "دوای پەیوەندیی پوورزاکەم، پەیوەندیم بە محەممەدەوە کرد، بەڵام هاوڕێیەکی وەڵامیدایەوە و گوتی محەممەد بریندارکراوە و لە نەخۆشخانەی ئازادییە. لە هاوڕێکەم پرسی: کێ تەقەی لێکردووە؟ ئەویش گوتی: محەممەد پێیگوتین (م)ی هاوڕێی تەقەی لێکردووە".

عەباس رەتیکردەوە براکەی خاوەن قەرزەکە بووبێ و گوتی بەپێچەوانەوە بووە: "وەکو هاوڕێکانی باسی دەکەن براکەم 200 دۆلار قەرزداری (م) بووە، بەڵام نازانین بۆچی و کەی ئەو قەرزەی لە هاوڕێکەی کردووە. چەند هاوڕێیەکیشی بە (م)یان گوتووە ئەو پارەیە ئەوە ناهێنێت لە هەموو شوێنێک باسی محەممەد بکەیت و ئێمە پارەکەت دەدەینەوە".

بە گوتەی عەباس پێشتر براکەیان باسینەکردووە قەرزداری (م) بووبێت. ئەوانیش تائێستا نازانن هۆکاری کوژرانی براکەیان چییە، "چونکە هیچمان کێشەمان نییە، بەڵام هاوڕێکانی دەڵێن تەنیا لەسەر ئەو 200 دۆلارە بووە". بەگوتەی عەباس: "200 دۆلار ئەوە ناهێنێ پیاوێکی لەسەر بکوژرێ، ئەگەر ئەو کەسە لای ئێمە باسی کردبووایە، کێشەکەمان چارەسەردەکرد".

براکەی باسی چۆنیەتی رووداوەکەی کرد و گوتی "محەممەد ئۆتۆمبیلی گوللەنەبڕی پێبوو، پێش گەیشتنی بە ماڵی هاوڕێکەی لە گەڕەکی پەنجا عەلی و لەگەڵ دابەزینی، (م) تەقەی لێکردووە".

وەکو براکەی محەممەد باسیکرد، (م) هاوڕێیەکی زۆر نزیکی محەممەد نەبووە و ناشزانن ماڵیان لەکوێیە. ئەوانیش سکاڵایان لەدژی (م) تۆمارکردووە و بە هیچ شێوەیەک لە بکوژ خۆشنابن.

ماڵی (م) لە گەڕەکی پەنجا عەلییە بەرامبەر گەڕەکی قادسیەی دوو. نزیکەی کیلۆمەترێک لە ماڵی محەممەد دوورە و شەقامێک لێکیان جیادەکاتەوە. (رووداو) سەردانی ماڵی (م)ی کرد بۆئەوەی رای ئەوانیش وەربگرێت، بەڵام دراوسێیەکیان گوتی: "دوای رووداوەکە ماڵیان جێهێشتووە و نازانین بۆ کوێ چوون".

لێکۆڵینەوەیەکی ستراتیژی لەسەر "کەوانەی ئەمنیی کوردستان لە دەوری مووسڵ"

# کوردستان پاش شەڕی مووسڵ چیی بەسەردێت؟

**وەکچۆن نزیکەی سەدەیەک لەمەوبەر، مووسڵ ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی لە بونیاتنان و پێکەوەلکانی سنوورەکانی عێراقی ئەمڕۆدا گێڕا و بابەتێکی گەرمیی کێشمەکێشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان بوو. ئێستاش بۆ زۆر لە ئەکتەرە سیاسییە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکان ئایندەی مووسڵ بایەخێکی ستراتیژیی هەیە.**
**ئەگەری زۆرە بەریەککەوتنی بەرژەوەندیی ئەکتەرە دەرەکی و ناوخۆییەکان لە مووسڵ-ی دوای داعشدا، کە هۆکاری بەهێزی جیۆپۆلیتیکی و ئایدۆلۆژیی لە پشتە، "گرێکوێرەیەکی ئەمنی" بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پارێزگای نەینەوا دروست بکات. لەگەڵ ئەوەشدا لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە تاوەکو باکووری ڕۆژئاوای پارێزگای نەینەوا، کەوانەی ستراتیژی بە دەوری مووسڵدا هەیە، کە دەتوانێ ڕۆڵی گرنگی لە کردنەوەی "گرێکوێرەی ئەمنی"ی کورددا لە مووسڵی دوای داعشدا هەبێت.**

زریان ڕۆژهەڵاتی

## ئەگەری "تاڵیبانیزە"بوونی داعش

بارودۆخی سیاسی و سەربازیی عێراق و فراوانبوونی هاوپەیمانییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش، وایانکردووە مانەوەی کۆنترۆڵی داعش بەسەر مووسڵەوە بە شتێکی ئەستەم سەیربکرێت، بەڵام مەسەلەکە تەنیا بابەتێکی سەربازی و ئەمنی نییە و ڕوویەکی ئایدۆلۆژی و کۆمەڵایەتی بەهێزیشی هەیە. بۆیە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ، کۆتایی داعش نابێت.

ئەگەرێکی زۆر بەهێز هەیە داعش کۆنترۆڵی جوگرافیی مووسڵ لەدەستبدات، بەڵام وەک هێزێکی چەکداریی- جیهادی درێژە بە مانەوەی خۆی بدات و "تاڵیبانیزە" ببێت. بەو واتایەی کە هاوشێوەی تاڵیبان لە ئەفغانستان لە هێز-دەسەڵاتێکی جێگیر بەسەر جوگرافیایەکی دیاریکراوەوە، بەرەو هێزێکی گەڕۆک و ناجێگیر بڕوات. لەوانەیە ئەمەش گرفتی ئەمنی لە نێوخۆی هەرێمی کوردستاندا زیاتر بکات.

## ململانێی نێوخۆیی لەسەر مووسڵی پاش داعش

مووسڵ دەتوانێ خاڵی وەرچەرخان بێت لە ململانێیەکی شیعی- سوننی لەلایەک و کوردی — عەرەبی (واتە شیعی و سوننی بەیەکەوە) لەلایەکی دیکەوە، کە ڕەهەندی ئایدۆلۆژی-شوناس و ئەمنیی بەهێزیان هەیە. کورد، کە خاوەنی هێزی چەکدار و حکومەتی خۆیەتی، بژارەی سەربەخۆیی لەپێش خۆی داناوە و بەشێک لە عەرەبە سوننەکانیش باسی دامەزراندنی هەرێمی سوننە دەکەن، پەناشیان بۆ دروستکردنی هێزی چەکداری خۆیان بەناوی (حەشدی نیشتمانی)یەوە بردووە، کە تورکیا بەشێوەی سەرەکی پشتیوانییان دەکات. دامەزراندنی هەرێمێکی سوننی، کە هاوپەیمانیی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەبێت، دەتوانێ حەڵقەی ئاسایشی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهێزتر بکات، بەڵام لەماوەی درێژخایەندا گرفتی خاک لەنێوان ئەو دوو لایەنەدا ڕوودەدات.

لەلایەکی دیکەوە شیعەکانی عێراق هێشتا هیوای بونیاتنانەوەی دەوڵەتی عێراقیان لەدەستنەداوە و خوازیاری دەوڵەتێکن کە تێیدا هەژموون و باڵادەستیی شیعە هەبێت و عێراق وەک "دووەمین دەوڵەتی شیعە"ی ناوچەکە بمێنێتەوە. شەڕی داعش پاساوێکی بەهێزی دروستکردووە تاوەکو هەوڵەکانیان بۆ ڕێگرتن لە پرۆژەی کوردی و عەرەبی سوننە بخەنەگەڕ.

ئۆپەراسیۆنی مووسڵ و "لاسەنگی هێزەکان"

ڕوونکردنەوەی بارودۆخی عێراق، بەپێی "لاسەنگی هێزەکان" ئاسانتر دەبێت، چونکە عێراق وەک دەوڵەتێکی لاواز کە لە لێواری شکستدایە، توانای زاڵبوونی بەسەر ئاسایش و کۆنترۆڵی وڵاتدا لەدەستداوە و بووەتە مەیدانی ململانێ و دەستتێوەردانی هێزە ناوچەیی و سەروو ناوچەییەکان. بەجۆرێک کە ژمارەیەک لە دەوڵەتە بەهێزەکانی جیهان و ناوچەکە بۆ سەرخستنی بەرژەوەندییەکانیان، پاڵپشتی لە گرووپێکی سیاسی و چەکداریی جیاواز دەکەن، ئەمەش لەسەر مووسڵ ڕەنگیداوەتەوە. پاڵپشتیی ئێران بۆ حەشدی شەعبی و پشتیوانیی تورکیا و سعودیە بۆ حەشدی نیشتمانی و پشتیوانییەکی تەکتیکی لە کورد و ڕەفتاری پراگماتیکانەی ئەمریکا بۆ هەماهەنگی لەگەڵ هێزە جیاوازەکان، وەک بەڵگەیەکی ئەو بۆچوونە دەردەکەون.

ئەگەری بەهێز هەیە لەدوای ئۆپەراسیۆنی مووسڵ و دەرکردنی داعشەوە، بەریەککەوتنی بەرژەوەندیی ئەو وڵاتانەی لەسەر عێراق کاریگەرییان هەیە زیاتر ببێت و هەوڵبدەن لەڕێگەی هاوپەیمانە نێوخۆییەکانیانەوە لە عێراق بەرژەوەندییەکانیان بپارێزن.

## کەوانەی ئاسایشی ستراتیژیی کوردستان لە دەوری مووسڵ

کەوانەی ستراتیژیی کوردستان لە دەوری مووسڵ پانتاییەکی جوگرافیی زیاتر لە 10 هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەی لە باشووری ڕۆژهەڵات تاوەکو باکووری ڕۆژئاوای پارێزگای نەینەوا بە دەوری مووسڵدا دەگرێتەوە. ئەمە لە مەخموورەوە دەستپێدەکات و حەمدانییە، بەعشیقە، شێخان، ئەلقووش، زوممار، ڕەبیعە و شنگال دەگرێتەوە. زۆرینەیەکی مەسیحی و کوردیش شکڵیان بە پێکهاتەی دیموگرافیی ئەو کەوانەیە داوە، کە گرنگییەکی زۆری بۆ ئاسایشی هەرێمی کوردستان هەیە.

ئەگەر ئەو ناوچەیە لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی ناوەندیی عێراقدا بمێنێتەوە، ئاسایشی هەرێمی کوردستان لەڕووی هەڕەشەی گریمانەکراوی حکومەتی ناوەندیی عێراقەوە لاوازدەبێت. بۆیە لە چوارچێوەی "دیدگای پێویستی پەرەپێدانی سەرزەمینی و فەزای حەیاتی" بۆ دەوڵەتەکان، دەکرێ بگوترێت کە هەرێمی کوردستانیش وەک یەکەیەکی سیاسیی نیمچە- دەوڵەت بۆ مانەوەی خۆی ناچارە ڕەچاوی سیاسەتی "دابینکردنی فەزای حەیاتی" بکات.

بەگوێرەی ئامارێکی فەرمیی حکومەتی کوردستان بێت، ئەو ناوچەیە هێندەی یەک لەسەر چواری سنوورە فەرمییەکانی ئێستای هەرێمی کوردستان دەبێت. ئەمەش بۆ دابینکردنی "فەزای حەیاتی"ی کوردستان لە دیوی باکووری ڕۆژئاواوە بایەخێکی زۆری هەیە.

ئەگەر ئەم کەوانەیە وەک هەرێمێک یان دوو هەرێمی مەسیحی- کوردی لە دەشتی نەینەوا دروست بێت، پێدەچێ لە داهاتوودا بە هەرێمی کوردستانەوە بلکێن. ئەمەش بۆ کوردستان لەلایەک واتای ئاسانتربوونی گەرەنتیکردنی پاڵپشتیی ڕۆژئاوا و چەتری ئەمنیی ئەمریکی دەدات. لەلایەکی دیکەشەوە بەمانای گەڕاندنەوەی بەشێکی خاکی کوردە بۆ سەر جوگرافیاکەی.

ئەگەر هەرێمی مەسیحی- کوردی+ شەنگال بە سەربەخۆییش بمێننەوە و کەوانەیەکی ستراتیژی بە دەوری مووسڵدا بۆ دابینکردنی ئاسایشی کوردستان دروستبکەن، ڕۆڵی قەڵغانێک دەگێڕن بۆ هەرێمی کوردستان لە هەڕەشەی تیرۆر.

پەیوەندیی بەهێزی کورد و مەسیحییەکان، هەبوونی دەرفەتی پێکەوەژیانی ئایینی لە کوردستان و ڕۆڵی کورد لە بەرەنگاربوونەوەی داعش وەک گەورەترین هەڕەشەی سەر مەسیحییەکان، پەیوەندیی کورد لەگەڵ ڕۆژئاوا، پاڵپشتیی کورد لە دەستەبژێری سیاسی مەسیحی لە عێراق، لەو هۆکارانەن وادەکەن مەسیحییەکانی دەشتی نەینەوا خۆیان بە نزیک لە هەرێمی کوردستان ببینن. ئەمەش وەک زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی- سیاسی ڕۆڵی گرنگی لە قایمبوونی کەوانەی ستراتیژیی دەوری مووسڵ بۆ ئاسایشی هەرێمی کوردستان هەیە.

گرفتە سەربازییەکانی بەردەم کەوانەی ئەمنی

لە کەوانەی ستراتیژیی دەوری مووسڵدا چەند تەگەرەیەک لەبەردەم کورددا دەردەکەون کە ناکرێ پشتگوێ بخرێن.


بەهۆی هەبوونی دانیشتووانی شیعی لە تەلەعفەر و ئەگەری بەشداریکردنی حەشدی شەعبی لە ئۆپەراسیۆنی مووسڵ، هێڵی ئەلشوورە-تەلەعفەر دەتوانێت هەڕەشە بۆ کورد دروستبکات. ئەگەر ئەو هێڵە بەرەو ڕەبیعە درێژبێتەوە، کەوانەی ئاسایشی ستراتیژی کوردستان لەتدەکات و خۆی تاوەکو سنووری سووریا دەگەیەنێت. بەوپێیەی ئێستا دەسەڵاتی کورد بەسەر ئەو ناوچانەدا دەڕوات، هەروەها لەبەر "گرنگیی ڕێڕەوی"ی ئەو ناوچەیە، پێدەچێ یەکێک لە شوێنە گەرمەکانی ململانێی حەشدی شەعبی و پێشمەرگە لە داهاتوودا هێڵی تەلەعفەر- ڕەبیعە بێت.

وەک لە نەخشەکەدا دەردەکەوێت مەترسییەکی دیکە لە هێڵی باشیک- مووسڵ بۆ سەر کەوانەی ئەمنیی کورد هەیە. هەبوونی سوپای تورکیا لە باشیک، بەشێوەی تەکتیکی بۆ ڕێگرتن لە باڵادەستیی حکومەتی ناوەندیی عێراق- حەشدی شەعبی لە پارێزگای نەینەوا، گرنگییەکی زۆری بۆ کورد هەیە، بەڵام لە درێژخایەندا دەتوانێ ڕێگە بۆ بەهێزبوونی حەشدی نیشتمانی و نفووزی عەرەبی سوننی بکاتەوە، کە ئەمەش کەلێن لە کەوانەی ئاسایشی ستراتیژیی کورد لە دەوری مووسڵ دروستدەکات.

## ئەنجام

ئەگەر کورد لەدوای داعش، بتوانێ کەوانەی مەخموور- شەنگال بە دەوری مووسڵدا لەدەستی خۆیدا بهێڵێتەوە یان ئەو کەوانەیە لەژێر نفوز و کاریگەریی خۆیدا بهێڵێتەوە و ڕێگە لە هەوڵەکانی دەرخستنی پێکدادانی کوردی- کوردی لە شەنگال بگرێت، ئەوە دەتوانێت لە گرێکوێرەی ئەمنیی مووسڵدا، بەشێوەیەکی ڕێژەیی ئاسایشی خۆی دابین بکات.

*** ئەم بابەتە کورتکراوەی لێکۆڵینەوەیەکی (ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو)ە سەبارەت بە ئۆپەراسیۆنی مووسڵ و ئاسایشی کوردستان.**




41 هەزار کەسە دەرکراوەکەی تورکیا دەتوانن پەنا بۆ دادگای ئەورووپا ببەن

# "پرۆفیسۆرهەیە تا ماوە بۆی نییە کار بکات"

ڕووداو- ئەنقەرە

بەشێک لە مافناس و یاساناسانی تورکیا دەڵێن ئەوانەی لەدوای کودەتای 15ی تەممووزی 2016 لە تورکیا لە کارەکانیان دەرکراون، دەتوانن لە دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپا سکاڵا تۆمار بکەن. هەندێک لەوانەش کە دەرکراون دەیانەوێ ئەمە بکەن.

بەگوێرەی ئامارە فەرمییەکانی تورکیا، لەدوای کودەتا شکستخواردووەکەی 15ی تەممووزی 2016، ئەوانەی بەبیانووی ئەوەی سەر بە بزووتنەوەی گولەنن، لە کارەکانیان دوورخراونەتەوە ژمارەیان 70 هەزار کەسە. هەروەها ئەوانەی لە کارەکانیشیان دەرکراون بە 41 هەزار کەس مەزندە دەکرێن.

حیکمەت دەلەبە، سەرۆکی ژووری پارێزەرانی ڕوها، دەڵێت "ئەوەی لە تورکیا کراوە ڕەنگە لە جیهاندا وێنەی نەبووبێ". هەروەها پارێزەری کورد دۆغان ئەرباش دەڵێت "لەکاتی ڕووخانی بلۆکی سۆسیالیستیش ئەمە ڕووینەداوە".

بەرپرسانی ئاک-پارتی لەدوای کودەتاوە چەندینجار ڕایانگەیاندووە تەڕ و وشک بەیەکەوە ناسووتێنن، بەڵام ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا، دوای گەڕانەوەی لە کۆبوونەوەی G20 لە چین لە 2016/10/6، لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەڤاناندا لەبارەی بەرەنگاربوونەوەی بزووتنەوەی گیولەن دەڵێت "شوێنپێی ئەسپ و ئەوانەی دیکە تێکەڵاو بووە".

دوای ئەو قسانەی ئەردۆغان بە ڕۆژێک، حکومەتی تورکیا ڕایگەیاند ئەوانەی پەیوەندییان بە گیولەنییەکانەوە نییە، دەگەڕێندرێنەوە سەر کارەکانیان. لەدوای ئەم لێدوانەش بینالی یڵدرم، سەرۆکوەزیرانی تورکیا، لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ والی-ی پارێزگاکاندا گوتی "پێویستە لە هەموو شارەکان مێزی قەیران دروستبکرێ و ئەوانەی بە ناهەق لە کارەکانیان دوورخراونەتەوە، دەستنیشان بکرێن".

دوای یڵدرم، ئەردۆغانیش لەگەڵ والیی پارێزگاکاندا کۆبووەوە و گوتی "نامەوێ کێبڕکێ بکەن لەسەر دوورخستنەوەی کارمەندان"، بەڵام هەمان ڕۆژ لە باکووری کوردستان زیاتر لە 11 هەزار مامۆستا لە کارەکانیان دوورخرانەوە، کە زۆربەیان خاوەنی بیروڕای چەپن و ئەندامی سەندیکای ڕەنجدەرانی زانست و پەروەردە (ئەیتم سەن)ن.

دۆغان ئارباش لەبارەی دوورخستنەوەی کارمەندانی ئەیتم سەنەوە دەڵێت "دەسەڵات کودەتا دەکاتە بیانوو بۆئەوەی هەموو شتەکان بەگوێرەی خۆی دیزاین بکاتەوە و پێگەی خۆی لەنێو دەوڵەتدا بەهێزتر بکات. ئەو ئۆپەراسیۆنانە سیاسین، پەیوەندییان بە ڕیشەکێشکردنی کودەتاچییەکانەوە نییە. هەروەها 90%ی ئەو مامۆستایانەی لە کارەکانیان دوورخراونەتەوە کوردن".

لەدوای کودەتاکەوە حکومەت بڕیارنامەی یاسای بەڕێوەبردنی باری نائاسایی بۆ ماوەی سێ مانگ ڕاگەیاند. دوورخستنەوەی کارمەندانی کەرتی گشتی بەگوێرەی ئەو بڕیارنامەیە دەکرێت و دوو شێوازی هەیە. یەکەم: دەرکردن لە کار، دووەم: دوورخستنەوە لە کار. ئەوانەی لە کارەکانیان دوورخراونەتەوە، دەرفەتی ئەوەیان هەیە دوای تەواوبوونی لێپرسینەوە، بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان، بەڵام ئەوانەی لە کارەکانیان دەردەکرێن، بەگوێرەی بڕیارنامەکە، بۆیان نییە جارێکی دیکە بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان.

بەگوتەی دۆغان ئەوانەی لە کارەکانیان دەردەکرێن، بەدرێژایی تەمەنیان مەحکومی بێکاری دەبن. تەنانەت زەمینەی کارکردنیان لە کەرتی تایبەتیش نابێت. دۆغان دەڵێت "بۆنموونە پرۆفسیۆرێکی دادوەری یان مافناسێک ناتوانێ کاری پارێزەری بکات، سەربازێک یان پۆلیسێک ناتوانێ لە کەرتی تایبەت کاربکات". هەروەها دەڵێت "بۆ خاوەنی ئەو پیشانە مەسەلەکە تەنیا پەیوەست نییە بە کارکردن لە کەرتی گشتی. ئەوانەی ناویان لە ڕۆژنامەی فەرمی بڵاودەکرێتەوە، مۆرێکیان پێوە دەلکێندرێت. بڵاوکردنەوەی ناوی ئەو کەسانە بۆ ڕای گشتی، دەبێتە هۆی ئەوەی وەکو کودەتاچی یان تیرۆریست بناسرێن. واتە ناویان دەخرێتە لیستی ڕەشەوە. بەگشتی بەشێوەیەکی مەدەنیانە دەکوژرێن".

پارێزەر و پەرلەمانتاری کورد سەزگین تانریکولو، کە جێگری سەرۆکی گشتی جەهەپەیە، دەڵێت ئەو کەسانەی لە کارەکانیان دەردەکرێن یان دووردەخرێنەوە لەگەڵ کەسوکاریان تووشی نەهامەتی دەبن و ژمارەشیان 400 — 500 کەس دەبێ. تانریکولو بە میدیایەکی نزیک لە جەهەپەی گوتووە "ئەوە کارەساتێکی کۆمەڵایەتییە. بەردەوامبوونی ئەو کێشەیە ئەنجامی دیکەشی لێدەکەوێتەوە".

ئەو پەرلەمانتارەی جەهەپە هەوڵەکانی خۆی خستووەتەگەڕ بۆئەوەی بڕیاری دوورخستنەوە و دەرکردنی کارمەندان هەڵبوەشێتەوە و ئامادەکاری دەکات بۆئەوەی سەردانی دادگای دەستووریی تورکیا بکات. ناوبراو دەڵێت "دوورخستنەوەی ئەو کەسانە لە کارەکانیان بەواتای دروستکردنی دوژمنی نێوخۆ دێت".

پارێزەران و مافناسان بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەبارەی ئەوانەی لە کارەکانیان دوورخراونەتەوە یان دەرکراون، هەندێکیان دەڵێن سکاڵاکردن سوودی نابێت، هەندێکیشیان دەڵێن دەتوانن لە دادگا نێودەوڵەتییەکان سکاڵا تۆمار بکەن.

کەرەم ئاڵتیپارماک، پسپۆڕی دەستووری لە تورکیا، بە پێگەی (ئەلمۆنیتۆر)ی گوتووە "لەبەرئەوەی بڕیارنامەی بەڕێوەبردنی باری نائاسایی دەستووری نییە، ئەو کەسانە ناتوانن دۆسییەکانیان ببەنە دادگاکانی نێوخۆی تورکیا، بەڵام دەتوانن ڕاستەوخۆ دۆسیە لە دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپا بکەنەوە".

هەفتەی ڕابردوو سوربیون یاغلاند، سکرتێری گشتیی ئەنجوومەنی ئەورووپا، ڕایگەیاند پێویستە ئەوانەی سەر بە تۆڕی گیولەن جیابکرێنەوە لە کەسانی دیکە و بە یەک چاو سەیری هەمووان نەکرێت، چونکە ئەم بارودۆخە تورکیا ڕووبەڕووی دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپا دەکاتەوە.

زۆر لە پسپۆڕانی بواری یاسا پێیانوایە ئەو مەسەلەیەی سوربیون باسیکردووە، بووەتە ڕاستییەک و لەوانەیە بە دەیان هەزار سکاڵا دەربارەی "کوشتنی مەدەنییانە" لە دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپا چاوەڕێی تورکیا بکات.

کەرەم ئاڵتیپارماک، وەکو ئاماژەیەک بەو 41 هەزار کەسەی لە کارەکانیان دەرکراون دەڵێت "ئەگەر ئەو 41 هەزار کەسە لە دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپا سکاڵا تۆماربکات، هەر هەموویان براوە دەبن و دادگا لەدژی تورکیا بڕیاردەدات. لەو حاڵەتەشدا تورکیا لەڕووی ماددی و مەعنەوییەوە زیانی پێدەگات".



### "کوشتنی مەدەنییانە" چییە؟

دەستەواژەی "کوشتنی مەدەنییانە" بۆ یەکەمجار لەلایەن دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپاوە لە ساڵی 2006 لەبارەی دۆسیەی عوسمان موراد ئولکە بەکارهات. عوسمان ئولکە لە ئەیلولی 1995 لەژێر ناوی یاخیبوونی مەدەنییانە ڕەتیکردەوە ببێتە سەرباز. دوای ساڵێک ئولکە بە بیانووی "ساردکردنەوەی خەڵک لە خزمەتی سەربازی" بەپێی یاسای 155ی سزادانی تورکیا دەستگیرکرا. ئولکە دادگاییکرا، ماوەیەک زیندانی کرا، ناچاریش کرا سەربازی بکات. لە 9ی ئاداری 1999 ئازادکرا. دوای ئەوە پارێزەرانی عوسمان ئولکە هەنگاوە یاساییەکانیان بڕی و تا گەیشتنە دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپا. دادگای ناوبراو تورکیای مەحکومکرد و شێوازی سزادانی ئولکەی بە "کوشتنی مەدەنیانە" وەسفکرد.

### ئەو ژەنەڕاڵەی ئەمریکای بۆ کوردستان هێنایە سەرخەت قسەدەکات

# دوژمنە نوێکانی ئەمریکا کێن؟



ڕووداو – Foreign Affairs

سەرەتای مانگی ئەیلولی 2016، ژەنەڕاڵ مارتن دێمپسی، سەرۆکئەرکانی ئەمریکا، کۆتایی بە زیاتر لە چوار دەیە لە ژیانی سەربازیی هێنا و خانەنشین بوو. دێمپسی لە جەنگی کەنداوی ساڵی 1990 و جەنگی عێراق لە ساڵی 2003 بەشداربووە. پاشان بووەتە فەرماندەی هێزە هاوبەشەکانی سوپای ئەمریکا و دواتریش سەرۆکئەرکانی ئەو سوپایە. دێمپسی هەر ئەو کەسەیە کە ساڵی 2014، لەکاتی هێرشەکانی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان، پشتگیریی لە هێرشی ئاسمانیی ئەمریکا کرد. لەم دیمانەیەی گۆڤاری (فۆرین ئەفەیرز)دا تیشک دەخاتە سەر بارودۆخی ئەمنیی جیهان و ئەو تەحەدایانەی ڕووبەڕووی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بوونەتەوە.

## مەترسیدارترین قۆناغ

پێشتر دێمپسی ڕایگەیاندبوو جیهان بە مەترسیدارترین قۆناغی خۆیدا تێدەپەڕێت. سەبارەت بە بنەماکانی ئەو بۆچوونە دێمپسی لە دیمانەکەی فۆرین ئەفەیرزدا گوتی "لەماوەی 41 ساڵ ئەزموونی سەربازیمدا، زۆربەی جاران دەرفەتی ئەوەمان هەبووە فۆکەس بخەینە سەر یەکێک لە هەڕەشەکان، بەڵام ئێستا ژمارەیەکی زۆر هەڕەشەمان لەسەر کەڵەکە بوون. سەرچاوەکانیشمان سنووردارن. ئەمە جگە لەوەی کە لەم قۆناغە سەختەدا سەبارەت بە بودجەی سەربازیمان تووشی جۆرێک لە دوودڵی بووینەتەوە".

بەگوتەی دێمپسی هەڕەشەکان لەلایەن دوو جۆر ئەکتەرەوە ئاراستەی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەکرێن. یەکەم: ئەکتەرە دەوڵەتییەکانی وەکو چین و ڕووسیان. دووەم: ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانی وەکو داعش. دێمپسی دەڵێت "ئەمریکا لە پێگەیەکدا نییە بتوانێ هیچکام لەو هەڕەشانە پشتگوێ بخات".

## هەڕەشەی دەوڵەتەکان

سەبارەت بە هەڕەشەی دەوڵەتان لەسەر ئەمریکا، ژەنەڕاڵە خانەنشینکراوەکەی ئەمریکا دەڵێت "ئاشکرایە کە ڕووسیا خەریکە پانتایی دەسەڵات و کاریگەریی خۆی لە وڵاتانی بلۆکی ڕۆژهەڵاتی کۆن دادەمەزرێنێتەوە. ڕووسیا بەنیازە جارێکی دیکە گرووپێک لە وڵاتان دامەزرێنێت و لەو ڕێگەیەشەوە ئابووری و ئاسایشی خۆی پەرە پێبدات".

دێمپسی پێیوایە ڕووسیا لە دوو ڕووەوە دەتوانێت هەڕەشە لەسەر ناتۆ دروست بکات: یەکەمیان بەشێوەیەکی بەرجەستە و لە بەرەی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپاوە، دووەمیشیان بە پچڕاندنی هێڵەکانی پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا "بۆ ئەو مەبەستەش ڕووسیا پشت بە سیستمی موشەکی و هێرشی سایبەری و کەشتیی ژێردەریایی لە زەریای ئەتڵەسیدا دەبەستێ".

چین دووەمین هەڕەشەیە لەسەر ئەمریکا، بەڵام پەکین بەپێچەوانەی مۆسکۆوە، خوازیاری پێکهێنانی هاوپەیمانێتیی ئەمنی و سەربازی نییە. بەڵکو تەنیا دەیەوێ سەرچاوەی پێویست (واتە کەرەستە و سووتەمەنی) بۆ ئابوورییەکەی و هاوبەشی بازرگانی بۆ کاڵاکانی بدۆزێتەوە. ئەوەی وایکردووە دێمپسی نیگەران بێت، هەوڵەکانی چینە بۆ "دروستکردنی زنجیرەیەک بازاڕ و گەرەنتیکردنی سەرچاوەکانی بەرهەمهێنان لە وڵاتانی سەر زەریای هێمن. بەجۆرێک کە کاریگەریی لەسەر هاوپەیمانێتیی ئەمریکا لەو ناوچەیە دادەنێ".

### ئەمریکا لەڕووی سەربازی و ستراتیژییەوە تووشی دوودڵی بووە

### بەرژەوەندیی دەوڵەتانی ناتۆ لەیەکدی جیاوازن و چیدیکە وەک یەک نین

دەریای باشووری چین یەکێک لە گەرمترین بابەتەکانی سەر مێزی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بووە. فەرماندەی پێشووی گشتیی هێزەکانی ئەمریکا پێیوایە ئەوەی ئەمریکا لە چەند ساڵی ڕابردوودا کردوویەتی بریتی بووە لەوەی ئاماژە بۆ چین بنێرێت کە "ئێمە (واتە ئەمریکا) ژمارەیەک هاوپەیمانمان لە زەریای هێمندا هەیە، کە کۆمەڵێک بەرژەوەندی و بەرپرسیارێتیی هاوبەش کۆماندەکاتەوە. ئەگەر چین بیەوێ بەناوی سەروەریی سنوورە ئاوییەکانی خۆیەوە هەڕەشەیان لێ بکات، ئەوە ئەمریکاش بەپێی کۆمەڵێک پەیماننامە پابەندە بەوەی کە هەڵوێستی هەبێت و پشتگیرییان بکات".

ئەمریکا لەپاش جەنگی دووەمی جیهانەوە لەڕووی پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەوە لە چین و ڕووسیا سەرکەوتووتر بووە، بەڵام بەگوتەی دێمپسی هاوپەیمانێتییەکانیش کێشەسازن. چونکە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا "خەریکە لەڕووی ئامانجەوە پارچە پارچە دەبن. واتە دەشێت یەکێک لە ئەندامانی ناتۆ ڕووسیا بە جدیترین هەڕەشە بزانێت و ئەندامێکی دیکە کۆچبەران و تیرۆریزم بە هەڕەشەی سەرەکی بزانێ".

## ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان

بەبڕوای دێمپسی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان دوو جۆر کێشە بۆ ئەمریکا و ڕۆژئاوا دروستدەکەن.

**کێشەی یەکەم:** ئەو گرووپانەن کە دەیانەوێ لە ناوچەیەکی دیاریکراودا شوێن پێی خۆیان قایم بکەن. ئەم جۆرە گرووپانە دەبێ بەشێوەی مەیدانی بەرپەرچ بدرێنەوە، بەشداری سەرەکیی شەڕەکانیش دەبێ ئەوانە بن کە زۆرترین دەستکەوت یان باج لەم جەنگەدا دەدەن. دێمپسی پێیوایە ئەگەر ئەمریکا خۆی بەتەنیا ئەم جەنگەی کردبایە، ئەوە ماوەیەکی زۆر زیاتری پێدەچوو.

**کێشەی دووەم:** پەیوەندیی بەو کەسانەوە هەیە کە لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەکرێنە کەسانێکی توندئاژۆ. کۆنە ژەنەڕاڵەکەی سوپای ئەمریکا دەڵێت "ڕاستە گرووپی وەک داعش خەریکە لە مەیدانەکانی شەڕدا تێکدەشکێن، بەڵام لە مەیدانی جەنگی ئینتەرنێتیدا براوەن. چونکە جەنگی فەزا مەجازییەکە (واتە ئینتەرنێت) زۆر سەختە".

### سوپای ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا

هەڵوێستی دێمپسی بەرامبەر ناردنی سوپای ئەمریکا بۆ ناوچە جیاجیاکانی جیهان هەمیشە ئاڵۆز و پێشبینینەکراو بووە. بۆنموونە ساڵی 2012 ڕۆبەرت فۆرد، باڵیۆزی ئەوکاتەی ئەمریکا لە سووریا، داوای لە کۆشکی سپی کردبوو هاوکاریی سەربازی پێشکەش بە چەکدارانی سوپای ئازادی سووریا بکات. دێمپسی لەگەڵ ئەو داوایەدا ناکۆک بوو. بەگوێرەی سەرچاوەکانی نزیک لە کۆبوونەوەکانی ئەوکاتی نێوان پێنتاگۆن و کۆشکی سپی، ڕاوێژەکانی دێمپسی ڕۆڵیان بینی لەوەدا کە ئۆباما بە نەرێنی وەڵامی ئەو داوایە بداتەوە. بەڵام کاتێک داعش لە هاوینی 2014 هێرشی کردە سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان، دێمپسی پێشنیازی بۆ کۆشکی سپی کرد کە گورزی سەربازی لە داعش بوەشێنن.

ژەنەڕاڵە 64 ساڵانەکەی ئەمریکا لە دیمانەکەی فۆرین ئەفەیرزدا زیاتر تیشکی خستووەتە سەر تێڕوانینی خۆی بۆ دەستتێوەردانی سەربازی و دەڵێت لەبەر دوو هۆکار پێیوایە بەشداریی بەرفراوانی سەربازیی ئەمریکا لە ڕەوشی ناسەقامگیری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەشێت ئاکامی پێچەوانەی لێبکەوێتەوە. هۆکاری یەکەمیان ئەوەیە کە دەشێت وڵاتانی ناوچەکە "خۆیان بکشێننەوە دواوە و لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا کەمترین یارمەتییان بدەن". هۆکاری دووەمیان ئەوەیە کە "دەبێ ئەمریکا هێزی سەربازیی خۆی ڕابگرێت بۆ ئەوکاتەی کە لەلایەن هێزە دەوڵەتییەکانەوە، لەوانەش ئێران، ڕووسیا، چین و کۆریای باکوور، هەڕەشەی لێدەکرێ".

هەربۆیە دێمپسی پێیوایە ئەمریکا نابێ خۆی بکاتە خاوەنی ئەو ناسەقامگیرییەی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەیە. بەڵکو دەبێ ئەوەیان لەبەرچاو بێت کە بەرژەوەندی و هاوپەیمانییان لە ناوچەکەدا هەیە. هەر بۆیەش لەکاتی پێویستدا ئۆپەراسیۆنی سەربازی یان ئاسمانی سنووردار بکات.

### نەخشەی هێزەکانی ئەمریکا لە جیهاندا




### بۆچی پرۆگرامەکەی ئەمریکا لە سووریا سەرینەگرت؟

**لەماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا ئەمریکا نیو ملیار دۆلاری لە پرۆگرامی ڕاهێنان و پڕچەککردنی چەکدارانی سوپای ئازادی سووریا خەرجکردووە. بەبێئەوەی ئەو هێزە دەستکەوتێکی ئەوتۆی هەبێت. مارتن دێمپسی، سەرۆکئەرکانی پێشووی ئەمریکا دەڵێت هۆکاری سەرەکیی شکستی ئەو پرۆگرامە ئەوە بوو کە "ئێمە نەمانتوانی ئەو ئاماژانە بخوێنینەوە کە پێیاندەگوتین سوپای ئازادی سووریا لەلایەن هیچ هێزێکی سوورییەوە پێشوازیی لێناکرێ".**

**هەر بۆیەش ئەو پرۆگرامە دەمودەست ڕاگیرا و لەبری ئەو هێزانە بەدوای هێزی میانڕەوی دیکەدا گەڕان، کە یەکێک لەوان هێزەکانی سووریای دیموکرات بوون. مارتن دێمپسی دەڵێت دەبێ تەرکیزێکی زیاتر بخرێتەسەر ئەکتەرە نێوخۆیی و ناوچەییەکان. واتە پێدانی هاوکاریی دارایی و سەربازی و مەشقپێکردنی هێزە خۆجێییەکان. زۆربەی ئەزموونی ئەو لە بواری مەشقپێکردنی هێزە خۆجێییەکان لە جەنگی عێراقەوە سەرچاوە دەگرێت. بەتایبەتیش ساڵی 2005 کاتێک بەرپرسی پرۆگرامی ڕاهێنانی هێزە ئەمنییەکانی عێراق بوو.**

---

# کوردێک پارێزگاری لە شوێنەوارەکانی سووریا دەکات

ڕووداو – Independent

لە بەدواداچوونێکی تایبەتی ڕۆژنامەی (ئیندیپێندنت)ی بەریتانیدا دەرکەوتووە کە هەرچەندە زۆربەی شوێنەوارەکانی سووریا پارێزراون، هاوکات شارەزایانی بواری شوێنەوار جەنگی نێوخۆی سووریایان قۆستووەتەوە بۆئەوەی کۆپیی شوێنەوارەکان بەناوی شوێنەواری ئۆرجیناڵەوە بنێرنە وڵاتانی ڕۆژئاوایی.

کاتێک بەنێو مۆزەخانەی نیشتمانیی دیمەشقدا دەسووڕێیتەوە، چەندەها کتێبی کۆنی جادوویی بەرچاودەکەوێت. کتێبەکان باس لەو وشە و نەفرەتانە دەکەن کە دەکرێ بەهۆیانەوە دوژمن بشکێندرێن. لەپاڵ ئەواندا ئینجیلێک لە مس، بەرهەمە ئایینییەکانی سەردەمی شەڕی خاچپەرستان و پەیکەری کۆنی شاهین دەبینرێ.

هەموو ئەمانە لە یەکەم بینیندا نەک هەر سەرنجڕاکێشن، بەڵکو دڵخۆشکەریشن، بەوەی کە هەستدەکەیت دەستی جەنگ نەگەیشتووەتە شوێنەوارە دێرینەکانی سووریا، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هەموو ئەمانە کۆمەڵێک کەلوپەلی ساختەن کە قاچاخچییەکان بەنیازبوون بە کڕیارە بیانییەکانی خۆیانی بفرۆشن. کەلوپەلەکان زۆر شارەزایانە لە کارگەکانی دیمەشق و حەلەب و ناوچەکانی دیکەی سووریا دروستکراون. کڕیارەکانیش زۆر لێیان ورد نابنەوە، لەبەرئەوەی هەتا ئێستاش بۆچوونی زاڵ لە بازاڕی شوێنەوارەکاندا ئەوەیە کە دزینی ئەمجۆرە شوێنەوارانە لە ڕەوشێکی وەک ئەوەی ئێستای سووریا کارێکی ئاسانە.

د. مەئموون عەبدولکەریم، بەڕێوەبەری گشتیی شوێنەوار و مۆزەخانەکانی دیمەشق، دەڵێت "ئەم ڕەوتە لە ساڵی 2015ەوە دەستیپێکرد. تاڵانچییەکان لە 2013 بۆ 2014 هێرشیان کردە سەر شوێنە دێرینەکان، بەڵام ئەوەیان دەستنەکەوت کە دەیانویست، هەر بۆیەش ڕوویانکردووەتە دروستکردنی شوێنەواری ساختە".

کەلوپەلە ساختەکان لە هەردوو ناوچەی ژێر دەسەڵاتی حکومەت و ئۆپۆزیسیۆن دروستدەکرێن. بۆنموونە ئەو کەلوپەلانەی لە ناوچەی ئیدلب دروستدەکرێن زیاتر پەیوەندییان بە قۆناغی ڕۆمانی و یۆنانی کۆنەوە هەیە. کەم کڕیاری بیانی هەیە بوێرێ بچێتە سووریا و قاچاخچییەکانیش ئەمە دەقۆزنەوە، هەر بۆیەش کەلوپەلەکان لەژێر خاکی شوێنەوارە دێرینەکاندا دەنێژن. دواتریش فیلم یان وێنەی دەرهێنانیان لەژێر خاک بۆ کڕیارەکان دەنێرن، بۆ ئەوەی قەناعەتیان پێبهێنن کە ئەمە ڕاستەقینەیە.

بە گوتەی د.عەبدولکەریم 80%ی ئەو کەلوپەلانەی بەناوی شوێنەوارەوە ڕەوانەی لوبنان دەکرێن ساختەن، چەند ساڵ لەمەوبەریش ئەم ڕێژەیە 30% بووە. ئەگەر یەکێک لەو قاچاخچیانە دەستگیر بکرێت، دادگای سووریا حوکمێکی سووکی بۆ دادەنێت، لەبەرئەوەی کەلوپەلەکان میراتی مێژوویی سووریا پێکناهێنن و ساختەن.

### شوێنەوارە ساختەکانی سووریا بە ئەورووپا دەفرۆشرێن

د.عەبدولکەریم کە خۆی دەڵێ بەڕەچەڵەک کوردە لە ساڵی 2013ەوە بەڕێوەبەری گشتیی مۆزەخانە و شوێنەوارەکانی سووریایە و بۆ ئەم کارەش هیچ پارەیەک وەرناگرێت، وەک خۆیشی دەڵێت لەڕووی سیاسییەوە بێ لایەنە. باوکی د.عەبدولکەریم یەکێک بووە لەو کەسانەی لە کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکان لە 1915 ڕزگاری بووە و دواتریش خێزانێکی کورد بەخێویان کردووە، وەک منداڵی خێزانێکی ڕزگاربووی جینۆساید.

د.عەبدولکەریم دەیەوێ ئەوەی لەدەستی دێت بۆ پاراستنی شوێنەوار و میراتە کولتووری و ئەتنیکیەکانی سووریا بیکات.

بەڕێوەبەری گشتی مۆزەخانە و شوێنەوارەکانی سووریا 2500 کەسی وەک ستاف لەگەڵە، کە هەندێکیان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئۆپۆزیسیۆنن و لەگەڵ خەڵکی ناوچەکان لە پەیوەندیدان بۆئەوەی هەرچۆنێک بێت شوێنەوارە مێژووییەکان بپارێزن.

ئەگەرچی زیان و وێرانییەکان لە هەندێک لە شوێنەوارەکان زۆر گەورە بووە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هیچ مۆزەخانەیەکی سووریا تاڵان نەکراوە، بۆ نموونە بە سێ کاژێر بەر لە هێرشەکەی داعش لە 2015، مۆزەخانەی تەدموور چۆڵکرا و کەلوپەلە شوێنەوارییەکانی ئەو مۆزەخانەیە بۆ دیمەشق گوازرانەوە. 24 هەزار کەلوپەلی مێژوویی لە حەلەب دوورخرانەوە و 30 هەزاری دیکەش لە دێرەزوور دوورخرانەوە.

بەڕێوەبەرە کوردەکە پێیوایە جەنگی نێوخۆیی کاری ئەوی وەک شوێنەوارناس گۆڕیوە و گوتی "کاری من دۆزینەوەی شوێنەوارەکان بوو، بەڵام لەماوەی ئەم سێ ساڵەی جەنگدا هەموو کاری من بووەتە شاردنەوەی شوێنەوارەکان".

ئاگاداربن و خۆتان بپارێزن

# پاییز وەرزی دڵخوازی ڤایرۆسەکانە

سەروەر سالار
رووداو- سلێمانی

لەگەڵ دەستپێکردنی یەکەم رۆژی پاییز، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پڕبوون لە گەڵای زەردی پاییز و ئەو شیعرانەی بۆ ئەو وەرزە گوتراون، بەڵام بۆ هەندێککەس پاییز دەبێتە سەرەتای هاتنی چەندین نەخۆشی. وادیارە پاییز وەرزی دڵخوازی ڤایرۆسەکانیشە!

دکتۆر برێت جۆنسن، پسپۆڕی پزیشکیی خێزانی لە نیۆەندی پزیشکیی داڵاس لە ئەمریکاوە، بە ماڵپەڕی (weather)ی گوتووە "پاییز و زستان لوتکەی بەربڵاوی هەندێک نەخۆشیی ڤایرۆسین، بەتایبەتی ئەنفلۆنزا، کە بەئاسانی لەنێوان خەڵکدا دەگوێزرێنەوە، بەتایبەتیش بۆ بەساڵاچوون، منداڵان و ئەوانەی بەرگریی جەستەیان لاوازە، مەترسیدارن".

زۆربوونی نەخۆشییەکان بەگشتی و نەخۆشییە ڤایرۆسییەکان لە پاییزدا هەندێکی پەیوەندی بە جەستە و هەندێکی دیکەشیان پەیوەندییان بە ژینگە و دەوروبەرەوە هەیە.

گرنگترین ئەو نەخۆشییانەی پاییزان زۆرتر بڵاودەبنەوە، نەخۆشییە ڤایرۆسییە گواستراوەکانی وەک هەڵامەت و ئەنفلوەنزان.

لە پاییزدا کە پلەی گەرمی بەشێوەیەکی بەرچاو دادەبەزێت، جەستە بەئاسانی رانایێتەوە لەگەڵ ئەو پلە گەرمییە نوێیەدا و وا بڕوادەکرێ کۆئەندامی بەرگریی جەستە بۆ ماوەیەک کەمێک لاواز ببێت. هەروەک پلەی گەرمای فێنک و سارد ژینگەی نموونەیین بۆ گەشەی ڤایرۆسەکان، رەشەبای پاییزیش وایان لێدەکات خێراتر لە وەرزەکانی دیکە لەنێو خەڵکدا بڵاوببنەوە.

هەموو ئەو هۆکارانە لەپشت ئەوەون کە پاییزان ژمارەیەکی زۆرتر حاڵەتی قورگئێشە و پەتای جیاواز ببینین. واتە سەرما راستەوخۆ پەتا دروستناکات، بەڵکو ناڕاستەوخۆ یارمەتی تەشەنەکردنی دەدات.

جگە لە پەتا گواستراوەکان، حاڵەتەکانی هەستەوەری (حەساسیەت)یش پاییزان زۆردەبن. بڵاوبوونەوەی تەپوتۆز، گەڵا و دەنکەهەڵاڵەی گوڵ و رووەکەکان لەنێو هەوادا، بەهۆی رەشەبای پاییزەوە و دواتر هەڵمژینی هەواکە لەلایەن ئەوانەی هەستەوەرن، هۆکارێکە بۆ بەربڵاوی جۆرە جیاوازەکانی هەستەوەری لە پاییزدا. وەکو لووتگیران، سووربوونەوەی چاو، ئاو لە لووت هاتن، سووتانەوە و تووندبوونی قورگ، کۆکە و هەناسەتووندی لەوانەی رەبوویان هەیە.

هەروەها حاڵەتی بەدهەرسی و سکچوونیش لە پاییز و زستانان بەرەو زیادی دەچن. لوتکەی بەربڵاویی ڤایرۆسی نۆرۆ بریتییە لە کەشوهەوای فێنک و ساردی پاییز و زستان. ڤایرۆسەکە دەبێتە هۆی بەدهەرسی و سکچوون.

منداڵان قوربانیی هەرە دیاری گۆڕانی وەرزەکانی ساڵن. سەنتەری کۆنترۆڵکردن و پێشگیری لە نەخۆشییەکانی CDC لە ئەمریکا دەڵێت منداڵان 2-3 ئەوەندەی گەورەکان تووشی پەتاکانی کۆئەندامی هەناسە دەبن و هەر منداڵێک دوورنییە ساڵانە 8-9 جار پەتا بگرێت، ئەوەش بەهۆی پێنەگەیشتوویی و لاوازیی کۆئەندامی بەرگرییانەوە.

سەبارەت بە بڵاوترین ئەو پەتایانەی ئێستا و لە وەرزی دەستپێکردنی سەرمادا لە کوردستان دەبینردرێن. د.کۆیان زاهیر کە بۆردی لە نەخۆشییەکانی منداڵان هەیە بە (رووداو)ی گوت "تاوەکو بەرەو وەرزی فێنک و ساردی پاییز و زستان بچین حاڵەتە ڤایرۆسییەکانی کۆئەندامی هەناسە زۆرتر دێنە لامان. بەگشتی بەوە جیادەکرێنەوە کە دەبنە هۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش، کۆکە، سووربوونەوە و هەڵاوسانی شانە نێوپۆشەکانی قورگ و لووت، لە هەندێک تووشبوواندا دەگاتە هەناسەتووندیش".

وەک پزیشکەکان تێبینییان کردووە، ئەوانەی رۆماتیزم و نەخۆشیی جومگەکانیان هەیە لە وەرزی سەرمادا زۆرتر پەرێشان دەبن "هەوای سارد و شێدار ئازاری جومگەکان خراپتردەکات و بەڕوونی تێبینیی ئەمە دەکەین"، ئەمە گوتەی د. سۆران محەممەد غەریب، پزیشکی جومگە و رۆماتیزمە بۆ (رووداو).

پزیشکێکی هەناویش دەڵێت رۆیشتن بەرەو وەرزە سارد و فێنکەکان هەواڵێکی ناخۆشە بۆ تەندروستیی دڵی ئەوانەی تووشی هەندێک نەخۆشیی دڵ بوون. د.سەربەست فەخرەدین، پزیشکی هەناوی بە (رووداو)ی گوت "ئەوانەی نەخۆشیی بۆڕییەکانی خوێنی دڵیان هەیە یان دڵیان سستە، لە وەرزە سارد و فێنکەکاندا زۆرتر تووشی ئاڵۆزبوونی حاڵەتەکانیان دەبنەوە لەشێوەی سنگئێشە و هەندێکجار هەناسەتووندی".

## پەتا پاییزییەکان دەرمانیان نییە

هەرچەندە ڤایرۆسەکان هێندە بچووک و سەرەتایین، تاکو ئێستا زاناکان ئامادەنین بە تەنی "زیندوو" ناویان ببەن و دەڵێن ئەوانە تەنانەت پێکهاتەی یەک خانەشیان تێدا نییە، کەچی تاوەکو ئێستا دەرمانێک نییە ڤایرۆسە تووشکەرەکانی کۆئەندامی هەناسە قەڵاچۆبکات. ئەوە لە کاتێکدا جەستەی هەریەکە لە ئێمە لە نزیکەی 37 تریلیۆن خانە پێکهاتووە.

زۆربەی ئەو پەتایانەی پایز و زستان بڵاودەبنەوە ڤایرۆسین، کاتێکیش کەسەکە تووشی دەبێت، دەرمانێکی تایبەت نییە کە ڤایرۆسەکان لەنێوببات، بەڵکو ڤایرۆسەکە دەبێت هەر سوورەکەی خۆی تەواو بکات، ئەوەش بەپێچەوانەی نەخۆشییە بەکتریاییەکانەوە کە بە دەرمانی دژەزیندە لەنێودەچن.

وەک پزیشکەکان باسیدەکەن، کاتێک کەسێک تووشی ئەو پەتا ڤایرۆسییانە دەبێت تاوەکو وای لێنەیەت بەشێوەیەکی بەرچاو لە رۆتینەکانی ژیانی رۆژانەی وەک خەو و خۆراک و هەڵسوڕاندنی ئەرکەکانی رۆژانەی بکات، چارەسەرێکی ئەوتۆی ناوێت.

### کەپسولی دژەهەوکردن بەکاربهێنین؟

د.سەربەست فەخرەدین دەڵێ ئەوانەی تووشی پەتا ڤایرۆسییە گواستراوەکان دەبن، دەتوانن هەر لە ماڵەوە هەندێک رێوشوێنی سادەی نادەرمانی وەربگرن بۆ کەمکردنەوەی سەختییەکانی نەخۆشییەکە، لەوانە: پشوودان، نووستنی پێویست، زۆر خواردنەوەی شلەمەنییەکان، میوەکان، خۆفێنککردنەوە، ئەگەر پلەی گەرمیی لەش بەرزبوو.

سەبارەت بە دەرمان دکتۆر سەربەست دەڵێت دەرمانی دابەزێنەری پلەی گەرمی بەگشتی بەسن بۆ چارەسەری پەتا ڤایرۆسییەکانی وەک هەڵامەت و ئەنفلۆنزا، لە نموونەی پاراسیتۆڵ و پرۆفین و نابێ بە هیچ جۆرێک بەبێ ئاگاداریی پزیشک دەرمانی دژەزیندە بەکاربهێندرێ.

د.سەربەست باسی چارەسەری نازانستانە لە کوردستان بۆ ئەو پەتا ڤایرۆسیانە دەکات و دەڵێت "لە کوردستان خەڵکی کە دێنە لای پزیشک بۆ چارەسەری پەتاکانیان پێشووتر لە دەرمانگە لاکۆڵانەکان ئەنتی بایۆتیکیان بەکارهێناوە و چاکنەبوونەتەوە، ئەوەش کارێکی نازانستییانە و زیانمەندە چونکە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا هۆکارەکە ڤایرۆسە، لەکاتێکدا دەرمانەکە دژە بەکتریایە.

وەک دکتۆر سەربەست باسیدەکات بەکارهێنانی نازانستانەی دەرمانە دژە زیندەکان، جگە لەوەی پەتا ڤایرۆسییەکان چاکناکاتەوە، کۆئەندامی بەرگریی جەستەش لاوازدەکەن لەڕێگەی لەنێوبردنی بەکتریا سوودبەخشەکانی جەستە. نەمانی بەکتریا سوودبەخشەکانی جەستەش، ئەگەری تووشبوون بە پەتاکان لە ئاییندەدا زیاتردەکات.

جگە لە بەکارهێنانی دەرمان بێ گوێدانە بنەما زانستییەکان، وەک دکتۆر سەربەست روونیکردەوە هاووڵاتییان لە سرووشتی کارکردنی دەرمانە دژە زیندەکانیش تێناکەن "دەرمانی دژە زیندە بەگشتیی دەوروبەری 2-3 رۆژیان دەوێ تاوەکو کاریگەریی تەواویان دەربکەوێ و لە جەنگی دژە بەکتریادا سەربکەون، کەچی هەندێک کەس ئەگەر دوای یەکەم ژەم بە دەرمانەکە چاک نەبووە، دەچنە لای پزیشکێکی دیکە".



## بۆچی لە پاییزدا نەخۆشی زۆر دەبێ؟



د.عەبدولفەتاح هەورامی، کە بۆردی لە پزیشکیی کۆمەڵدا هەیە، باس لە هۆکارەکانی بەربڵاوی نەخۆشییە ڤایرۆسییە گواستراوەکان دەکات لە وەرزی پاییزدا دەکات و لە چەند خاڵێکدا کورتیان دەکاتەوە:

- لە وەرزە سارد و فێنکەکاندا خەڵکی زۆرتر لەنێو ماڵ یان شوێنە داخراوەکانی دیکە دەمێننەوە، بۆیە تووشبوونی کەسێک بە ڤایرۆسێک، واتا تووشبوونی بەشێکی بەرچاو لەو کەسانەشە کە لەگەڵ ئەو لە شوێنە داخراوەکان دەژین.
- نێو لووت و بۆڕییەکانی هەناسەی مرۆڤ، شلەیەکی لینجیان تێدایە، کە میکرۆبە نەخۆشخەرەکان بە ئاراستەی دەرەوە رادەماڵێت، بەڵام هەوا سارد و وشکەکەی پایز و زستان ئەو شلەیە کەمدەبێتەوە، بۆیە میکرۆبەکان توانای مانەوەیان لەنێو جەستە زۆرتر دەبێت، ماوەیەکی زۆرتریان لەبەردەستدەبێ بۆ زاڵبوون بەسەر کۆئەندامی بەرگریی کەسەکە و نەخۆشخستنی.
- کەشی سارد و وشک دۆخی دڵخوازی ئەو میکرۆبانەیە کە دەبنەهۆی پەتاکانی کۆئەندامی هەناسە، تاوەکوو زۆرتریش لە هەوا و لەسەر تەنەکانی دەوروبەرمان بمێننەوە، ئەگەر زۆرترە تووشی نەخۆشیمان بکەن.

# لەرز و تا چییە؟

د.زانیار نووری

یەکێک لە کۆنترین نیشانەکانی نەخۆشی لە ژیانی مرۆڤدا لەرز و تایە. بۆیە ئێستا و جارانیش دەیان لێکدانەوەی جیاوازی بۆ کراوە. بەجۆرێک کە ئێستاش جارجار ئەو لێکدانەوە کۆنانەمان گوێ لێدەبێ بۆ "تا" کە دەگەڕێنەوە بۆ تێگەیشتنە کۆنەکان.

## چۆن (تا) دەردەکەوێت؟

هەموو (تا)یەک سەرەتا بە لەشئێشان و داهێزران دەستپێدەکات. پاشان نەخۆشەکە مووچڕکی پێدادێت. دواتر پلەی گەرمیی لەشی بەرزدەبێتەوە. نەخۆشەکە یان دەوروبەرەکەی بە دەستلێدان لە ناوچەوان یان دەست و قاچی نەخۆشەکە هەست بەو گەرمییە دەکەن. پاشان، بەتایبەتی ئەگەر نەخۆشییەکە گران بێت، وردە وردە نەخۆشەکە بێهێز دەبێت و لە پەل و پۆ دەکەوێت. ئینجا هیچی بۆ ناخورێت. تەنانەت جاری وا هەیە لەهۆش خۆی دەچێت. هەرچەندە نەخۆشەکە لەبەر گەرما لەشی داخ بووە، بەڵام سەرمایەتی و دەلەرزێ و بەتانیی زیاتر بەخۆیدا دەدات.

## لێکدانەوە هەڵەکان

لەبەر ئەو دیمەنەی باسمکرد، ئەو کەسانەی دەوروبەری نەخۆشەکە تووشی دڵەراوکێ دەبن. جاران نەزانراوە لەرز و تا چییە، بۆیە لێکدانەوەی نازانستییان بۆ کردووە و چارەسەری بێسوودیان بۆ بەکارهێناوە. لە بابەتەکانی پێشوومدا باسمکردووە کە نازانستی واتە هەر لێکدانەوەیەک یان کردارێک کە بەڵگەی لەسەر نەبێت. یەکێک لەو بیروبۆچوونە نازانستییانە ئەوەیە کە دەگوترێت ئەو نەخۆشە سەرمای بووە. ئێمە گوتمان سەرما هەرگیز کەس نەخۆش ناکات. مەگەر پلەی گەرما زۆر زۆر لەژێر سفرەوە بێت، یان دەگوترێت ئەوە دوعای لێکراوە یانیش چووە بە چاوەوە، یان ئەوە بۆیە تای لێهاتووە چونکە خەفەتی خواردووە. ئەمەش وادەکات نەخۆشەکە چارەسەریی راستەقینە وەرنەگرێت و لەبری دەرمان، بەتانیی زیاتری پێدا دەدەن، یان چاوەزاری پێوە دەکەن. یانیش "تان" ەکەی دەبڕن بە پەت، یان دەگرین بە دیاریەوە بۆ خەفەتەکەی!

## کەواتە زانست چی دەڵێت؟

لە ساڵەکانی سەدەی رابردووە زانراوە کە (تا) نیشانەیەکی نەخۆشییە، شەڕکردنی جەستەی مرۆڤە لەگەڵ نەخۆشییەکە. هۆکارەکەی بەهۆی ئەو ماددە دژە تەنانەوەیە کە لەشی مرۆڤ دەریدەکات بۆ شەڕکردن لەگەڵ نەخۆشییەکە. ماددەکان وادەکەن راگری پلەی گەرمیی لەشی مرۆڤ تێکبچێت. بۆیە نەخۆشەکە لەشی گەرم دەبێت، بەڵام مێشک وادەزانێت سەرمایە و لەرزی پێدێنێ. بەڵام لەگەڵ ئەم راستییە حاشا هەڵنەگرەدا، ئەوەش زانراوە کە زۆربەی کات (تا) ئەنجامێکی زیادەیە و جگە لە ماندووکردنی نەخۆشەکە زۆر سوودی نییە. هەروەها ئێستاش کە زانراوە نیشانەی نەخۆشییە، بەڵام هەندێک کەس هۆکاری نەخۆشییەکە نازانن.

## هۆکارەکانی چین؟

لە هەمووی باوتر، میکرۆبە. میکرۆبەکان مەعلانن لە دروستکردنی (تا)دا بۆ مرۆڤ. بەڵام دەکرێت هەوکردنە رۆماتیزمییەکان بێت یان دەرمان بیکات، یان پلەی گەرمای دەوروبەر بیکات، یان بۆماوەیی بێت، یان شێرپەنجە بێت. کەواتە دەکرێ ئەو (تا)یە بەهۆی هەلامەتێکەوە بێت. دەشکرێت بەهۆی شێرپەنجەی خوێنەوە بێت! بەڵام کێ ئەمە یەکلایی دەکاتەوە؟

تەنیا پزیشک، بە تایبەت پزیشکی هەناوی.



### چارەسەر:

1- چارەسەرکردنی هۆکاری (تا)یەکە، وەکو گوتمان تەنیا پزیشک دەتوانێت.
2- بەکارهێنانی دەرمانی وەکو پاراسیتامۆڵ.
3- ساردکردنەوە بە پەڕۆی تەڕ.
4- خواردنەوەی شلەمەنی.
5- دوورکەوتنەوە لە چارەسەرە هەڵەکان: وەکو تێکەڵکردنی دوو دەرزی یان زیاتر.



# زۆر خاوێن مەبن، با نەخۆش نەبن

دکتۆر زانا ئەحمەد

"ئێمە ئەوەندە گرنگی بە پاک و خاوێنی منداڵەکانمان دەدەین، کەچی بەردەوام نەخۆشن. بەڵام منداڵی گەڕەکە میللییەکان و گوندەکان بەردەوام بەپێی پەتییەوە لەنێو چڵکاو و تۆز و خۆڵن، قەت نەخۆش نابن". ئەمە گوتەیەکی زۆر باوی ژنانی خوێندەوارە.

زۆرجار نامانەوێت باوەڕ بەوە بهێنین کە ئەم قسەیە راستە، بەڵام ناشمانەوێ فێڵ لەخۆمان بکەین و لەدڵەوە پێمانوایە لەواقیعدا وایە. بۆیە پێویستە لەڕووی زانستییەوە ئەوە یەکلایی بکرێتەوە کە ئایا ئەو بۆچوونەی سەرەوە ئەسڵی هەیە یان نا؟

ئەوە زۆر بەڕوونی دیارە کە لەم سەدەیەی رابردوودا حاڵەتەکانی تووشبوون بە نەخۆشی زۆر زیادیکردووە. پزیشکان بەردەوام بەدوای هۆیەکانی ئەو بەرزبوونەوەیەدا دەگەڕێن. هەندێ هۆ بەتەواوی سەلمێندراون و هەندێک هۆی دیکەیان وەک گریمانە خستووەتەڕوو، بەڵام رۆژ بە رۆژ زیاتر بۆیان دەردەکەوێت کە ئەو گریمانانە بەجێن. یەکێک لەوانە "گریمانەی پاکی-Hygiene Hypothesis"ە، بەو واتایەی کە زیاد گرنگیدان بە پاکی، سەردەکێشێ بۆ نەخۆشی، سەیرنییە؟!

گشت کۆئەندامەکانی لەش، چەند زیاتر بەکاربهێنرێن و رووبەڕووی کۆسپ ببنەوە، ئەوەندە بەهێزتر دەبن. هەندێک لەوانە بە چاو دەبینین، وەک ئەوەی کە ماسوولکەکانمان بەزۆر مەشقپێکران و قورسیی پێ هەڵگرتن، گەورە و پتەو دەبن. رێک وەک ئەوە کۆئەندامی بەرگریش ئەوکاتە بەهێزدەبێت کە بخرێتەگەڕ، نەک ئەوەی بەردەوام پشووی پێبدرێت. بۆیە ئەگەر بێت و رێژەی ئەو میکرۆبانەی دەچنە ناو لەشەوە گەلێک کەم بن، بەتایبەتی لە سەرەتاکانی قۆناخی منداڵیدا، کۆئەندامی بەرگریی لەش بەهێز نابێت. هەربۆیە لە ئایندەشدا ناتوانێت رووبەڕووی نەخۆشی و میکرۆبی زۆر ببێتەوە. ئەمەش سەردەکێشێت بۆ زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە چەند نەخۆشییەک، بەتایبەت ئەوانەی پەیوەندییان بە بەرگریی لەشەوە هەیە، وەک یەکەم جۆری نەخۆشیی شەکرە، رەبوو، هەستیاریی لووت و پێست (ئەکزیما). هەروەها چەند نەخۆشییەکی دیکەش وەک شێرپەنجەی خڕۆکە سپییەکانی خوێن و ئۆتیزم و خەمۆکی.

بۆیە دەبێ بزانرێ جەستەمان لە هەموو رووێکەوە حەزی بە مامناوەندێتییە، وەکچۆن بە گەرمیی زۆر و ساردیی زۆریش تێکدەچێت، ئاواش بە پیس و پۆخڵیی زۆر و لە هەمانکاتیشدا بە پاکیی زیاد لە پێویست تێکدەچێت.

هەمەجۆر
رووداو
2016/9/26

# لێڤی واز لە پێشمەرگە ناهێنێ



**دەریاز یونس/ رووداو- هەولێر**

بێرنارد هێنری لێڤی، نووسەری بەناوبانگی فەرەنسی، کە لە ماوەی رابردوودا فیلمێکی دۆکیۆمێنتەریی بەناوی (پێشمەرگە) بڵاوکردەوە و نمایشێکی تایبەتی لە شەست ونۆهەمین خولی فێستیڤاڵی کان لە فەرەنسا بۆ کرا، بڕیاریداوە بەشداریی پێشمەرگە و رۆڵی لە ئازادکردنی شاری مووسڵ بکاتە فیلمێکی دیکە.

لێڤی بە (رووداو)ی راگەیاند لە داهاتوویەکی نزیکدا سەردانی کوردستان دەکات و ئێستا پلان بۆ بەرهەمهێنانی فیلمێکی دیکیۆمێنتەری دادەنێت سەبارەت بە ئازادکردنی شاری مووسڵ لەدەست داعش و رۆڵی پێشمەرگە تێیدا. بێرنارد هێنری لێڤی دەشڵێت "شانازی بەوەوە دەکەم کە خزمەتێکی بچووکم بە پێشمەرگە کردووە. ئەو هێزە زۆر گەورە و پیرۆزە و دەبێ هەموو جیهان سوپاسی پێشمەرگە بکات. پیشاندانی فیلمی پێشمەرگەش لە سینەما و فێستیڤاڵەکانی جیهان بەردەوامە".

# کەریمی چاوەڕێی قامچییەکانە



**دەریاز یونس**
**رووداو – هەولێر**

کەیوان کەریمی، سینەماکار و دەرهێنەری رۆژهەڵاتی کوردستان، ئێستا لە شاری تاران-ی پایتەختی ئێرانە. دەسەڵاتدارانی ئێران رێگەی پێنادەن بچێتە دەرەوە، ئەو قامچیانەشی لێنادەن کە دادگایەکی ئێران بۆی بڕیوەتەوە.

کەریمی بەهۆی بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکۆمێنتاریی "نووسین لەسەر شار" بەرپرسانی ئێرانیی تووڕەکردووە. ئەوانیش سزای ساڵێک زیندانیکردن و لێدانی چەند قامچییەکیان بۆ بڕیوەتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا بڕیارەکەی دادگا جێبەجێ نەکراوە.

ئەمیر رایسیان، پارێزەری کەیوان کەریمی، بە (رووداو)ی راگەیاند "کەریمی چاوەڕێی زیندانیکردن و لێدانی قامچییەکانە، ماوەی ساڵێکە بڕیاری دادگا دەرچووە و جێبەجێنەکراوە".

کەیوان کەریمی سەبارەت بە نوێترین پڕۆژەی بە (رووداو)ی راگەیاند بەهاوکاریی بەرهەمهێنەرێکی فەرەنسی خەریکی بەرهەمهێنانی فیلمێکی سینەمایی درێژە، ئێستا خەریکی ئامادەکردنی سیناریۆکەیە، کاریش بۆ کۆکردنەوەی بودجە و پارە دەکات بۆ دروستکردنیی فیلمەکە.



# "کورد نازانێ خۆی بکاتە سینەما"



**رووداو – هەولێر**

رۆڵف دێ هێر، سینەماکار و دەرهێنەری بەناوبانگی ئوسترالی و سەرۆکی لێژنەی هەڵبژاردنی باشترین فیلمی جیهان لە فێستیڤاڵی دهۆک، سینەماکارانی کورد بە "کەمتەرخەم" وەسفدەکات لە بەکارهێنانی چیرۆک و ئەو کەرەستانەی بۆ فیلم لە هەرێمی کوردستان هەن.

رۆڵف دێ هێر، بە (رووداو)ی گوت "ملیۆنان چیرۆک و سکریپتی بەهێزی فیلمی سینەمایی لە باشووری کوردستان هەن کە سینەماکارانی کورد دەتوانن سوودی لێ ببینن و بیکەنە فیلمی بەهێز و تێیدا کوردستان و کورد بەجوانی پیشانی هەموو جیهان بدەن".

دێ هێر دەشڵێت "ئەو چیرۆکانەی تاوەکو ئێستا سینەماکارانی کورد پیشانیانداوە، چیرۆکی لەیەکچوون. سینەماکارانی کورد کەمتەرخەمن لە پیشاندانی ئەو چیرۆک و سکریپتە جوانانەی ئەگەر خۆیان کاری لەسەر نەکەن، هیچ سینەماکارێکی جیهان ناتوانێت کاری لەسەر بکات".

# دێژین شانازیی پێوەدەکات

**دەریاز یونس**
**رووداو – هەولێر**

دێژین جەمیل، کە بەشێک لە سینەماکارانی باشووری کوردستان نازناوی تاکە خانمە ئەکتەری کوردی ئێزیدییان پێبەخشیوە، دەڵێت لە کاری نواندن و دەرکەوتن لە فیلمی سینەماییدا بەردەوام دەبێت. شانازیش بەو نازناوە دەکات کە پێیدەڵێن تاکە خانمە ئەکتەری کوردی ئێزدی.

دێژین یەکەم ئەزموونی دەرکەوتنی لە فیلمی (حەج حەجیک)ی سینەماکاری رۆژئاوای کوردستان مانۆ خەلیل بوو. ئەو فیلمە خەڵاتی پارێزگای دهۆک-ی لە چوارەمین خولی فێستیڤاڵی دهۆکدا بەدەستهێنا. ئەو خانمە ئەکتەرە بە (رووداو)ی راگەیاند "کولتووری دەرکەوتنی خانمان وەک ئەکتەر لە باشووری کوردستان کولتوورێکی تازەیە و بۆ کوردای ئێزدی تازەتریشە".

دێژین، وەک خۆی دەڵێت، ئەزموونێکی سەرکەوتووی لەگەڵ مانۆ خەلیل هەبووە و وەک ئەکتەر، هەروەها دەڵێت دەرکەوتنی لە فیلمە سینەماییەکان بەردەوام دەبێت.

لە بارەی نازناوی تاکە خانمە ئەکتەری کوردی ئێزدی، دێژین دەڵێت "خۆم دڵنیانیم کە تاکە خانم بم یان نا، بەڵام وا دەگوترێت و ئەوە بۆ من جێگەی شانازییە".



# میکائیل نەحەوایەوە



**میوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

میکائیل، هونەرمەندی رۆژهەڵاتی کوردستان، بە یەکجاری کوردستانی جێهێشت و گەڕایەوە سوێد.

رێباز نانەکەلی، بەڕێوەبەری کارە هونەرییەکانی میکائیل لە سوید، بە (رووداو)ی راگەیاند "میکائیل ماوەی مانگێکە گەڕاوەتەوە سوید و بەیەکجاری لە سوید نیشتەجێ بووە. ئێستاش خەریکی کۆنسێرتە بۆ کوردی تاراوگە".

دەربارەی دوایین بەرهەمی هونەریی، رێباز نانەکەلی گوتی "میکائیل ئێستا گۆرانیی کیژەکەی کافرۆش بە دابەشکردن و ئەدایەکی نوێوە دووبارە دەکاتەوە و کلیپیکیشی بۆ دەکات، چونکە ئەم گۆرانییە دەنگدانەوەیەکی زۆری لەنێو خەڵکدا هەبووە. بۆیە دەیەوێ بە شێوازێکی تازەوە پێشکەشی هەوادارانی بکاتەوە".

لە چەند ماڵپەڕو رۆژنامەیەکی کوردی هەواڵی ئەوە بڵاوکرابوویەوە، کە میکائیل لە هاوژینەکەی جیابووەتەوە، بەڵام بەڕێوەبەری کارەکانی میکائیل ئەو هەواڵە رەتدەکاتەوە و دەڵێت "میکائیل لە هاوژینەکەی جیانەبووەتەوە و ئەو هەواڵانە ئەسڵیان نییە".

# عیشقی خەریکی لای لایەیە

**میوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

زوهرا عیشقی، کچە گۆرانیبێژی فارس، گۆرانییەکی هونەرمەندی رۆژهەڵاتی کوردستان فەتانە وەلیدی دەڵێتەوە، کە بەناوی (لای لای گوڵم لای)ە.

زوهرا ئێستا لە باشووری کوردستانە و بەنیازە گۆرانییەکە کلیپ بکات. زوهرا بە (رووداو)ی گوت "وەک خۆشەویستییەک بۆ هونەرمەند فەتانە وەلیدی، گۆرانییەکی ئەو هونەرمەندە دەڵێمەوە، کە بە شێواز و دابەشکردنێکی تازەوە دووبارەمکردووەتەوە". گوتیشی "ئەگەر سپۆنسەرم دەستبکەوێ، کلیپێکی جوان لە کوردستان بۆ گۆرانییەکە دەکەم، چونکە گۆرانییەکەم لەسەر ئەرکی خۆم تۆمارکردووە".

زوهرا عیشقی لە تاران دەژیت. ماستەری لە شانۆ هەیە و مامۆستای پیانۆیە. تەنیا یەک ئەلبوومی گۆرانیی هەیە. هەروەها وەک ئەکتەر بەشداریی لە چەندین شانۆگەریدا کردووە. پێشکەشکاری تەلەفزیۆن و رادیۆ بووە. ئێستاش لەگەڵ گرووپی میوزیکی (دست افشان) کاردەکات و چەندین کۆنسێرتی لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران سازکردووە.

## بەختی رووداو



ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

**کاوڕ**
لەکاتی ماندووبوندا بیر لە باری تەندروستیت بکەوە. ناتوانی خۆت لە گرفت بپارێزی، بەڵام دەتوانی بەشێوەیەکی ژیرانە رووبەڕووی ببیتەوە. ئەگەر بتوانی کەسێک قایل بکەیت، لە پلانەکەتدا سەرکەوتوو دەبی..

**گا**
هەرچەند بەدوای بەختەوەریدا رادەکەیت، ئەو خێراتر دووردەکەوێتەوە، بەڵام لە کۆتاییدا ئامانجەکەت بەدەست دێنی. لەم هەفتەیەوە ڤینۆس دەکەوێتە بەرامبەر کەلوەکەت ئەمەش دیدارێکت بۆ دەرەخسێنێ و دڵخۆشی لێدەکەوێتەوە.

**دووانە**
کەسایەتییەکی نەرمونیانت هەیە و رێز لە هەموو کەسێک دەگری، بەڵام هەست دەکەیت ئەم ماوەیە خەڵکان بەشێوەیەکی رەق وەڵامی داواکارییەکانت دەدەنەوە، هێمنیت تێکمەدە چونکە پەشیمان دەبنەوە، تۆش لەدڵی مەگرە.

**قرژاڵ**
هەموو ئەوانەی تۆ دەناسن سەرسامن بە (بێدەنگیت، پلانەکانت و خۆڕاگریت) لەم هەفتەیەوە دەرگایەکی گەورەی بەختەوەری ئەڤینداریت بۆ دەکرێتەوە و کارەکانت خێراتر بەڕێوەدەچن، باری دارایی باش دەبێت.

**شێر**
هیچ کاتێک حەز بە عینادی ناکەی، هەر کاتێکیش عینادیت کرد، ئەوا بزانە زەرەرێک بەڕێوەیە. کارێکی نوێ بکەیت لەوە باشترە هەوڵ بۆ گەڕانەوەی هەلێکی لەدەستچوو بدەی. گرفتی ماڵ یان خێزان چارەسەر دەبێت.

**فەریک**
واباشە ئەو کارانە جێبەجێ بکەیت کە ئاسانە و کات و پارەی زۆری ناوێت، بە وریاییەوە کاری دارایی بکە و پشت بە بەخت مەبەستە. گرنگی تەواو بە پۆشاک و خۆ رێکخستن بدە، خۆت لەو بابەتانە بەدووربگرە کە دڵت تەنگ دەکەن.

**تەرازوو**
لەم هەفتەیەوە تیشکی هەتاو دێتە کەلوەکەت، خەمباریت دەگۆڕێت بۆ دڵخۆشی و کارەکانت زۆر دەبن، کارە وەستاوەکان دەبوژێنەوە و بەتواناییەکی نوێوە دەیانکەیت. لە ئازیزێکەوە دیاریت بەدەست دەگات.

**دووپشک**
لەم هەفتەیەوە ئەستێرەی ڤینۆس دێتە کەلوەکەت، چاوەڕوانی بیستنی هەواڵێکی خۆش بە، کە ماوەیەکی زۆرە بەهۆی دواکەوتنییەوە، خەمێکی گەورەی بۆ دروست کردووی. ئەگەر پەلە نەکەیت شتەکان خۆیان دێنە بەردەستت.

**کەوان**
ئەم مانگە کاتێکی قورست بەڕێکردووە، بەڵام بروات بە خۆت پتەوە کە ئەمەش دەبێتە بناغە بۆ چەند بڕیارێکی گرنگ لە ژیانت. رەنگە هەست بەتەنیایی بکەیت، بەڵام بەشێکی زۆری خەمەکان کۆتاییان پێدێ.

**گیسک**
پشوویەکی باش بدە، بۆ ئەوەی بتوانی دەرگایەکی نوێ بکەیتەوە، هەندێک کات گۆڕانکاری بچووک دڵخۆشی گەورە بەدوای خۆیدا دێنێ. هەوڵ بدە کێشەکەت لەگەڵ خۆشەویستەکەت چارەسەر بکەیت.

**سەتڵ**
لە دروستبوونی بەربەست مەترسە بە دانایی چارەسەری بۆ دەبینیتەوە، بەهۆی سەرقاڵی و ماندووبوونەوە ئاگات لە رەفتارەکانت بێت و مافی خەڵکی بە کەم مەزانە. هەتا خێراتر بابەتەکان یەکلایی بکەیتەوە باشترە.

**نەهەنگ**
هێندە خۆپەرست مەبە، چەند پێویستت بە گرنگیپێدانی نزیکەکانت هەیە، ئەوانیش هێندە پێویستیان بە تۆیە گرنگیان پێ بدەیت. پلان و هەوڵەکانت زیادبکە و دڵنیابە کە دەتوانی بەربەستەکان ببڕی.

# ئەنوەر مەسیفی... شاعیری هۆنیگران و دژەباو





بژار حەکیم

من لە مانیفێستەکەمدا لە سرووشت دەدوێم، سرووشت یەک لەو بەسەرهاتانەیە کە نەیهێشتووە شیعرمان لە ئاستی جیهان پێشبکەوێت، سرووشت بەردەوام شیعری ئێمەی گرتووە، سرووشت ئەگەر وەک رۆمانسیک کاری تیدابکرێت هەموو شاعیرێک تێیدا فەشەل دێنێت.

## ئەنوەرمەسیفی

لە ئەدەبیاتدا، بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و مانیفێستیی ئەدەبی رۆڵ و کاریگەریی تایبەت بەخۆی هەیە و هاوکات ئەو بەیاننامە ئەدەبییانە لە رابردوودا لە ئەدەبیاتی کوریدا زۆر بڵاوبوونەتەوە کە ئامانجی سەرەکی بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و مانفێستی ئەدەبیی تایبەتن بە دیاریکردنی رێچکە و ستایلی ئەو نووسیارانەی لەرێگەی بەیاننامەوە زمان و ستایلی کارکردنیان لە ئەدەبدا راگەیاندووە.

بەگشتی بەیاننامەی شیعری لە فەزای ئەدەبی لە باشووری کوردستان زۆر بوون، ئەو بەیاننامانەش شوێنی خۆیان تا ئەندازەیەکی باش جێگیرکردوو، ئەوەی مەبەستمە لەم وتارەدا لەبارەی بدوێم ، بەگشتی قسەکردنە لە بارەی زمان و شێوازی نووسینی شیعر لەلای شاعیری کۆچکردوو " ئەنوەر مەسیفی"، بەتایبەت قسەکردن لەسەر شیعرەکانی شاعیر و دنیابینینی ئەو بۆ نووسین و دروستکردن و دارشتنەوەی زمان لە وێنەی شیعرییدا.

ئەنوەر مەسیفی، وەک شاعیرێکی سوریالیستی، شانبەشانی نووسیارانی گرووپی پێشڕەو، لە ساڵانی حەفتاکاندا دەست بە نووسین دەکات، دوای دەستکردن بە نووسینی شیعر و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی لە نێوەندی ئەدەبیدا بە شاعیری تێکشکێنەری واقیع و زمان دادەنرێت، ئاڵۆزیی نووسین و دروستکردنی زمانێکی دیکە لەناو زماندا بوونەتە هۆکاری ناودەرکردن و تۆمەتبارکردنی شاعیر، بەڵام ئەو شێوازە کارکردنەی مەسیفی لە زماندا تێکشکاندنی کولتووری نووسینی باو بووە، نەک تێکشکاندنی رێزمانی کوردی، یان بڵێم کە، مەسیفی ستایلی باو تێکدەشکێنێت و وەک شاعیرێکی دژەباو کاردەکات، کاتێک دژە باو بیردەکەیتەوە و دەنووسیت ئاسان نییە بتوانی دەوروبەرت قانیع بکەی کە وەک تۆ بیربکەنەوە و بنووسن، وەک نووسیار " بێڵ کۆسپی" دەڵێ، نهێنی سەرکەوتن نازانم، بەڵام نهێنیی شکست ئەوەیە کە هەوڵ بدەی هەمووان لە خۆت رازی بکەیت، رێک ئەنوەر مەسیفی لەو نێوەندەدا کە دژە باو بووە، خاڵی جیاوازی نووسین و ستایلەکەی پێچەوانەی شیعر و زمانی باوی شیعریی بووە و پێچەوانەی هاوجیلەکانی بە رێگادا رۆیشتووە و بەهۆی ئەوەی لە هاوجیلەکانی جیاوازتر نووسیویەتی، نەیتوانیوە دەوروبەری لەخۆی رازی بکات، ئەدەب هەر ئەوەشە کە تۆ نابێت دەوروبەرت لێت رازی بن.

خۆرباران 1978 ، جارێکی تر خۆرباران لە 1984 دووکتێبی شیعریی مەسیفین و هاوکات بە دوو ئەزموونی سەرەتایی مەسیفی دادەنرێن، لەوێدا مەسیفی وەک شاعیرێکی جیاواز دەردەکەوێت و دەبێتە جێی باسوخواسی گەرمی فەزای ئەدەبی و تەنانەت بە تێکشکاندنی زمانیش تۆمەتبار دەکرێت، بەڵام ئەو تۆمەتبارکردنەی مەسیفی بە تێکشکاندنی زمان لە شیعردا دواجار بە دەستکەوتی ئەدەبی و جیاوازیی لە نووسیندا دەشکێتەوە.

جلوبەرگ و جمکەکان 1990 کە کتێبێکی شیعریی شاعیرە، لێرەدا وەک شاعیرێکی جیاواز فۆرمی خۆی رادەگەیێنێت و لە فۆرمێکی نائاساییدا دەنووسێت، لە مانیفێستی دووەمی فۆرمی گراندا دەنووسێت، نائاسایی لە شیعردا واتا نائاسایی لە واقعییەتدا، نائاسایی شیعر دەگەرێتەوە بۆ نائاسایی زمان و نائاسایی واقیعیش دەگەرێتەوە بۆ نائاسایی دەستوور، واتا؛

شیعری نائاسایی—— زمانی نائاسایی
واقیعی نائاسایی—— دەستووری نائاسایی
دەستووری نائاسایی—— زمانی نائاسایی
شیعری نائاسایی—— واقیعی نائاسایی .

ستراکتۆری گشتی نووسینی مەسیفی لە شیعر و شانۆدا لەسەر کۆمەڵێک بنەما و پرەنسیپی نائاسایی دارێژراوە و ئەو نائاساییبوونە خاڵی جەوهەری و سەرکەوتنی شاعیرە، بەدیوێکی دیکەدا شیعرەکانی مەسیفی تێپەڕاندنی ستایل و نووسینی دەق و شاعیرەکانی هاوجیل و تەنانەت پێش خۆیەتی و ئەوەش بووە خاڵی جیاواز نووسین و دەرکەوتنی مەسیفی لە فۆرمی گران کە بە " هۆنیگران" ناسراوە و هاوکات راگەیاندن و بڵاوکردنەوەی مانیفێستی گران لێکەوتەی جیاوازی بەدوای خۆیدا هێناوە کە تاوەکو ئێستایش مژاری نێو کۆڕی ئەدەبییە و قسەو باسی زۆرتر هەڵدەگرێت.

نووسین لەلایەی نووسیار پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، بەتایبەت ئەگەر شیعر بێت، بۆیە ئەو ئاڵۆزییە لە زماندا لەلای ئەنوەر مەسیفی بووەتە پرۆسەیەکی درێژەپێدەر و لەسەر ئەو بنەمایە کاری کردووە، ئاڵۆزیی لە ئەدەبدا خوێنەر دەخاتە گۆشەی بیرکردنەوە، بۆیە مەسیفی وەک کارەکتەرێکی سەرەکی ئەوەندەی خوێنەری بەلای زماندا راکێشاوە هێندە چێژی پێ نەبەخشیوە، مەرجیش نییە شاعیر تەنها کار لە دروستکردنی چێژ بکات لە دەقدا وەک ئەنوەر مەسیفی چێژی وێنەی شیعری لەزماندا دەردەخات ، مەسیفی وەک شاعیرێک هەمیشە خوێنەری خستووەتە گۆشەی بیرکردنەوەوە، ئەو پێیوابووە کە خوێنەری جددی بەدوای چیدا دەگەڕێ ئەوی نەخستووەتە بەرچاوی، ئەو وەک شاعیرێک لەبری چێژ زمان و تەکنیکی نووسینی پێشکەش بە خوێنەر کردووە و بەردەوام کاری لەسەر ئەوە کردووە کە دەبێت خوێنەر بەدوای نووسەر بکەوێت و لێی بکۆڵێتەوە.

ئامراز و کەرەستەکانی شیعری لەلای مەسیفی جیاوازترە لە شاعیرانی دیکەی پێش خۆی و هاوجیلەکانی، ئەگەر لەلای شاعیرانی دیکە بۆ نموونە سرووشت کەرەستەیەکی سەرەکیی شیعری بێت، ئەوا لەلای مەسیفی سرووشت وەک کەرەستە و پێکهاتەی شیعری رەتکراوەتەوە، وەک مەسیفی خۆی لە مانیفێستی چوارەمی فۆرمی گراندا دەنووسێت " بۆخۆم پێڵاوم لە گوڵ پێ جوانترە و ئۆپێراشم لە بەهار لا خۆشترە. کارەبام پێ لە ئەستێرە درەوشاوەترە، زیاتر خەون بە ژنانەوە دەبینم، نەک بە باخچەیەک".

لە مانیفێستی هۆنیگراندا واتا " شیعری قورس " ، کە ئەنوەر مەسیفی وەک شاعیری فۆرمی گران خۆی تێدا یەکلاکردووەتەوە، بەتەنیا وەک مانیفێستێکی سادەی ئەدەبیی نابینرێت، بەڵکو لە بەرامبەردا وەک شێوازێکی تایبەتی نووسین و دروستکردنی فۆرمی نوێی شیعری خۆی دەناسێنێ، هەر بۆیە بۆ ئەنوەر مەسیفی چیدی سروشت ئەو کەرەستە شیعرییە نایابە نییە کە لە شیعری شاعیرانی دیکەی پێش خۆیدا گرینگی پێ دراوە و بووەتە پێکهاتەیەکی سەرەکی، بۆیە لەلای مەسیفی ئیدی سروشت بارێکی گرانە بەسەر شیعرەوە و ئەو پەنا دەباتە بەر ئەو پێکهاتانەی کە لە شیعری مەسیفیدا تەواو کەرەستە و پێکهاتەی دیکەن و تەنانەت دەکرێت بە پێکهاتەی نوێی شیعرییش ئەژمار بکرێت، ئیدی ئەرکی نووسیار تەنها هۆنینەوە و نیشاندانی خەیاڵ نییە، شیعر ئامرازێک نییە بۆ چەقبەستوویی زمان، بەقەد ئەوەی پەڕینەوە و تێپەڕاندنی زمانی چەقبەستوو و تێکشکاندنی کەرەستە باوەکانە، بۆیە ئەنوەر مەسیفی لە شیعردا پەنای نەبردووەتە بەر دروستکردنی باخچە و هانای بۆ ئاسن بردووە، لە شوێنی گوڵ و دار، مەرەکەب وقەڵەم و جلوبەرگ و ئەندامانی جەستە شوێنیان گرتووەتەوە، کەواتە ئیشکردن لە واقیع و دوورکەوتنەوە لە خەیاڵ تێکشکاندنی زمان نییە، بەڵکو زیندووکردنەوەی زمانە .

ئەنوەر مەسیفی خۆی لە پێشەکی کتێبی شیعریی جارێکی تر خۆرباران کە لە ساڵی 1984 چاپکراوە ، نووسیویەتی: " دەبا بە خۆماندا بچینەوە، هەرهیچ نەبێ بەشکەم لە دەرگای شاعیرانی داهێنەر بدەین". نووسینی ئەو پێشەکییە دەریدەخات کە شاعیر کاری لە نێو زماندا کردووە و هەمیشە بەدوای ئەوەدا گەڕاوە زمان بە زیندوویی لە شیعردا بمێنێتەوە، لەلای مەسیفی مانا تێکدەشکێت و خۆیشی لە ئەزموونی شیعریدا کاری لەسەر مانا نەکردووە، بەڵکو ئەو مانای تێکشکاندووە و زمانی ستوونی شیعریی پەسەند کردووە کە ئەو ستایلە لە فۆرمی هۆنیگرانی ئەودا شوێنی خۆی گرتووە و نوێخوازیی کردووە.

**" لە بن پردی رەنگ بێجی**
**دارستانی دا**
**سە قەبری لێدەدا**
**ئەفسانەش غاردەداتە درەختی**
**پەلک بە کرێ**
**بزنی ناو ژوورەکەم لە سەرامایە**
**باڵندە گۆشتیان بەردا**
**ئەفسانەش غاردەدا**
**زەوی لای راستی شکا**
**لکە هەنجیری پشت گۆران**
**تای ردێنی من**
**سە بەلەمی هێسکی برد**
**ئاو شکا**
**بەلەم رۆیی**
**ردێن لە ناو کاوڵان**
**لا سییەکم کەونە دیوار**
**خۆڵی پشتان بەرد**
**قرێژی نەخۆشان گیا**
**ژنی زگ پڕ باران**
**لەشکر**
**لە**
**مووی**
**بن**
**کەوشان"**

### لە قەسیدەی " جل و بەرگ و جمکەکان "

مانا لە شیعری ئەنوەر مەسیفی-دا تەواو تێکشکاوە و لەبری ماناش زمان تەواوی جومگەکانی گرتووەتەوە، دروستکردنی ئەو وێنە شیعرییانە لە شاعیری دیکەدا بوونی نییە، ئەوەش بەو مانایە دێت کە ئەنوەر مەسیفی تەواو جیاواز و دژە باو دەردەکەوێت و وێنەی شیعریی ئەو وێنەی نوێخوازی و فۆرمی نوێن و لەگەڵ ئەو مانیفێستەدا یەکدەگرنەوە کە ناوی ناوە فۆرمی گران، کەواتە نوێخوازی و خوڵقاندنی نوێگەرایی لە زمانی شیعریی مەسیفیدا بوونیان هەیە و ئەو نوێگەرایەتی و فۆرمە جیاوازە لە کن شاعیر و نووسیاری دیکە نییە، بۆیە کاتێک مانا لەلای ئەنوەر مەسیفی بوونی نامێنێت و لە شوێنی مانا زمان و فۆرم دەبنە شوێنگرەوە، ئەو راستییە دەردەکەوێت کە ئەنوەر مەسیفی نەبووە بە شاعیری تێکشکاندنی زمان، بەڵکو دەبێتە بونیادنەری زمان و فۆرم، بێگومان زمان و فۆرمیش لە شیعردا پێکهاتەیەکی سەرەکیی زیندوویەتیی شیعرو تەمەندرێژیی شیعر دەردەخەن، زۆرن ئەو شاعیرانەی زۆریان نووسی بۆ نیشتمان، ئازادی و پرسە نەتەوەییەکان و تەنانەت رووداوە سیاسییەکانیش، بەڵام ئەو شیعرانە بوون بە شیعری دۆکیومێنتاری، زیندوویەتی شیعر فۆرم و زمانە نەک بابەتی دیکە، فۆرم بۆ شیعر تایبەتمەندیی خۆی هەیە و خۆی ون ناکات .

مرۆڤ کائینێکی سەیرە و بە سەیریش دەمێنێتەوە، ئەو سەیرییەی مرۆڤ لە ئەدەبیاتدا دەستکەوتە و لە سیاسەتدا شکستە، زمانی مرۆڤی سەیر لە سیاسەتدا بەڵایە و لە ئەدەبیشدا توانا، ئەنوەر مەسیفی وەک شاعیرێکی نوێخواز خۆی ئەزموون کردووە و زمانی شیعریی ئەو توانا و دەستکەوتی ئەدەبیی لێکەوتووەتەوە، بۆیە ئاسان نییە لە شیعردا تەواو لەناو زماندا کاربکەیت و هاوکات نوێخوازی لە شیعردا جێ بکەیتەوە، بەتایبەت ئەگەر ئەو زمانە لە شیعردا فۆرمی وەرگرتبێت، لە نێوان نووسین و نووسیار بێدەنگی هەیە، بێدەنگییەک تاوەکو ئەندازەی بێهیوابوون، بەڵام ئەرکی نووسیار لەو کاتەدا دەستپێدەکات کە بێدەنگییەکە بکاتە سەدا و بەخوێنەری بگەیەنێت، بێدەنگی بەرجەستەکردنی زمان و جووڵەی کەسانی دەوروبەرە، ژیری و ئەرکی نووسیار لێرەوە دەردەکەوێت کە چۆن دەتوانێت ئەو بێدەنگییە بتەقێنێتەوە، ئەڵبەت خوێنەری جددی هەمیشە بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت کە کام نووسیار دەتوانێت ئەو بێدەنگییە بشکێنێت و کێ دەتوانێت زمان و جووڵەی بێدەنگی دەربخات، ئەو بێدەنگییە لەلای ئەنوەر مەسیفی خاڵی دەستپێکردن و بە جووڵە ناساندنی دەوروبەر بووە لەناو دەیان دەنگ و سەدای زاڵمانەدا.

ئەنوەر مەسیفی خۆیشی دەڵێ: " دەبێ تۆ بەسەر سروشتدا زاڵ بی، رەنگە پاش چەند ساڵێکی دیکە کە درەخت زۆر کەم بمێنێ، ئاو زۆر کەم بمێنێ، چیا کەم بمێنێ، زۆرجار بیردەکەمەوە ، ئەمە زۆر رۆمانسییە، واتە تۆ دەتوانی بچیتە ناو ئەو کەسانەی میکانیکن، زۆر ئاسایی ئەوانەی ئیش لە میکانیکی دەکەن شتێکی ستاندار نییە بۆ تاقیکردنەوە، ئەمن بەشبەحاڵی خۆم تیۆری زۆر کەم دەخوێنمەوە ، رقم لە تیۆرییە، تیۆری بۆ شیعر، تیۆری بۆ پەخشان، رقم لە زمانیشە وەک گرامەر یان کتێبێک کە لەسەر زمان نووسرابێ، قەت نایخوێنمەوە واتە خۆم زمانێکی خۆمم هەیە".



ئەنوەر مەسیفی

ساڵی 1952 لە گوندی کۆڕێی سەر بە هاوینەهەواری پیرمام لەدایک بووە .
بەرهەمەکانی :
- خۆرباران – شیعر 1978 .
- جارێکی تر خۆرباران – شیعر 1984 .
- جل و بەرگ و جمکەکان – شیعر 1990 .
- پیرەمێردێک بۆ فرۆشتن – شانۆگەری بۆ خوێندنەوە یان شیعری سینەما 2003 .
- شەیتان – شیعر 2003 .
- بەیانی فۆرمی گران – گوتاری ئەدەبی .
- ئەو گۆرانییەی نەمگوت – شیعر (دوا کتێبی شاعیرە) .

لە 2 /10/2005 بە رووداوی ئۆتۆمبێل لەگەڵ هاوسەرەکەی و دوو منداڵی کۆچی دوایی کرد .

## ناخۆشترین رۆژەکانی ژیانی تێدا بەڕێکردووە

# زیندانەکەی ئۆسکار وایڵد بۆ فرۆشتنە



رووداو– ئاژانسەکان

زیندانی ریدریگ، کە ئۆسکار وایەلد، نووسەری ئێرلەندی بۆ ماوەی دوو ساڵ تێیدا زیندانی کرا و ناخۆشترین رۆژەکانی ژیانی لەو زیندانەدا بەسەربردووە، بۆ فرۆشتن خراوەتەڕوو.

ئەو نووسەرە کاتێک لەو زیندانەدا بووە، کتێبێکی بەناوی "لە قوڵاییەوە" نووسیووە. لە هەمان ژووردا، ژمارەیەک نووسەری دیکە زیندانیکراون.

رۆماننووس و چیرۆکنووس، ئۆسکار وایڵد، دوای ئەوەی رۆمانی "وێنەی دۆریان گرەی" بڵاوکردەوە و بووە هۆکاری ئەوەی یەکێک لە هۆگرانی بەناوی ئالفرێد دۆگلاس بناسێت کە هەر بەرهەمێکی 14 جار خوێندووەتەوە و پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوانیاندا دروستبوو.

باوکی دۆگلاس، وایڵدی بەوە تۆمەتبارکرد کە کەسێکی هاورەگەزخوازە و سێکسی لەگەڵ کوڕەکەیدا کردووە، لە ئایاری 1985، وەک تاوانبارێک ناسێندرا و بۆ ماوەی دوو ساڵ لەگەڵ ئەنجامدانی کاری سەخت، زیندانیکرا.

بۆ یادکردنەوەی ئەو نووسەرە، زیندانەکە دەرگاکانی دەکاتەوە و بە چەند چالاکییەک یادی دەکاتەوە. ئەم چالاکییە بەناونیشانی "لە زیندانی ژوورەوە: هونەرمەندان و ئەدیبان لە زیندانی ریدرینگ" بەمدوابیە دەستیپێکردووە و تاوەکو 30ی ئەم مانگە بەردەوامدەبێت، یەکێک لە تەوەرە گرنگەکان کە لەم چالاکییەدا باسی لێوە دەکرێت، بابەتی زیندان و دوورەپەرێزییە.

زیندانەکە کە دەکەوێتە ناوچەی بیرکشایەر لە رۆژهەڵاتی لەندن، مێژووی دروستکردنی بۆ ساڵی 1844 دەگەرێتەوە. زیندانەکە لە یەکی تشرینی دووەمی ئەمساڵدا، بۆ فرۆشتن دەخرێتەڕوو، بەڵام روون نییە دوای فرۆشتن زیندانەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە، یان دەستکاری دەکرێ.

ئۆسکار فینگڵ ئۆفلاهێرتی ویلز وایڵد، شاعیر، رۆماننووس، شانۆنامەنووس و رەخنەگر، لە 16ی تشرینی یەکەمی 1854 لە شاری دابلین، لە ئیرلەندا لە خێزانێکی دەوڵەمەند لە دایکبووە. باوکی و دایکی رۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە پێگەیشتنی ئۆسکار وایڵددا. نووسەرە ئیرلەندییەکە هەر لە تافی مێرمنداڵییەوە تامەزرۆی ئەدەب و هونەری کلاسیکی هەبووە. هەر ئەم خولیایەش وایکرد لە 1871 بۆ 1874 لە کۆلێژی ترینیتی لە دابلین قۆناغی کلاسیکی بخوێنێ، دواتریش لە ئۆکسفۆرد درێژەی پێدا. دوو لە بەناوبانگترین بەرهەمە ئەدەبییەکانی وایڵد بریتین لە شانۆنامەی "بایەخی مکوڕ بوون" و رۆمانی "وێنەی دۆریان گرەی". وایڵد لە ساڵی 30 تشرینی دووەمی 1900 لە تەمەنی 46 ساڵیدا کۆچی دواییکرد.

# گوڵی ساردۆنیا.. گەشتێک بۆ کیشوەری هەشتەم

سەنگەر زراری

گێڕانـەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە کەسـێک دێتە لای ئیمامـی عومەری کوڕی خەتتابی خەلیفەی دووەمی موسـوڵمانان و سـکاڵا لە کوڕەکەی دەکات کە لەگەڵی خراپـە، خەلیفـەش بانگـی کوڕەکـەی دەکات و لێـی دەپرسـێ کە بۆچـی لەگـەڵ باوکی خراپـە؟! کوڕەکە دەڵێـت: ئایا منداڵ حەقی لەسـەر دایک و باوک نییە؟ ئیمامـی عومەریش دەڵێـت: بەڵێ. دەڵێ ئـەو حەقانە چیـن؟ ئەویـش دەڵـێ: هەڵبژاردنـی دایکێکـی بـاش بـۆ منداڵەکانـی، دانانـی ناوێکـی خـۆش و فێرکردنی خوێنـدەواری و.. کوڕەکـە دەڵێت: ئـێ باوکم هیچ لەو شتانەی بۆ نەکردووم...

بەپێـی ئـەم گێڕانەوەیـە و گەلـێ بڕیارنامـە و ڕێککەوتننامـەی دیکـەی مافەکانی مـرۆڤ و مافەکانی منداڵ، منداڵ بەرلەوەی لەدایک بێت، مافی بەسەر باوک و دایکییـەوە هەیـە، تا گەورەش دەبـێ چەندین مافی دیکەی دەبێت و دەبێ دایک و باوک لە ئەستۆی بگرن. یەکێک لـەو مافانە کـە ڕاسـتەوخۆ دوای لەدایکبوونی هەیەتی، مافی دیاریکردنی ناوێکی خۆشە بۆ منداڵەکە. ئـەو کەسـەی هاتبـووە لای ئیمامـی عومـەر، ناوی لە کوڕەکـەی نابوو (جعران-قالۆچـە) بۆیە ئیمامی عومەر سـەرکۆنەی باوکەکـەی کـرد و لێپرسـینەوەی لەگـەڵ کوڕەکە نەکرد کە لەگەڵ باوکی خراپ بوو.

لە ڕۆمانی (گوڵی سـاردۆنیا)*ی خانمە نووسـەری نـاوداری تـورک (ئەلیـف شـەفەق)دا، نـاو بووەتـە کێشـەیەکی گەورە بۆ منداڵەکە، ئەگەرچی (ساردۆنیا) ناوێکـی ناخـۆش نییـە و نـاوی گوڵێکیشـە، بـەڵام لەبەرئـەوەی دەوروبەری بەهۆی ئەم ناوەوە گاڵتەی پێ دەکەن، بۆیە لای سـاردۆنیا، ناوەکەی بووەتە گرێیەکی دەروونی، ئەوەی کێشەکەی زۆر گەورەتر کردووە ئەوەیە کـە دایـک و باوکی زۆر گـوێ لە سـاردۆنیا ناگرن، بە تایبەتیش دایکی.

کاتێک سـاردۆنیا داوا لە دایک و باوکی دەکات بەوە ڕازی بـن ناوەکـەی بگۆڕێت، ئەوان نە بە داواکەی ڕازی دەبـن بۆ گۆڕینی ناوەکەی و نە بـە جۆرێکیش وەڵامی دەدەنـەوە کـە بـاوەڕی پێ بێنـن ناوەکەی خۆشـە و کێشەی نییە.

هەرچەنـدە ئـەو تاقانەیـە و دەبـێ نـازی زیاتـری پـێ بدرێـت، بەڵام دایکی هەمیشـە بـە کورتی وەڵامی پرسـیارەکانی دەداتـەوە و لـە کۆتایی وەڵامەکانیشـدا دەڵێت: "خاڵی کۆتایی..". ساردۆنیاش لەوە تێگەیشتووە کـە هەر کاتێک دایکـی گوتی: خاڵـی کۆتایی". مانای ئەوەیە نابێ چیتر پرسیار بکات، یان درێژە بە بابەتەکە بـدات. خوێنـەر لە میانی ئەم قسـە و پرسـیارانە زۆر جار هەسـت بەوە دەکات کە گفتوگۆکـە تەواو نەبووە، یان وەکو ساردۆنیا، خوێنەریش پرسیاری زیاتری هەیە، بەڵام دایکی دەڵێت "خاڵی کۆتایی" و ئەمەش دۆخێکی دەروونی ناخۆشی بۆ ساردۆنیا دروست کردووە، یان لە زۆر شـوێن لەجیاتی وەڵامی پرسیارەکانی بداتەوە، پێی دەڵێت: کە گەورە بوویت تێدەگەیت.

دایـک و باوکی هەندێک جار لە خۆشەویسـتییان بۆ کچەکەیان، شتەکانی بۆ ڕوون ناکەنەوە و گوایە تێناگات و پێویسـت ناکات مێشکی ماندوو بکەن، ئەمە ئاماژەیە بـۆ پەروەردەی نادروسـت و تێنەگەیشـتن لـەوەی کە منـداڵ چی دەوێت و دەبێ چۆن وەڵامی بدرێتەوە؟! بە تایبەتیش لە کاتێکدا کە سـاردۆنیا وەکو هەر منداڵێکی دیکە و زیاتریش پرسیاری لە زەیندایە.

سـاردۆنیا منداڵێکـی زیرەکـە و هەمیشـە کتێـب دەخوێنێتەوە، بەردەوام بە دوای شـتی نوێدا دەگەڕێت، دوای ئەوەی باوکی ساردۆنیا نەشتەرگەری بۆ دەکرێت، دەیبەنە ماڵی باپیرە و داپیرەی، سـاردۆنیا لەوێ بەبێ ئاگاداریـی باپیـرە و داپیـرەی و بە یارمەتـی تۆپێکی سـیحریی گۆی زەوی، گەشتێکی خەیاڵی بۆ کیشوەری هەشتەم دەکات.

دەشـێ کیشوەری هەشـتەم لەم ڕۆمانەدا، ئاماژە بێ بۆ سـەرزەمینی داهێنەران، سـەرزەمینی ئەو کەسانەی هەمیشـە کتێـب دەخوێننەوە و دنیا بـە جۆرێکی دیکە دەبینن، "لەبیرت نەچێت کە دۆسـتانی کتێب لە هەموو شوێنێکن، هەژار، دەوڵەمەند، لادێیی، شاری، ژن و پیاو، پیر و لاو جیاوازییان نییە، گرنگ بخوێننەوە، دەتوانیت یەکسەر بیاندۆزیتەوە، ئەوان کەسانی کەمێک داخراون، بـەڵام خەونەکانیـان فراوانـە، خەڵکانـی چواردەوریان لـەوان تێناگەن، لەبەر ئـەوە هەندێکجار تەنیان، ئەوان جوانترین و باشترین چیرۆکەکان دەگێڕنەوە...ل 165".

سـاردۆنیا و دوو هاوڕێکـەی (کـە هاوسـەفەرین بۆ کیشـوەری هەشـتەم)، لە کیشـوەری هەشـتەم کاتێک تووشـی کێشـەیەک دەبـن و دەیانـەوێ ڕزگار بـن، بە مەبەسـتی دەربازبوون چـوار ڕێگایـان لەبەردەمدایە و هەمووی تاقی دەکەنەوە، ئەوانیش بریتین لە ڕێگاکانی: وشکانی، ئاوی، ڕێگای ئاگر، ڕێگای ئاسمان.

بەکارهێنانـی ئەم چوار ڕەگەزە لەلایەن نووسـەری ئەم ڕۆمانە و نیشـاندانی وەک چوار ڕێگا بۆ گەیشتن بـە دۆزینـەوە و ڕزگاربـوون، ئاماژەیە بـۆ ئەو چوار توخمـەی کـە لە زۆربـەی بیـر و فەلسـەفەکاندا بە بنەمای دروسـتبوونی بوون و بوونەوەر و بەردەوامیی ژیان دادەنرێت.

**ئـاو:** خـۆراک بـە بـوون دەبەخشـێ و یارمەتـی مانەوەی دەدات.

**ئاگر:** توانایەکی لەڕادەبەدەری هەیە و توانای گۆڕینی شتەکانی هەیە لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی دیکە.

**هـەوا (کـە لـە ڕۆمانەکـەدا پێـی گوتـراوە ڕێگای ئاسـمان):** توخمی لێکجیاکردنەوەی شتەکانە لە یەکتر، هەر ئەویشـە ڕێگا بەوە دەدات کە ئاو و ئاگر بتوانن بە یەکەوە هەبن.

**خـاک (وشـکایی):** دەرفەتی ئەوە دەڕەخسـێنێ کە ئاگر و ئاو و هەوا، بە ڕێژەی دیاریکراو بوونیان هەبێ و لەکۆتاییشدا دەرفەتی ئەوە دەڕەخسێنن کە شتەکان بە شێوە و سروشتی جۆراوجۆر بوونیان هەبێ.

لە ئایینی زەردەشتیدا، ئەم چوار توخمە "ئاگر، ئاو، هەوا، خاک"، وەکو چوار ڕەگەزی پیرۆز تەماشا دەکرێن و هێمایەکی سەرەکی زەردەشتییەکانە.

سـاردۆنیا، دوای ئەوەی چوار ڕێگاکە تاقیدەکاتەوە، بیروبۆچوونـی تـەواو دەگۆڕێت و دەسـت بـە هەوڵ و کۆششەکانی دەکات، دەگاتە ئەو باوەڕەی کە هەر هەوڵ و فێربوونێـک، دەبێتـە هۆی ئاوەدانبوونـەوەی زیاتری کیشـوەری داهێنـان: "لـە وانەکانمدا کۆشـش دەکەم، لەگـەڵ هاوڕێکانمـدا زیاتر یـاری دەکەم، تێـر تێریش کتێب دەخوێنمـەوە، دەزانم کە من ڕۆمان دەخوێنمەوە یـان خەیاڵ دەکـەم، هۆنراوە و چیرۆک دەنووسـم، لە کیشـوەری هەشـتەم دارێک سـەوز دەبێـت، خونچەی گوڵێـک دەکرێتـەوە و ئـاو دەگەڕێتـەوە بـۆ چەمێکی وشکبوو، باڵندەیەک دروست دەکات...ل 172".

لـە هەمووی گرنگتر.. سـاردۆنیا ئـەو دیدە خراپەی بۆ ناوەکەی خۆی هەیبوو، ئێسـتا پێچەوانە بووەتەوە، بۆیە ئەمە دەبێتە دواڕسـتەی ڕۆمانەکە "ساردۆنیا، ئەو کچـەی کە ناوەکەی خۆش دەوێت". لەکاتێکدا ڕۆمانەکە بە ڕسـتەیەکی تەواو پێچەوانەی ئەمە دەستپێکردووە: "کچێک کە حەزی لە ناوەکەی نییە".

خوێنەر هەست دەکات (ئەلیف شەفەق) ئەم ڕۆمانەی بـۆ دایک و باوکان نووسـیوە، بۆ ئـەوەی فێریان بکات گوێ لـە منداڵەکانیان بگرن و وەڵامی پرسـیارەکانیان بدەنەوە، نەک بە ناوی ئەوەی ئەوان گەورەترن و منداڵ لە هیچ تێناگات، دەمکوتیان بکەن.

(ئەلیف شەفەق)، ساڵی (1971) لە ستراسبورگ لە فەڕەنسا لەدایک بووە، ئەکادیمی و نووسەر و ڕۆماننووس و ستوونووسـێکی تورکە. بە هـەردوو زمانی تورکی و ئینگلیزی دەنووسـێت، نزیکەی هەشـت ڕۆمان و چەند کتێبێکی دیکەشی هەیە، هەندێ لە کتێبەکانی بۆ زیاتر لە (30) زمان وەرگێڕدراون، تا ئێسـتا چەندین خەڵاتی جیهانیـی پـێ دراوە. یەکێک لە گرنگتریـن ڕۆمانەکانی ئەلیف شـەفەق، ڕۆمانی (چل ڕێساکەی عەشق)ـە کە ڕۆمانێکە لەبارەی جەلالەدینی ڕۆمی و یەکێکە لە ڕۆمانە پڕفرۆشەکان لەسەر ئاستی جیهان.

*** گوڵـی سـاردۆنیا (ڕۆمـان)- ئەلیـف شـەفەق، وەرگێڕانی: محەممەد ئیسماعیل، لە بڵاوکراوەکانی ماڵی وەفایی، چاپی یەکەم (2015).**






# لەڕوانگەی (ئۆشۆ)وە

حەمەسەعید حەسەن

(8)

کـە لـە ژوورێکـی پیـس و تاریـک و بۆگەنـدا خەوتوویـن و بەیانـی لـە خەو ڕادەبیـن و پەنجەرە دەکەینەوە، دەبینین دونیـا گەش و ڕووناکە و مەلان بە ئازادی دەفڕن و دەخوێنن، ئەوسا لەناکاو هەست بـە فراوانیی ئاسـمان، جوانیی تیشـکی خۆر، شـەنگیی درەخت و ڕووی گەشـی گـوڵ دەکەیـن، ئیـدی دەخوازیـن، چی زووترە ئەو ژوورە ناخۆشـە جێ بهێڵین. ئینسان کە بە سامادهی گەییشت، دەرک بە جیاوازییەکانی ناوەوە و دەرەوە، ژیانی نێو زیندان و ئازادی دەکات، بەڵام ئەوانەی خۆیان فێری ئەوە ناکەن، جیاوازییەکانی نێـوان ژوورێکـی پیـس و مێرگێکی جوان ببینن، تا دەمرن لە هەمان جێدا دەژین.

ئەوە چەپاندنە و تەقینەوەی خراپی بە دوادا دێت، ئەگەر ڕەبەنی بەسەر خۆماندا بسـەپێنین، ئـەوە نەخۆشـییە ئەگـەر بەربەسـت لەبەردەم چەمی ئارەزووەکانی جەسـتەماندا ڕۆ بنێیـن و بـە خەیـاڵ قەرەبوویـان بکەینەوە، بۆیە وا باشـترە، بە گژ سێکسـدا نەچینەوە، لێی تێبگەین و بـە پیرۆزی بزانیـن. چونکە ئەفراندنی ژیانی نوێ، زادەی کردەی سێکسە، بۆیە سـەروەختی جووتبـوون، خـوا لێمانەوە نزیکە، ئاخر ئەوە خوایە ژیان دەبەخشێت، هەر لەم سۆنگەیشـەوە، دەبێت کە نیازی سێکسـمان هەبێـت، وا هەسـت بکەین، بەرەو پەرستگا بەڕێوەین، ئاخر دەبین بە ئامێرێک بە دەسـت خواوە کە منداڵێکی پێ دەخولقێنێت.

ئەگـەر بـە ئاوەزێکـی ڕۆشـن و بـە ڕێزێکی زۆرەوە سـەرنجی سێکس بدەین، سـەروەختی جووتبـوون، نـووری خـوا دەبینیـن، بەڵام چونکە لـە کاتی کردەی سێکسـدا، وا هەسـت دەکەیـن خەریکی ئیشـێکی خراپین، وەک گوناهکار خۆمان دەبینین و ویژدانمان ئازارمان دەدات، بۆیە بێ ئاگایـن لەوەی خوا لێمانـەوە نزیکە. ئینسان ئەگەر ئازاری هەبێت، تووڕە بێت، نیگەران بێت، نائومید بێت، یان خەمبار، هـەق نییـە لە سـێکس نزیـک ببێتەوە، کەچی بە پێچەوانەوە، کەسانێکی زۆر، بۆ ڕەواندنەوەی تەمی ناخۆشییەکانیان، هانا بۆ سێکس دەبەن. وەک چۆن سەماکارێک ئەگـەر شـپرزە و تـووڕە و خەمبار بێت، ناتوانێـت سـەمایەکی جوان پێشـکەش بکات، سێکسـیش وەهایە، پێویستی بە هێوری و ئاسـوودەیی هەیە، ئاخر ئەگەر ڕۆح لەژێـر گوشـاردا بێت، جەسـتەیش ماندوو دێتە بەر چاو.

زۆر کـەس وەک هەڵاتـن لـە کوێرەوەری بۆ باوەشی سێکس دەچن، هەرچەندە سێکس ناتوانێت تینوویەتی ڕۆحیی خەمناکان بشکێنێت. بۆ ئەوەی زەلیلـی بـن دەسـتی سـێکس نەبین، لـە زیندانـی سـێکس قوتار بیـن و بۆ بەرزایی هەڵبکشـێین، پێویستە هەست بە ئاسـوودەیی، دڵنیایی و بەختەوەری بکەیـن، ئەوسـا لـە سـێکس نزیـک ببینـەوە، ئەگەر نا هەرگیز بەربەسـتی سـێکس تێناپەڕێنیـن و ناگەینـە نێـو دونیای ڕووناکی سامادهی. نەمامێک کە لە ڕەگوڕیشـەوە هەڵدەکێشرێت، چەند تامەزرۆیـە بـۆ گەڕانـەوە بۆ باوەشـی خـاک، کۆرپەیـەک کـە پـێ دەنێتـە دونیـاوە، چەند بە پەرۆشـە بۆ ئامێزی دایکـی، ژن و پیاویـش وەها شـەیدای ئاوێزانبوونی یەکترین کە لە جووتبووندا خۆی نمایش دەکات.

یەکگرتنـی نەمـام و خـاک، کۆرپـە و دایـک، ژن و پیـاو، وەک یەکگرتنـی ئینسان و گەردوون وایە، کە لە ئەنجامی سـامادهییەوە دێتە ئاراوە. سێکس دوو کەس یـەک دەخـات و کاتەکییە، ئاخر با توندیـش یەکیان لە ئامێـز گرتبێت، دوای ئۆرگازم لێک جودا دەبنەوە، بەڵام سـامادهی، ئینسـان و گـەردوون یەک دەخات و هەمیشـەییە. لە سامادهیدا ئینسان بەجۆرێک لەگەڵ گەردووندا یەک دەگرێت، ناسـنامەی خـۆی بزر دەکات. جیاوازیـی نێـوان مووچرکـی خۆشـیی جووتبوون و ئاسـوودەیی سـامادهی، وەک جیاوازی نێوان تیشـکی مۆمێک و تیشکی خۆر وایە، کە یەکەمیان ژوورێک و دووەمیـان دونیـا ڕوونـاک دەکاتەوە. سـێکس ئامانج نییە، هەنگاوی یەکەمە بـەرەو سـامادهی، بۆیە پێویسـتە ئەو هەنـگاوە بـە وریایـی و هۆشـیارییەوە باوێیـن، ئاخـر هەتـا لە تیشـکی مۆم تێنەگەیـن، ئەسـتەمە لـە مانـای خۆر حاڵـی ببین و تا نەزانیـن دڵۆپێک ئاو چییە، پەی بە مانای ئۆقیانووس نابەین.

مەسـیحمان لـە خـاچ دا کـە دژی توندوتیـژی بـوو، گاندیمـان دایـە بەر گوللـە کە دوژمنـی زەبروزەنـگ بوو. ئەو هەموو خواناس و زانایانەی باسـی ئاشـتییان بۆ کردیـن، ڕەنجیان بەفیڕۆ چوو، هێشـتا دونیا گیرۆدەی دەسـتی شـەڕە، ئاخر ئینسان هەڵگری ڕۆحێکی نەخۆشـە، بۆیە نە بوودا هیچی بۆ کرا، نـە عیسـا. باسـی تۆلێرانس دەکەین و دڕندەیـی دونیـای گرتووەتـەوە، تۆلسـتۆی و بێرتراند ڕاسڵ باسـی پێکـەوە ژیانیان بـۆ دەکردین و کەچی ژمارەی قوربانییەکانی دووەمین جەنگی دونیاگرەوە، لـە ژمارەی قوربانییەکانی یەکەمیـن جەنگـی دونیاگـرەوە هەڵکشاوتر بوو. ئاینشتاین گوتوویەتی: جەنگـی جیهانگـرەوەی چـوارەم ڕوو نادات، چونکە لە جەنگی جیهانگرەوەی سێیەمدا کەس قوتاری نابێت.

ئەگەر جووتبـوون نەبێتە کردەیەکی ڕۆحـی و پیرۆز، ئەگـەر زادەی پێکەوە گونجانـدن نەبێـت، ئەگـەر دەرگایـەک نەبێـت بـۆ گەییشـتن بـە بەهەشـتی سـامادهی، وەچە نەخرێتەوە باشترێکە، ئەگـەر نـا مرۆڤایەتی، لـە خراپەوە بۆ خراپتـر بەڕێوە دەبێـت و دونیا دەبێتە نەخۆشـخانەیەکی گـەورەی تایبەت بە شـێتووێتان. بەگوێرەی توێژینەوەیەک، تەنیا لە سەددا هەژدەی خەڵکی نیویۆرک لە ڕووی ئاوەزەوە سرووشتین و ئەگەری ئـەوە لە ئارادایە، هـەر یەکێک لە ئێمە لە ئەنجامی نسـکۆیەکی سـۆزدارییەوە، عەقڵ لـە دەسـت بدەیـن و شـێتانە هەڵسوکەوت بکەین. ئەگەر دونیا بوو بە شێتخانەیەکی بەرین، ئەوسا پێویستمان بـە دەروونناس نابێـت، ئاخر یەکێک لە نیشانەکانی شێتی ئەوەیە، ددان بەوەدا نانێت، عەقڵی لە کیس چووە.

پێویسـتە ئینسـانی نـوێ لـە دایک ببێت، ڕۆحی ئینسـانی نـوێ تامەزرۆی ئەوەیە بەرزهەڵکبشـێت، وەک ئەستێرە بدرەوشـێتەوە، وەک گـوڵ بکرێتـەوە و بـەدەم موزیـک و سـەماوە گەشـە بـکات. ڕۆح ئازار دەچێژێـت و خەریکە لـە تینوواندا بخنکێت، کەچی ئینسـان هـەر لە هەمان بازنـەدا خول دەخوات و ناتوانێت بیشـکێنێت و خۆی لێ دەرباز بکات، چونکە شـێتانە سـێکس دەکات و ناتوانێت سـێکس بکاتە پەنجەرەیەک بەسەر سامادهیدا بڕوانێت.

21ی 9ی 2016
ستۆکهۆڵم

(1) أوشو، من الجنس إلى أعلى مراحل الوعي، نقله إلى العربية: أيمن أبو ترابي، دار الفرقد 2011 دمشق.

(2) أوشو، الحب و الحرية و الفردانية، ترجمة: ميتم الضايع، دار الحوار 2013 اللاذقية.



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# مون(شەق)

کورد حەیا و نامووسی ئینشیقاقیشی برد. وەک زۆر شتی دیکە، سووک و ریسوای کرد. ئاخر ئەگەر ئینشیقاق بۆ لەدایکبوونی پارتێکی نوێ، بە هزر و تێڕوانینێکی نوێ بێت، قەینا. ئەگەر ئینشیقاق بۆ راگەیاندنی بەرنامەیەکی نوێی سیاسی و ئابووری بێت قەیدی چییە. فەقە ئەمەی کورد دەیکا ئەوە نییە.

نزیکەی زۆربەی ئینشیقاقی کوردی، ئەنجامی تێکچوونی شەریکەبەشیی بووە. هەرکاتێ کەسێ یان تاقمێ بە بەشەکەی خۆیان رازی نەبووبن، سووک و باریک ئینشیقاقیان کردووە. ئەها ینک لە پدک. ئەها گۆڕان لە ینک. ئەها ناوەندی بڕیار لە بڕیاری ناوەند. ئیدی خالەقی وتەنی وەکچۆن هەڵۆ لە نێچیری نابێتەوە، ئاوهاش ئینشیقاق لە کورد نابێتەوە.

مونشەقی کورد، لە مونشەقانی نەتەوەی دیکە ناچێ و تایبەتمەندیی خۆی هەس. ئێوە مامۆستا قادر عەزیزتان دیوە!؟ سەرەتای ژیانی سیاسیی خۆی بە ئینشیقاق دەستپێکردووە. ئیتر ئەوەندەی ئینشیقاق کردووە خووی پێوەگرتووە، یان خۆی ئینشیقاقی کردووە یان ئینشیقاقیان لێکردووە. خۆ چوویتە هەر حیزبێکیشەوە، چلەی نەچووە ئینشیقاقی تێکەوتووە. ئەها ینک.

کارێکی خەراپ دەکا کا عەزیز، ئەم حیزب و ئەو حیزب دەکا. باشترین کارێ بۆ ئەو، دامەزراندنی کۆمەڵەی مونشەقانی کوردستانە. ئەوە باڵێکم ئەگەر هەشتا کورسیی نەهێنا لەو پەرلەمانە. قاف میم ئەگەر جاران هەر قیادە مووەقەتە بوو، ئیدی لەمەودوا کورتکراوەی قادر مونشەقیشە.

کورد یەک خولی پەرلەمانی بێ ئینشیقاق بەرێنەکردووە. وەک داری بەریش ساڵ بە ساڵ بەرهەمی زیادیکردووە. تا وایلێهات دوایین خولی پەرلەمان نەک هەر ئینشیقاق، ئینفیلاقیشی کرد. کورد ئەوەندە شەیدای ئینشیقاقە، کەم فراکسیۆنی کوردیی هەیە هەر لەناو خۆیدا نەرمە ئینشیقاقێکی تێنەکەوتبێت. بێبەڵا بن، کابینەی حکومەت کە کاری ئیداری و جێبەجێکردن دەکات، بێ ئینشیقاق نەبووە. سەردەمانێک شەڕەقسەی نێوان وەزارەتی دارایی و کارەساتە سروشتییەکان، لەوەی نێوان هەولێر و بەغدا گەرمتر بوو. پرتە و بۆڵەی وەزارەتی کارەبا سەری وەزارەتەکەی خوارد و وەزارەتەکە دوای ئەوەی تەئمیم کرا، ئێستا بۆ فرۆشتن دانراوە. ئەها لەسایەی پەتای ئینشیقاقەوە، کورد نۆزدە وەزارەت بە شەش وەزیر بەڕێوە دەبات.

کوردی رچەشکێن ئینشیقاق لە مونشەقیش دەکا. ئەها مامۆستایانی مونشەق لە دەوامکردن، هێشتا خۆپیشاندانیان نەکردووە، کەچی ئینشیقاقیان تێکەوت. ئەها یەکێتی و گۆڕانی لەیەکتری مونشەق، لەبەر فرە ئینشیقاقیی چییان بەسەر ئینشیقاقی پۆستی پارێزگاردا هێنا.

جا ئینشیقاقی کوردی هەموو جارێکیش بە خۆشیی نەبووە. رێزدار مەلا بەختیار شایەتە کە شەق دەزانێ مونشەق لەکوێیە. ئێستاکێ کە پەتای ئینشیقاقات سەریهەڵداوەتەوە، پێدەچێ لیستی شەق و مونشەقیش، درێژەی هەبێت.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# بە پاسەوانکردنی یەکێتی

یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بەهۆی کێشە ناوخۆییەکانی خۆیەوە، بە ئەندازەیەک سەرقاڵی خۆیەتی کە ئاگای لەوە نەماوە چۆن لایەنەکانی دیکە هەریەکە و بۆ ئامانج و مەبەستێکی دیاریکراو بەکاریدەبەن. ئەو یەکێتییە داهێنەر و خوڵقێنەرەی رووداوەکانی ناو مێژووی نزیک بە نیو سەدەی رابردوو، ئێستا هەر فریای ئەوە دەکەوێت چۆن لەگەڵ رووداوەکان خۆی بگونجێنێت. سایکۆلۆژیای جەماوەرەکەی و تاڕادەیەک ئەندامەکانیشی بەجۆرێک بەستراونەتەوە بە ئەجێندای هێزگەلی دیکەوە کە دەرفەتی بیرکردنەوەیان بۆ بڕیاری یەکێتی نەهێشتووەتەوە. بۆیە زۆرجار بۆئەوەی جەماوەرەکەی لەدەستنەدات، دوای خواستی ئەوان دەکەوێت، کە لە بنەڕەتدا بەشێک لەو خواستانە ئیرادەی هێزی دیکەیە و کاریگەریی لەسەر سایکۆلۆژیای جەماوەرەکەی یەکێتی دروستکردووە، کە وەک خواست و ئارەزووی یەکێتییەکان دەربکەوێت.

لە ساڵانی رابردوودا، بە دیاریکراوی لەدوای نەخۆشکەوتنی مام جەلالەوە، نموونە زۆرن وەک بەڵگەی سەلمێنەر بخرێنەڕوو، بەڵام ئامانج لەم نووسینە سەلماندن و راستی و دروستیی ئەو حاڵەتە نین. بەڵکو مەبەست لەئاگاییدانە بە سەرکردایەتیی (ی.ن.ک) کە ئەمرۆ لەبەردەم دووریانێکی چارەنووسسازدان و ئایندەی یەکێتیی پێوە بەستراوەتەوە. گرتنەبەری رێگەی دروست و دیراسەکراو پێگەی یەکێتی بە پارێزراوی دەهێڵێتەوە. دوای هەست و سۆزکەوتنیش یەکێتی دەکاتە پاشکۆی رکابەرەکانی. بەتایبەتیش کە روونە هەست و سۆزی ئێستای جەماوەرەکەی، لە دەرەوەی سایکۆلۆژیای یەکێتیدایە.

دۆخی کوردستان مەترسیدارە. عەقڵیەتی حوکمڕانیی کوردی شکستیخوارد لەو ئامانجەی هەیبوو. کاردانەوە و لێکەوتەکانی، ئەو دەرئەنجامەیە کە ئێستا دەیبینین. قەیرانی دارایی، بێ متمانەیی نێوان خەڵک و دەسەڵات، بێ متمانەیی هێزەکان بە یەکدی، نەمانی ئیرادەی بڕیار لە راگرتنی ئەو دۆخە کە بەرەو خراپتر نەچێت. هەموو ئەمانە سەرچاوەیان لە نادادی و گەندەڵی و تاڵان و بڕۆوە گرتووە. ئەوەی پێیگەیشتووین دەرئەنجامێکی ترسناکە. خەڵک تووشی نەهامەتی و نەبوونی هاتوون. سەتان کێشەی کۆمەڵایەتی و خێزانیی لێ کەوتۆتەوە. گەل بریندارە و برسیەتی. بەدوای تۆڵەدا دەگەڕێت.

هەمیشە بەشی ئەوەش خەڵک هەن کە ئیستیغلالی هەست و سۆز و ویست و پێویستیی خەڵک بکەن. تا لەپای گەیشتن بەو پێداویستییە میللیانە، ئامانجە سیاسییەکانی خۆیانی لێوە وەدیبهێنن. ئەمرۆ خەڵکی کوردستان تا سەرئێسقان نیگەرانە لە دەسەڵاتی کوردی. قۆناغی گومانکردنی تێپەڕاندووە و لای بووەتە یەقین کە دەسەڵاتە خۆماڵییەکەی برسیی دەکات، دەیچەوسێنێتەوە، قووتی منداڵەکانی دەبات. بۆیە ئارامگرتنی نەماوە و ئامادەیە پەنا بۆ هەموو رێگەیەکی توندوتیژیش بەرێت. هاووڵاتیان بۆ بەدەستهێنانی مافی خۆیان هەرچی بکەن، رەوایە، بەڵام لێرەوەیە کە دەمەوێ هۆشداری بدەمە یەکێتیی نیشتمانی کە لەم دۆخە هەستیارەدا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو پێشهات و رووداوانەدا بکات کە چاوەڕێ دەکرێ بێنە رێگەی.

بەحوکمی ئەو واقیعە تایبەتەی هەرێمی کوردستان، هەروەها ئەو شێوازە لە حوکمڕانیکردن، سەرباری ئەوەی هەموو لایەنەکانی دیکە گلەیی و ناڕەزایەتییان هەیە لەوەی پارتی جومگە گرنگەکانی وڵاتی بەدەستەوەیە، بەڵام هێشتا سیمای دووئیدارەیی و هەیمەنەی حیزبی بەسەر زۆنەکانەوە وەکو خۆی ماوەتەوە. پارتی بەهۆی گرتنەبەری جۆرێک لە توندوتیژی لە مامەڵەکردن بەرانبەر خۆپیشاندان، دەرفەتی بۆ ئازادیی دەربڕینی ناڕەزایەتی نەهێشتۆتەوە. ئەوەی وەک ئامادەسازی کاری بۆکراوە، تەنها سنووری دەسەڵاتی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانە. کە ئەوەش بەشێکی بەهۆی خەسڵەتی دانیشتوانەکەی ئەم ناوچەیەوەیە و بەشێکیشی بەهۆی شێوازی حوکمڕانیکردنی یەکێتییەوەیە لە رابردوودا کە زەمینەی ئازادیی زیاتری رەخساندووە.


بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا دەرئەنجامی خۆپیشاندانێک چی دەبێت کە تەنها لە سنووری ناوچەیەک بکرێت، کە حاکم و حوکمڕانەکانی ئەو ناوچەیە دەڵێن ئەو هۆکارانەی بوونەتە مایەی ناڕەزایەتی خەڵک لای ئێمە نین و لە هەولێرن؟ هەولێریش پایتەختی هەرێمەکەیە و ناوەندەکانی بڕیار لەوێن، کە خۆپیشاندانێک نەگاتە بەردەم ناوەندەکانی بڕیار، ئەی کەواتە بۆچی دەکرێت؟ ئەمەیە کە رووی یەکێتی دەگرێتەوە و هێزی سیاسی بە مەبەست و بۆ ئامانجی دیاریکراوی خۆی دەیەوێ لەژێر دەسەڵاتی یەکێتیی ئەم کارە بکات. چونکە لەبنەڕەتەوە ئامانجەکە بۆ بەدیهێنانی ئەو خواست و پێداویستیانە نین کە هاووڵاتیی ئاسایی، چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، موچەخۆرانی کوردستان داوایدەکەن. بەڵکو خواست و پێویستیی دیکەی سیاسی هەن کە خاوەنەکانیان لەپشتی داوا رەواکانی خەڵکەوە دەیشارنەوە، بەڵام هەوڵدەدەن ئاراستەی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکە بەو ئاقارەدا بەرن کە ئامانجەکانی خۆیانی تیا دێتەدی. لە خۆپیشاندانەکانی ساڵانی رابردوودا ئەم حاڵەتە وەک دەرئەنجام بەڕوونی هەستی پێدەکرێت. کۆمەڵێک منداڵی هەژاری ئەم نیشتمانەیان بەکوشتدا، کۆمەڵێک خەڵک کەمئەندام بوون و بەری خوێنی ئەو خەڵکەش هێزگەلێکی سیاسی چنییانەوە.

ئێستاش هەمان حاڵەتە، بەڵام بۆ ئامانجێکی دیکە. تیری ئەمجارە رووی لە یەکێتیی نیشتمانی کوردستانە. هەرچەندە لە رووکەشدا هیچ تانە و ناڕەزایەتییەکیان بەرامبەر یەکێتی نییە، بەڵام بە دروستکردنی واقیعێک یەکێتی پەلکێشی نێو دۆخێک دەکەن کە لە هەموو لایەنەکانی دیکە زیاتر باجەکەی بداتەوە. لە دۆخێکی وەک ئێستادا پارتی و گۆڕان هەردوولایان ئەمەیان دەوێ. پارتی پێیوایە بەوهۆیەوە نێوانی یەکێتی و گۆڕان تێکدەچێت، گۆڕانیش پێیوایە بەوهۆیەوە نێوانی یەکێتی و پارتی تێکدەچێت.

سبەی خۆپیشاندان ئەنجامدەدرێت. ئەجێندا سیاسییەکەی پشت خۆپیشاندانەکە ئاراستە و رێڕەو و ئامانجی راستەقینەی خۆپیشاندان دەگۆڕێت بۆ پەلاماردانی بارەگاکانی پارتی. بەمەش یەکێتی دەخاتە بەردەم دوو حاڵەتەوە، یەکەمیان ئەوەیە دام و دەزگا ئەمنییەکانی ناوچەکە رێ لە خەڵک بگرن و ببنە پاسەوانی بارەگاکانی پارتی، کە بەمەش یەکێتی رووبەڕووی جەماوەر دەبێتەوە و ئەو بنکە جەماوەرییە لەدەستدەدات. حاڵەتی دووەمیش ئەوەیە کە یەکێتی دەزگا ئەمنییەکانی رابسپێرێت لە جەماوەر بگەڕێن چی دەکات بیکات. لەو حاڵەتەشدا کە حیزبێکی دیاریکراو کرایە ئامانج، پارتیش لە زۆنی خۆی یەکێتی و هێزەکانی دیکە بە هەمان سیناریۆ دەردەکات. دەرئەنجامی ئەمەش کوردستان دەبێتە دوو هەرێم.

پارتی حوکمی هەرێمی هەولێر دەکات و رێگە نادات هیچکام لەو چوار حیزبەی دیکە بوونیان هەبێت. هەرێمی سلێمانیش یەکێتی ناچاردەبێت لەنێوان خۆی و گۆڕان و یەکگرتوو کۆمەڵ بەشی بکات. ئەمە جیا لە مەترسییەکانی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی و زیانە دوور مەوداکانی، لەڕووی ئابووریشەوە ناوچەی جێ نفوزی یەکێتی رووبەڕووی بارێکی قورسی دارایی دەبێتەوە.

جا بۆئەوەی ئەمە روونەدات و کوردستان نەگاتە دۆخێکی خراپتر، دەبێ یەکێتی قسەی روون و راشکاوانەی لەگەڵ ئەو هێزە سیاسییانە هەبێت. بۆئەوەی خۆپیشاندانیش ئامانجەکەی بەدیبێت، کە پەیوەندیی بە قووتی خەڵکەوە هەیە، داوایان لێ بکات وەکچۆن لە بەغدا و لە ناوچەی سەوز موقتەدا سەدر رێبەرایەتیی خۆپیشاندانێکی مەدەنییانەی کرد، با سەرۆکی حیزبەکانیش بفەرموون بچنە هەولێر لەبەردەم سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران خۆپیشاندان بکەن.



هیوا جەمال

# ڕێگەی کاریگەرتر لە خۆپیشاندان

## رێگەی یەکەم: رۆڵی ژنان

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ژنانی بەرپرسان و سەرکردەکان رۆڵی خۆیان بگێڕن. رەنگە ئەوە یەکێک لە بەهێزترین چەکەکان بێت بۆ رێککەوتنی سیاسی و کۆتاییهێنان بە قەیرانی سیاسی، کە بەپێی گوتەی هەندێک لە شارەزایان چارەسەری قەیرانی داراییشی بەدوادا دێت.

ژنانی کوردستان دەتوانن هەمان رێچکەی ژنانی لیبریا بگرنەبەر. ئەویش کاتێ لە ساڵی 2002 بۆ 2003 وڵاتەکەیان نغرۆی شەڕی خوێناوی بوو، ژنانی لیبریا لە موسڵمان و مەسیحییەکان گرووپێکیان پێکهێنا بۆئەوەی گوشار دروستبکەن و کۆتایی بە ململانێ و شەڕی نێوخۆ بهێنن.

رووداوەکە بەمجۆرەیە: ژنان بەهێزترین چەکی خۆیان بەکارهێنا بەرامبەر پیاوان، ئەویش مانگرتن بوو لە سێکسکردن و سەرجێیی نەکردن لەگەڵ پیاوەکانیاندا. ژنان لە چالاکییەکانیاندا کراسی سپییان لەبەردەکرد، وەک هێمایەک بۆ ئاشتی. ئەوان لە گردبوونەوەکانیاندا هیچیان نەدەگوت و بەبێدەنگی دەوەستان، وەک دەربڕینی ناڕەزایەتی. لە درێژەی چالاکییەکانیاندا توانییان کۆبوونەوەیەکی لووتکە لەنێوان سەرۆکی وڵاتەکە و رێبەری یاخیبووەکان رێکبخەن. کاتێک کۆبوونەوەکە دەستیپێکرد، ژنان رێگرییانکرد لە رۆیشتنی سەرکردەکان بەبێ رێککەوتن. ئەوەبوو هەردوولایان ناچارکرد لە کۆبوونەوەکەدا بمێننەوە تاوەکو گەیشتنە رێککەوتن و ئاشتی بەرقەراربوو.

ئەو ژنانە توانییان بەڵێن لە سەرۆکی لیبیریا، چارلس تایلەر وەربگرن بۆئەوەی لە کۆبوونەوەیەکی ئاشتیدا لە وڵاتی غانا ئامادەبێت، بۆئەوەی گفتوگۆ بکات لەگەڵ یاخیبووەکان لە یەکێتیی لیبیریا بۆ ئاشتی و دیموکراسی. هەروەها بزووتنەوەی دیموکراسی لە لیبیریا.

گرووپێک لەو ژنانە رۆژی کۆبوونەوەکە چوونە وڵاتی غانا و لە دەرەوەی ئەو کۆشکە گردبوونەوە کە کۆبوونەوەی لایەنەکانی تێدا بەڕێوەدەچوو. ئەوان هەموو دەرگا و پەنجەرەکانی کۆشکەکەیان بەست و رێگەیان نەدا هیچکەسێک بەبێ رێککەوتن بێتە دەرەوە. بەوشێوەیە ژنان لایەنەکانیان ناچارکرد بگەنە رێککەوتن و کۆتایی بە جەنگی 14 ساڵەی نێوخۆی لیبیریا هات. هەر ئەو چالاکییانەی ژنان بووە مایەی ئەوەی یەکەم ژن ببێتە سەرۆکی لیبیریا، کە ئێلێن جۆهانسن، بوو.

## رێگەی دووەم: جگە لە خۆپیشاندان

جگە لە خۆپیشاندان، فەرمانبەران و مامۆستایان دەتوانن رێگەی دیکە بگرنەبەر بۆئەوەی مافەکانیان بەدەستبهێنن. هەرچەندە مایەی نیگەرانییە کە مافە سەرەتاییەکان لەڕێگەی فشار و گوشارەوە بەدەستبێن، لەکاتێکدا گرێبەستێک لەنێوان دەسەڵات و هاونیشتمانییاندا هەیە، ئەویش کار بەرامبەر مووچەیە، واتە کاتێک مووچە وەردەگریت کە دەوام یان کاردەکەیت، بەپێچەوانەشەوە کاتێک مووچە وەرنەگریت دەوام ناکەیت.


هەمیشە لە خۆپیشاندانەکاندا ژمارەیەکی کەمتر لەوەی پێویستە ئامادەبێت ئامادە دەبێت. هەر بۆنموونە لە زیاتر لە 70 هەزار ئەندامی یەکێتیی مامۆستایان، دوێنێ رەنگە 7 هەزار مامۆستا ئامادە نەبووبێت لە خۆپیشاندان. وردتر بڵێین، سەرۆکی لقی دهۆکی یەکێتییەکە، بە رووداوی گوت لە 24 هەزار ئەندام، تەنها 100 کەس ئامادەی گردبوونەوەیەک بوون کە بەر لە چەند رۆژ بانگەشەی بۆ کرابوو.

رەنگە یەکێکی دیکە لە چەکە بەهێزەکانی لەبری خۆپیشاندان، مانگرتن بێت لە دەوام. وەکچۆن لە چەند ساڵی رابردوودا لە باکووری کوردستان روویداوە و ئەمساڵیش لە رۆژهەڵاتی کوردستان روویدا، فەرمانبەران و مامۆستایان ناچنە دەوام و دوکانەکانیان دادەخەن. هەرچەندە رەنگە لە باشوور پێویست بە داخستنی دوکان نەکات.

کاتێک قوتابخانەکان چۆڵ دەبن لە مامۆستا و دەوام ناکرێت، بە سەتان هەزار خوێندکار و قوتابی بێ مامۆستا دەمێننەوە. هەروەها کاتێک فەرمانبەران نەچنە فەرمانگەکانیان، حکومەت لە جووڵە دەکەوێت.

دەسەڵات دەتوانێ بە هێز و لەژێر گوشاری چەک و هەڕەشە خۆپیشاندەران بگرێت، بکوژێت و بڵاوەیان پێبکات، بەڵام ناتوانێت کەس لە ماڵ بێنێتە دەر و بەزۆر دەوامی پێبکات. هەرگیز بە ژمارەی فەرمانبەر و مامۆستا هێزی ئەمنی نییە بۆئەوەی هەموویان بگرێت.

بۆئەوەی خوێن نەڕژێت و زیان بە هیچ مومتەلەکاتێک نەگات کە دواتر هەر لەسەر قووتی خەڵک چاکدەکرێتەوە، باشترە مانگرتنی سەرتاسەری رابگەیەنرێت. مامۆستا و فەرمانبەران لە ماڵەکانیان بمێننەوە. هەروەها کاسبکارانیش هەمان هەڵوێستیان هەبێ. چونکە کاتێک مووچە نەبێ، کاسبیش نابێت.



رابەر تەلعەت

# سیاسەت بە تەنیا بۆ دەسەڵات نییە

کولتور بە هەموو رەهەندەکانییەوە، رۆڵێکی گرنگی هەیە لە دەستنیشانکردن و شکڵگرتنی بەهاکان و زۆربەی چالاکییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانی کۆمەڵگادا، هەروەها لە ژیانی سیاسیی کۆمەڵگادا رۆڵێکی جەوهەریی دەگێڕێت، چونکە هیچ دامودەزگا و رێوشوێنێکی سیاسی ناتوانێت لە بۆشاییدا وجودی هەبێت، یاساکان، دەسەڵاتەکان و دەستوور ناتوانن لە دەرەوەی کۆمەڵگا بژین، بۆیە لە چوارچێوەی ئەم پەیوەندییە دینامیکییە سادەیەشدا بەها و نۆرمە کولتورییەکان کاریگەرییان دەبێت بەسەر کردە و رەفتاری سیاسی و ژیانی سیاسیی کۆمەڵگادا. ئەگەر رەگەزە کولتورییەکان وەک بونیاد دەستیان لە داڕشتنی سیستەمی سیاسی و کارگێڕیی ئێمەدا هەبێت، ئایا چۆن دەتوانرێت سروشتی ئەو پەیوەندییە ببێتە هۆکارێک بۆ پەرەپێدانی ژیانی دیموکراسیی کۆمەڵگا، یان بەپێچەوانەوە بە دژی ئاراستەی کرانەوە و دیموکراسی بکەوێتە کار؟ ئایا میتۆد و ستراتیژی پارتە سیاسییەکان و ناوەندەکانی دەسەڵات و رۆشنبیری لە مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمەڵگا و جەماوەردا بە تەنیا رازیکردنی زۆرینە و وەڵامدانەوەی بەها کولتوری و ئاینییەکان بووە بۆ راکێشان و بەدەستهێنانی دڵی زۆرینە لە بازنەی سیاسەتێکی پۆپۆلیستیانەدا یان پرۆژەیەک هەبووە بۆ بونیادنانی نەتەوە و کولتورسازی بە ئاراستەی گەشەپێدانی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی، تەنانەت ئەگەر لە ئاست ویستی زۆرینەشدا نەبووبێت؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ بونیادی کۆمەڵایەتیی هێز و پارتە سیاسییەکان و ئەو کۆمەڵگایەی کە ئەو هێزانە تێیدا باڵادەستن، واتا بونیادی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا لە هەرێمی کوردستان و ژێرخانی هێز تێیدا.

بونیادی کۆمەڵایەتی لە چی پێکدێت؟

لە هەموو ئەو نۆرم و بەها ماددی و مەعنەوییانەی کە مرۆڤەکان لە رێگای پەیوەندی کۆمەڵایەتیی نێوان خۆیاندا و لەڕێگای کارتێکەری کۆمەڵایەتیدا و لەچوارچێوەی گرێبەستێکی نەنووسراوی کۆمەڵایەتیی نێوان خۆیاندا مانا و بەهای پێ دەبەخشن، لە روانگەی بونیادخوازیی کۆمەڵایەتییەوە، هیچ شتێک لە دەرەوەی ژینگەی کۆمەڵایەتی و کارتێکەری کۆمەڵایەتیدا بوونی نییە و مانا نابەخشێت، بۆ نموونە، پارە هیچ نییە جگە لە پارچە کاغەزێک، ئەگەر بێت و ئێمە بەهای ئاڵوگۆڕی لەگەڵ شتەکانی دیکەدا بۆ دانەتاشین و نرخی بەراوردکاری پێ نەدەین، چەمکەکانی وەک نەتەوە، کوردبوون، ناسنامە، بەها کولتوری و کۆمەڵایەتییەکانی وەک شەرەف و پیاوەتی و جوامێری، سەرۆک و حیزب و سیمبولە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکانمان، هیچیەک لەوانە، وەک چەمک بە تەنیا، لە دەرەوەی بونیادی کۆمەڵایەتی و ژینگەی کۆمەڵایەتیدا مانا نادەن، ئەوەی هەموو ئەوانە دەکات بە واقیع لە ژیانی رۆژانەماندا، بریتیە لە بونیاد و ژیانی کۆمەڵایەتیی ئێمە لە چوارچێوەیەکدا کە پێی دەڵێن کۆمەڵگا.

بونیادی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگای رۆژهەڵاتیدا، بونیادێکی هیرارکییە، لە سەرەوە بۆ خوارەوە داڕێژراوە، هەروەک لە هەرێمی کوردستانیشدا بە هەمان شێوە، دامەزراوەکانی خێزان، قوتابخانە، زانکۆ، شوێنی کار، حیزب، دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، لەسەر بنەمای پەیوەندییەکی هەرەمی دامەزراوە، لەناو هەموو ئەو دامەزراوانەدا پەیوەندیی ئەندامەکان لەسەر بنەمای بەرپرس و گوێڕایەڵ، سەرۆک و رەعیەت بەڕێوە دەچێت. دینامیکی دەسەڵات و گوێڕایەڵی بۆ سەرەوەی خۆت، کارەکان بەڕێوە دەبات، نەک ئەزموون و شارەزایی و دونیابینی فراوان، بەو مانایەی کۆمەڵگا بە دینامیکی دەسەڵات و هێز دەجوڵێتەوە. لە دەسەڵاتدا ئیمتیاز هەیە، نەک بەرپرسیارێتی، ئەمەش وا دەکات مەیلی دەسەڵاتخوازی بەبێ جیاوازی لەلای تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە زۆر بەهێز بێت، هەموو کەس بە گوێرەی ئەو پێگەیەی کە هەیەتی، ئارەزووی دەسەڵات و مومارەسەکردنی دەسەڵات دەکات. سیاسەت لەوە دەرچووە کە کردەیەکی ئەقڵانی بێت بۆ رێکخستن و وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی ژیانی تاک و کۆمەڵ، ئامانج تێیدا هاووڵاتی نییە، بەڵکو کردە و رەفتارێکی دەسەڵاتخوازییە.

دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، سەندیکاکان و گرووپەکانی فشار و رێکخراوە پیشەیی و مەدەنییەکان، ئەوانەی کە پێویستە هەبن بۆ داکۆکی لە مافی ئەندامەکانیان، لاوازن، یان هیچ رۆڵێکیان نییە، یان بوون بە داردەستی حیزبەکان، یان کۆمەڵێک ناوەندی مشەخۆر و بێکارن، وەک کۆمەڵێک شکڵ و شێوەی جوانکاری تەنیا پارێزگاری لەمانەوەی سیستەم دەکەن نەک چاککردن و رەخنەکردنی، بۆ نموونە، دەبینی مامۆستایان، خوێندکاران، چەندە مان دەگرن و ناڕەزایەتیش دەردەبڕن، چالاکییەکانیان بێ هوودە و ئەنجامە، چونکە لە بنەمادا، ئەوانە بەشێک نین لەو بونیاد و دینامیکەی کە کۆمەڵگا بەڕێوەدەبات و سیستەمی لەسەر دامەزراوە، بۆیە مانگرتن و ناڕەزایەتی هیچ کات نابێتە مەترسی بۆ سەر دەسەڵات و ئامانجی خۆی ناپێکێت.

ئەنجام، پرسیاری دروست سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان، ئەوە نییە کە کێ باشە و کێ خراپە؟ کێ دیموکراسییە و کێ نادیموکراسی؟ چونکە هەڵسوکەوتی دیموکراسیانە دەبێ یاسا و دامەزراوەکان دەستنیشانی بکەن. شەرعیەت لە شوێنی خۆیدا ناتوانێت بەرگری لە خۆی بکات، ئەگەر بێت و دەسەڵاتی جوڵاندنی ئەو هێزەی نەبێت کە دەیپارێزێت. ئەوەی ئێستا لە گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێمەدا روودەدات، پەیوەندی بە باڵادەستیی لۆژیک و تێگەیشتنی دەسەڵاتخوازیی هێزەکانەوە هەیە بۆ سیاسەت، هیچ دەستوور و یاسا و نووسراوێکی سەر کاغەزیش ناتوانێت ئاشتی کۆمەڵایەتی و سیاسی بێنێتەدی، ئەگەر گۆڕانکاری لە دونیابینی ئەو هێزانەدا نەیەتە کایەوە کە هەرێمەکەیان بەسەر خۆیاندا دابەش کردووە.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# پارتی لە سلێمانییەوە ناڕووخێندرێت

## 1

لە ئاستانەی خۆپێشاندان لە سلێمانی (کە بانگەشەی ئەوە دەکرێت سەرتاسەری بێت)، چوار حیزب و نیوەکەی کوردستان (گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ و یەکێتیش بە هەردوو باڵەکەیەوە)، ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشیان بڵاوکردۆتەوە، کە دەلالەتە لە ترسی ئەو حیزبانە لە ئەگەری خۆپێشاندان و، هاوکاتیش سەرباری ئەوەی کە دەیانەوێ خۆیان لە هەر ڕووداوێکی نەخوازراو بێبەری بکەن، مەبەستیشیانە ئاگرە سوورەکە لەخۆیان دوور بێت. ئەوە لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە ئەم کارتە چەند جارێکی دیکەش تاقیکراوەتەوە، بەڵام ئەمجارە مەبەست لێی ئەوەیە کە وەکچۆن هەوڵی دوورخستنەوە و دەرکردنی پارتی لە بەغدا بە ڕێگەی پەرلەمانی هەنگاو بە هەنگاو دەچێتە پێش، ئاواش پارتی لە قۆناغی یەکەمدا لە دەڤەری سەوز و نیلی دوور بخرێتەوە و، لە هەنگاوی دوای ئەویشدا، پێکهاتەی ئیداری و سیاسیی کەرکووکیش بەبێ پارتی ڕێکبخرێتەوە.

ئەمە تیۆریی موئامەرە نییە. بگرە هەوڵدانێکی ئاشکرای میدیا و حیزبەکانی سلێمانییە، کە زۆر بێباکانە بەشێکن لە هەموو ئەو سیستەمەی کە ئێستا حوکمڕانیی کوردستان دەکات و، جەماوەری ناوچەکیش بۆ ئامانجی سیاسیی خۆی دەکاتە قەڵغان. لەوەشدا، هەم قەیرانە ناوخۆییەکانی خۆیانی پێ دەشارنەوە، هەمیش وا پیشاندەدەن کە لەخەمی خەڵکدان! بۆیە هەموو هەوڵێکیان ئەوەیە کە نەوەک جڵەوی خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکانیان لەدەست دەربچێت و وەک شمشێری دوودەمی لێبێت.

پارتی ئامانجی سەرەکی دەبێت و مەعنای نییە لەو دەڤەرە خۆپێشاندان بکرێت و، بارەگایەکی پارتیش وەک "سیمبۆلی هەموو خەراپەکارییەکان!" پەلامارنەدرێت! بەڵام زرووفی ئێستا زۆر جیاوازترە لە سەردەمی 17ی شوبات و ناردنی تاکێک لە خانەوادەی بارزانی بۆ نوێنەرایەتیی سیاسی و ڕێکخستنی پارتی لە سلێمانی، پیشانیدەدات ئەمجارە ئەگەر هەر پەلامارێک رووبدات، وەڵامی پارتی بە جۆرێکی دیکە دەبێت.

حیزبەکانی سلێمانی چەندجارێک شکستیان خواردووە. جارێکیان لەو ئیدارەیەی ئێستا لەسەر ئاستی ناوچەیی بەڕێوەیدەبەن و جارێکیشیان لە خیتابی سیاسی، نوێنەرایەتیی دیپلۆماسی و یەکگرتوویی نێو ماڵەکانی خۆیان. بۆیە چارەسەری ئەوانە پەلاماردانی پارتی و خۆجیاکردنەوە نییە. سلێمانی پاژنەی ئاشیلی پارتی نییە تا لەوێوە هەوڵی ڕووخاندنی بدەن. ئەگەر قەیرانێکی دارایی هەیە (کە هەیە و قووڵیشە) بۆ بەس لە ناوچەی نفوزی ئەواندا هەیە؟ ئەگەر خۆپێشاندان و ناڕەزایەتی هەیە، بۆ بەس لەلای ئەوان هەیە؟ مادام مامۆستا و فەرمانبەر مووچە وەرناگرن، بۆ ئەندامانی مەکتەب سیاسییەکان و مەکتەبە جۆراوجۆرەکان، لەکاتی خۆیدا مووچە وەردەگرن؟

## پردەکەی دەمیرتاش

## 2

ئامانجی سەرەکیی هاتنی سەلاحەدین دەمیرتاش و شاندەکەی هەدەپە، هیچی ئەوە نەبوو کە لە میدیاکان گەزگەز باسی پرۆژەی لێکنزیککردنەوەی پارتە سیاسییەکانی باشوریان دەکرد و، گوایە دەیانەوێ ببنە پردێک بۆ چارەسەری قەیرانی سیاسیی ئێستای کوردستانی باشوور. ڕێک پێچەوانەکەی ئەوە ڕاستە کە ئەوان لە بنەڕەتدا بۆ دیتنی بارزانی هاتبوونە کوردستان. ئامانجیش لە دیتنی بارزانی دوو شت بوو، یەکەمیان ئەوە بوو کە بارزانی ئێستا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەیی تاکە نوێنەر و سەرکردەی کوردە لە هەموو دنیادا کە حیسابی بۆ دەکرێت و ترافیکی دیپلۆماسیی هەفتەی ڕابردوو سەلماندی بارزانی خاوەن بڕیارە بۆ ئێستا و داهاتووش. دووەمیان ئەوەبوو کە بارزانی وەکو هەمیشە ببێتەوە پردێک بۆ دەستپێکردنەوەی دانوستانەکانی ئاشتی لەنێوان دەوڵەتی تورکیا و کورد. چونکە لە جەژندا دەرکەوت کە بەداخەوە کەس حیسابی بۆ پەیامەکەی ئۆجەلان نەکرد و تەنانەت میدیای تورکیا هەر باسیشیان نەکرد!

ئینجا هەدەپە، کە لەسایەی شەڕی بەوەکالەتی سیاسییان بۆ تورکە سپییەکانی تورکیا و، پەکەکە لەسایەی شەڕی بەوەکالەتیان بۆ وڵاتانی ئیقلیمی، لە کایەی سیاسیی تورکیا و ناوچەکەدا ڕۆڵیان لاواز بووە. ویستیان پیشانی ڕای گشتیی تورکیای بدەن کە ڕایەڵەیەکی نەتەوەیی قووڵیان لەگەڵ باشووردا هەیە. ئەگەرچی میدیای تورکیا تەنها باسی ئەوەیانکرد کە دەمیرتاش چاوی بە بارزانی کەوتووە و وەسسەلام! بەڵام ڕاستییەکەی دیتنی ئەو هەموو حزب و کەسایەتییە بۆ پەردەپۆشکردنی ئەوەبوو کە نەڵێن چوونەتەوە بەر دەرگای بارزانی.

هەدەپە و ئۆجەلان هەردووکیان و لەپاڵ ئەوانیشدا گەلی کوردستانی باکور، باجی هەڵە و چەوتییەکانی پەکەکە دەدەنەوە کە زۆر بەئاسانی دەیانتوانی وابکەن هاوکێشەکان بەجۆرێکی دیکە بێت. هەدەپە دەیتوانی تەنها بە دەنگی 16 ئەندام پەرلەمان ژێر بە ژێر هاوکاریی ئاکپارتی بکات بۆ گۆڕینی دەستوور و ڕێگر بێت لەوەی ئاکپارتی پەنا بۆ فاشیستەکان بەرێت. ئەوانەی ئەمڕۆ لە بەغدا بەئاشکرا بۆ نووری مالیکی و حزبی دەعوە دەیکەن. ئەگەر خیانەت بێت با بۆ ئەوانیش بە خیانەت نووسرابا.

## زێباری وەک چەکی میلانە

## 3

هۆشیار زێباری لەبەرئەوەی خاڵی بارزانی بوو، لە بەغدا جێگەی نەبۆوە. ئەگەرچی دوای پۆستی وەزارەتی دەرەوەش ئەگەر لەناو پارتی جێگەی بۆ کرابایەوە، ڕەنگبێ نەچووبایەوە بەغدا. سەرەتا بڕیاربوو بکرێتە جێگری سەرۆک وەزیرانی بەغدا، بەڵام دواتر جێگۆڕکێی پێکرا. ئەمڕۆ زێباری بووەتە قوربانیی سیاسەتەکانی بارزانی لەسەر ئاستی وڵاتی بەناو عێراق و، پارتی دەبێ لەسەر دوو ئاست هەوڵی گەڕاندنەوەی ئیعتیبار بۆ سیمبۆلی سیاسەتی دەرەکیی خۆی و بەغدا بدات. تۆمەتەکان ئاشکران و دەبێ وەکچۆن سەلیم جبوری لە دادگای فیدراڵی سەلماندنی، ئاواش کەیسی زێباری لەو دادگایە یەکلابکاتەوە و پشتی بەرنەدات. دووەمیان بتوانێ سوود لەو توانا گەورە دیپلۆماسییە گەورەیە وەربگرێت و چیتر وەرگێڕەکان نەچنە پێشوازی و نەکرێنە باڵیۆزەکانی کوردستان بۆ پرسی سەربەخۆیی.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# کێ غەدری لە سلێمانی کردووە؟

ئەگەر بە سیلەی ڕەحمیش بێت، پێمخۆش نییە ماڵە خەزوورانە سلێمانییەکانم غەدریان لێبکرێت، بەڵام ئەگەر بەپێی ئەو داتا و زانیارییانە بێت کە لەئاستانەی 27ی ئەیلوولدا میدیای یەکێتی لە سلێمانی بڵاویدەکەنەوە، کە زۆر لایەن گرەویان لەسەر خۆپیشاندانی سەرتاسەری و تەنانەت "ڕاپەڕین"یش کردووە لەو ڕۆژەدا، هەستدەکەی زوڵمێکی گەورە لەو شار و پارێزگایە کراوە. بۆنموونە لەکۆی 749 پرۆژەی مۆڵەتپێدراو لە هەرێمی کوردستان، پشکی سلێمانی تەنیا 28%ی پرۆژەکان بووە، کەچی ڕێژەی دانیشتووان و پشکیان لە سامانداریی سروشتیدا دەگاتە 40 %ی هەرێمی کوردستان. هەرواش بۆ کەسێکی وەک من کە هەم بە سیلەی ڕەحم و هەم لەژێر گوشاری ویژدان و هەم بە مەنتیقی لێکجیاکردنەوەی ڕاست و ناڕاست دەمەوێ لە شتەکە تێبگەم، دەمەوێ بزانم: ئەگەر سلێمانی غەدری لێکرابێت، کێ لێیکردووە؟

هەموو کەس دەزانێت لەدوای ساڵی 1994ەوە، دوو هەرێمی سەوز و زەرد دروستبوون و تاوەکو ئەمڕۆش نەبوونەتەوە یەک. بۆیەش ئەوانەی لەوە دەترسن لە کوردستان دوئیدارەیی دروستببێتەوە یان ئەوانەش کە هەڕەشە دەکەن کوردستان بگەڕێننەوە بۆ دوئیدارەیی، لەبیریانچووە کە بەدرێژایی ساڵانی ڕابردوو کوردستان هیچکات بەتەواوەتی یەکئیدارە نەبووە. ئەوەی کە هەبووە ڕێککەوتنێکی دووقۆڵیی نێوان مام جەلال و کاک مەسعود بووە بۆ ئیدارەدانی دوو ئیدارەکە و دابەشکردنی پۆستەکان لە بەغدا و پاراستنی یەکڕیزی لە دەرەوەی کوردستان. لەبنەڕەتیشدا بزووتنەوەی گۆڕان لەسەر بناخەی جووڵانەوەیەکی ریفۆرمخوازانەی نێو یەکێتی دامەزرا کە ناڕازی بوو لە شێوازی بەڕێوەبردنی ئیدارەی سەوز و ڕێککەوتنی لەگەڵ ئیدارەی زەرد.

کەواتە ئەگەر لە هەولێر و دهۆک کەموکوڕی و پشتگوێخستن و برسیکردنی خەڵک و سنووردارکردنی ئازادییەکان و نەبوونی تەناهی هەبێت، دەبێ یەخەی پارتی بگیرێت. ئەگەر لە سلێمانی و زۆنی سەوز و نیلیش ئەمە هەبوو، دەبێ یەخەی یەکێتی و کۆنە یەکێتییەکانی جاران و گۆڕانەکانی ئێستا بگیرێت.

ڕەنگە هەبن بڵێن: بەڵام پایتەخت بەدەست پارتییەوەیە و پارە و دەسەڵات و دیپلۆماسی و سەرکردایەتیی جەنگیش کەوتووەتە دەست پارتی. ئەمە ڕاست نییە و نابێ ئەندامی یەکێتی یان گۆڕان بەو قسەیە فریو بخوات. ئەمە وەکو ئەوە وایە کە ئەندامی پارتی بەوە فریو بخوات کە پێیبڵێن سەرچاوەی بێ مووچەیی و نەهامەتییەکانی هەولێر و دهۆک تەنیا بەغدایە و پارتی و سیاسەتەکانی پارتی هیچ ڕۆڵێکیان لەوەدا نییە.

بەپێی ئەو داتایانە بێت کە میدیای یەکێتی لەمڕۆژانەدا مارکێتینگی بۆ دەکەن و بەهۆیەوە دەیانەوێ بیسەلمێنن سلێمانی پشتگوێخراوە و غەدری لێکراوە، خەڵکی سلێمانی مافی خۆیانە تووڕە بن و بێنە سەرشەقام و بەڕێگەی ناتووندوتیژانە داوای مافەکانیان بکەن. بەڵام دەبێ لەوانەی بکەن کە ئەگەر لە سلێمانی بێ بەرنامە بوون و نەیانزانیوە بەباشی شارەکە بەڕێوەببەن، ئەی بۆ چەندین ساڵە بە نوێنەرایەتیی سلێمانی لە حکومەتی کوردستاندا لە هەولێر بەشداربوون و هێشتیان لەوێش مافیان بخورێت؟

سلێمانی هەمیشە شارێکی هۆشیار بووە، بەڵام لە ڕووداوەکانی 17ی شوبات و بەدوایدا لە ڕووداوەکانی پاردا، کە ئەنجامەکەی سووتاندنی بارەگاکانی پارتی بوو و لە زۆر بۆنە و یادی دیکەشدا ناڕەزایەتییەکانیان بەلاڕێدا براون و ئەوەی بۆی هاتبوونە سەرشەقام لەبیریان بردراوەتەوە. من خەڵکی سلێمانی بم ناهێڵم ئەمجارە ئەمە ڕووبدات و بەڕوونی دەزانم چیمدەوێ و لە کێم دەوێت.



عادل باخەوان
adel.bakawan@gmail.com

# بارزانی و تاقیکردنەوەی دەوڵەتی کوردی

بەدرێژایی نۆ مانگی ڕابردوو، بەڕێز مەسعود بارزانی، لە چەندین چاوپێکەوتن و گوتاردا، پرسی دەوڵەتی کوردیی وروژاندووە و بەردەوام ئاماژە بەوە دەکات کە ئێستا هەلومەرجەکە تەواو لەبارە بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان. لە دوایین چاوپێکەوتنی لەگەڵ ڕۆژنامەی (لۆمۆند)ی فەرەنسی، کە لە 9ی سێپتەمبەری 2016 دا بڵاوکرایەوە، هەمان پرس دەورووژێنێت و دەڵێت: "ئەم پرسە لە هەموو حیزبەکان و کەسەکان گرنگترە و هەموو کورد یەکدەنگن لەسەر دروستکردنی دەوڵەتی کوردی". لەم گۆشەیەدا ئەوەی من بەخێرایی لەسەری دەوەستم، پرسی "چاکە" و "خراپە"ی دەوڵەتی کوردی نییە، ئەمە بۆ ئەو ڕۆشنبیرانە بەجێدەهێڵم کە خۆیان وەک "دادوەر" دەبینن و دەخوازن بڕیاری ئەخلاقی لەسەر فاکتەکان بدەن. ئەوەی من لەسەری دەوەستم ئەو تاقیکردنەوەیەیە کە بارزانی لە وانەی دەوڵەتی کوردیدا تێیدایە. ئایا بەڕاست بارزانی دەیەوێ دەوڵەتی کوردی دابمەزرێنێت؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەش بارزانی دەخەمە بەردەم سێ "چەمک"ی سەرەکیەوە: ڕاستگۆیی سیاسی، کۆدەنگیی سیاسی، بەکارهێنانی سیاسی.

### ڕاستگۆیی سیاسی

ڕووبەری سیاسی، وەک هەر ڕووبەرێکی دیکەی کۆمەڵایەتی بە مانا فراوانەکەی، خاوەنی کۆمەڵێک بەها و نۆرم و دۆگمی تایبەت بەخۆیەتی و هەموویان پێکەوە شتێک بەناوی سیستەمی سیاسی دروستدەکەن. ڕاستگۆیی سیاسی، ئەگەر نۆرم و دۆگمی نێو ئەم سیستەمەش نەبێت، بەدڵنیاییەوە یەکێکە لەو بەها گەورانەی هەر ئەکتەرێک لەدەستی بدات، بەشێکی گەورە لە سەرمایەی ڕەمزیی خۆی لەدەستدەدات. ڕاستگۆیی سیاسی کردەیەکی بەهێزی وایە کە مرۆڤەکانی کۆمەڵگەیەک دەباتەوە سەر هەموو ئەو شتانەی دەکرێت "ڕاست" بن و شیاوی ئەوەبن باوەڕیان پێبکرێت. بە گوزارشتێکی دیکە ڕاستگۆیی سیاسی بریتییە لەوەی کە کەسی گوێگر چیدی گومان ناکات لە "وتنەکانی" کەسی "قسەکەر"، چونکە ئەوەی دەیڵێت "باوەڕپێکراون" و "گوتنێک" بەرهەمناهێنێت کە جێگەی "باوەڕپێکردن" نەبێت. لێرەوە سیاسیی ڕاستگۆ دەبێت بەو کەسەی کە "گوتراوەکانی" بە زنجیرەیەک لە بەڵگەوە دەبەستێتەوە، کە بەهیچ شێوەیەک جێگەی گومان نین.

بارزانی لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا، تەواوی مێژووی نەک هەر حیزبەکەی و بنەماڵەکەی، بەڵکو خودی خۆیشی خستووەتە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی سەختەوە: تاقیکردنەوەی ڕاستگۆیی سیاسی لەسەر پرسی دەوڵەتی کوردی. لە چاوپێکەوتنێکی هەردوو تەلەفزیۆنی ڕووداو و کوردستان 24 دا دەڵێت: "من ئەگەر دڵنیانەبم کە کاتی دروستکردنی دەوڵەتی کوردستانە، سەرکێشی بە نەتەوەکەمەوە ناکەم". لەنێو ئەم هۆڵی تاقیکردنەوەیەدا، بارزانی وەک خود، وەک بنەماڵە، وەک حیزب، دەکرێت بە دوو شێوە وەڵامی پرسیاری "تاکوێ ڕاستگۆیە لەگەڵ دروستکردنی دەوڵەتی کوردیدا" بداتەوە و هەڵبژاردنی هەریەکێک لەو دوو وەڵامەش کۆمەڵێک دەرئەنجام بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێت.

### وەڵامی یەکەم: کۆدەنگیی سیاسی

پێش هەر چاودێرێکی کێڵگەی سیاسیی کوردی، بارزانی باشتر هوشیارە بەوەی کە دەوڵەتی کوردی بەتەنیا لە هەولێر و دهۆک دروستناکرێت و پارتی دیموکراتی کوردستانیش بەتەنیا ناتوانێت فەرمانێکی "مێژوویی" لەمشێوەیە جێبەجێ بکات. بارزانی کەسێکی پەراوێزکراو نییە کە ژیانی لەنێو ئەشکەوتەکانی خێڵێکدا بەسەربەرێت. بەڵکو ئەو ئەکتەرە سیاسییەیە کە بەشێکی گرنگی ژیانی لەنێو پەیوەندی لەگەڵ دیپلۆماسیەتی جیهانیدا بەسەردەبات و دەزانێت بەبێ کۆدەنگیی نیشتمانی لەنێوان زۆنی زەرد و زۆنی سەوز و نیلیدا، زۆر ئەستەمە وەڵامێکی "ئەرێنییانەی" پرسیارە کوشندەکەی دەوڵەتی کوردی بدرێتەوە، بەڵام کۆدهنگیی نیشتمانی چییە؟

کۆدەنگیی نیشتمانی بریتییە لە ڕێککەوتنی نێوان هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی کۆمەڵگەیەک. کۆدەنگی ڕێککەوتنێکی ئەرێنییانەی ئەو ئەکتەرانەیە کە پێکەوە لەسەر سفرەی ئامانجێکی باڵا کۆدەبنەوە، بۆئەوەی "پێکەوە" بڕیار لەسەر چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئامانجە باڵاکە بدەن. ئەکتەرەکانی نێو ڕێککەوتنی بیناکراو لەسەر کۆدەنگی، سیستمی ئامادەباشیان لەسەرپێیە بۆئەوەی هەموو میکانیزمێک بخەنە خزمەتی جێبەجێکردنی ئامانجە باڵاکەوە و قوربانی بە هەموو ئەو شتانە بدەن کە پێش کۆدەنگی وەک "هێڵی سوور" تەماشایاندەکرد.

ئەگەر بڕیاربێت لە خەیاڵدانی سیاسیی بارزانیدا، بارزانی وەک خود، وەک بنەماڵە، وەک پارتی، دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی ئەو ئامانجە باڵایە بێت کە دەبێت کۆدەنگیی نیشتمانیی لەسەر بکرێت، دەبێت لەم پێناوەدا ئامادەبێت هەموو قوربانییەک بدات، بە هێڵە سوورەکانیشیەوە. بە زمانێکی سادەتر دەبێت لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی زۆنی سەوز و نیلیدا ڕێککەوێت. بارزانی لە تاقیکردنەوەیەکی سەختدایە: ئایا ئامادەیە لەپێناوی دروستکردنی دەوڵەتی کوردیدا سەردانی نەوشیروان مستەفا بکات، دەرگای پەرلەمان بۆ یوسف محەممەد بکاتەوە، وەزیرە دەرکراوەکانی گۆڕان بخاتەوە شوێنەکانی خۆیان؟ هەموومان دەزانین کە چەند ئەم هەنگاوانە لەسەر کۆی هەستەکانی بارزانی و پارتی قورسن، بەڵام ئایا دەوڵەتی کوردی لە خەیاڵدانی ئەودا ئەوەندە دەهێنێت کە ئەو هەموو قوربانییانەی لەپێناودا بدات یان نا؟ ئەگەر بارزانی بە ئەرێنی وەڵامنەداتەوە، بەدڵنیایەوە کۆدەنگی دروستنابێت. لێرەوە گریمانەی دووەم هەژموون بەسەر، نەک هەر بەتەنیا وێنەی بارزانی لەنێو خەیاڵدانی دەستەجەمعیی کوردیدا، بەڵکو وێنەی بارزانی لەنێو کردەی شرۆڤەکردنی چاودێرە جیهانییەکانیشدا دەکات: بێگومان مەبەست لە گریمانەی بەکارهێنانی پرسی دەوڵەتی کوردی بۆ گوشینی چەند لیمۆیەکە، لەوانە لیمۆی یەکێتی و گۆڕان، تا دوا دڵۆپ.

### وەڵامی دووەم: بەکارهێنانی سیاسی

بەکارهێنانی سیاسی بریتییە لەو دیاردەیەی کە کەسایەتییەکی سیاسی یان حیزبێکی سیاسی ڕووداوێکی مەزن یان پرسێکی مەزن "ئیستیغلال" دەکات و لە ڕووبەرە گشتییەکاندا وەک کارتی فشار بەکاریدەهێنێت و هەرکاتێکیش بەرانبەرەکانی ناچارکرد بەوەی مل بۆ داواکارییەکانی بدەن. ئیتر بەئاسانی ڕووداوە مەزنەکە یان پرسە مەزنەکە دەخاتە نێوان دوو کەوانە، تا ئەوکاتەی سەرلەنوێ پێویستی بەوە دەبێت بەکاریبێنێتەوە.

بارزانی هوشیارە لەوەی کە چ لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستان، چ لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و چ لەسەر ئاستی جیهانیش، سەدان چاودێر هەن و گرەو لەسەر ئەوەدەکەن کە پرسی دەوڵەتی کوردی لای بارزانی، جگە لە کارتێکی فشار هیچ شتێکی دیکە نییە و، لە بیست و پێنج ساڵی ڕابردوودا بەردەوام ئەم کارتەی بۆ هەڕەشەکردن، دۆشین یان گوشینی بەرانبەرەکانی بەکارهێناوە. تاقیکردنەوە گەورەکەی ڕاستگۆیی بارزانی لەبەردەم هەرسێ ئاستەکەدا (ناوخۆیی، ناوچەیی، جیهانی) ئێستا گەیشتوەتە دووڕیانێکی یەکلاییکەرەوە: یان ئەوەیە بارزانی هەموو قوربانییەکان لەپێناوی دروستکردنی کۆدەنگیی نیشتمانیدا دەدات و پێکەوە لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی دیکەدا دەوڵەتی کوردی ڕادەگەیەنێت یان لەکۆتاییدا ئەمە ناکات و ئەو هەستە لەلای هەمووان دروستدەکات کە پرسی دەوڵەتی کوردی تەنیا کارتی فشارە لەبەرامبەر ڕکابەرەکانیدا و هیچیدیکە. لە دۆخێکی وادا بەدڵنیاییەوە بارزانی لە تاقیکردنەوە مەزن و مێژووییەکەدا دەرناچێت و درئەنجامەکانیشی لەسەر ئاستی دوورمەودادا دراماتیکانە بەسەر خۆی و حیزبەکەیدا دەردەکەون.



بەرزان عەلی حەمە

# شانسی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد

گەرچی بەلای هەندێ کەسەوە، سەردار و فەرمانەدەی "تاقمێکی خۆسەپێن و دەسەڵاتدار"ی ناو حیزبەکەیەتی و پارە و هێزی یەکێتی لەژێر دەسەڵاتی ئەودایە، بەڵام هێرۆ بە هەموو ئەو هەرا و هاوارانەیەوە، ژنێکی تەنیایە!

لەلایەک هێرۆ، لە لاکەی دیبەوە دەیان و سەدان پیاوی تووڕە و سمێڵ بابڕ، کە لە سەت ئاویان داوە و قولەپێیان تەڕنەبووە، ئەوانەی کە ڕۆژگارێک داهات و پارە و دەسەڵاتی ئەم خەڵکە بەدەست ئەوانەوە بووە و کەمترین کەسیش لەخۆیان و تەخت و دیوان و قائیم مەقاماتەکەیان ڕازی بووە، ئێستا بۆ تەعنکردن و دژایەتیکردنی هێرۆ، باسی دیموکراسی و داهات و قووتی ئەم و ئەو دەکەن!

بەتێکڕای ئەو دەسەڵاتانەی تۆ ئەمڕۆ بە هێرۆی ئیبراهیم ئەحمەدەوە دەیبینیت، بە هەموو ئەو مەد و جەزر و ململانێیەی پێیەوە دیارە، هێشتا دەسەڵاتەکانی کەمترە لەو ڕۆژانەی ئیبراهیم ئەحمەدی باوکی لە ژیاندا و جەلال تاڵەبانی هاوسەریشی نەخۆش نەکەوتبوو.

بە نیوەی ئەو دەسەڵاتانەی ئێستا هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد هەیەتی، ئەگەر نێرینەیەک بووایە، یەکێک لە کارەکتەرە کاریگەرەکانی ناوچەکە دەبوو. ئەوەی کە ڕێگرە هێرۆ وەک کارەکتەرێکی بێ ڕکابەر دەرکەوێت، ڕەگەزەکەیەتی نەک ڕەفتارەکانی. نێر، بەتایبەت جۆرە ڕۆژهەڵاتییەکەی، بەئاستەم مل دەدات بۆ فەرمان و دەسەڵاتەکانی ژن!

ڕکابەرەکانی هێرۆ، ئەگەر بۆیان بلوێت، یەک و دوو لە سڕینەوە و وەلانانی ناکەن. هەڵەکانی ئەو خانمەش ئەوەیە کە خۆی بە میراتگری موتڵەقی تاڵەبانیی هاوسەری و ئیبراهیم ئەحمەدی باوکی دەزانێت و خەڵکانی دیکە بێبەش دەکات لێیان، کە بەمەش حیزبی هاوسەرەکەی وەک کۆمپانیا و خەباتی باوکیشی وەک بزنسێکی مێژوویی نیشانداوە.

ئەو ئەگەر خۆی لە چەند هەڵەیەکی ناپەسند بەدووربگرێت، دەتوانێ لەنێو هەموو ئەو پیاوە عەسەبی و ئاگرپارانەی باشووری کوردستاندا، ژنێکی خاوەن قسەی یەکلاکەرەوە بێت.

بۆنموونە وەک ژن نەیتوانیوە خانمێکی میهرەبان و وەک دایک بۆ زۆرینەیەک خۆی نمایش بکات. ئافرەتێکی گۆشەگیر و دوورە خەڵکە. پێموانییە ئەوانەش کە خۆشیاندەوێت جگە لەوەی (هاوسەری تاڵەبانی و کچی ئیبراهیم ئەحمەدە) هیچی تری لەبارەوە بزانن. بەپێی بەلاغەت و قسەکردنەکانی بێت، پێناچێت هەرگیز ڕاوێژ بە کەس بکات و پێشنیاز لە کەسیش وەربگرێت.

لە ڕۆژی ئاشووب و فەرتەنەکانیشدا، هیچکەس ڕا و بۆچوونی ئەو نازانێت، مەگەر کەسێک زۆر نادیپلۆماسییانە لەبارەیەوە پێمانبڵێت: قاوە دەخواتەوە و جگەرە دەکێشێت!

بەڵام هەموو ئەمانە هیچ لەوە کەمناکاتەوە کە هێرۆی ئیبراهیم ئەحمەد، لەنێو دەیان و سەدان و هەزاران پیاوی سمێڵبابڕی دەسەڵاتداری باشووری کوردستاندا، ئافرەتێکی کاریگەر و بەهێزە و نەک هەر دوو جێگری هاوسەرەکەی، بەڵکو سەدان و ڕەنگە هەزاران پیاوی دیکەش لەنێو حیزب و لەدەرەوەی حیزبەکەشی ڕکەبەرایەتیی بکەن.

لە تێکڕای عێراق و کوردستانیشدا (جا تۆ پێتخۆشە یان نا!) تاکە ژنە کە بەواقیعی ململانێکار و ڕکابەری پیاوەکانە. جا لە شانسی خۆیشی ناوەکەی لە زمانی ئینگلیزیدا واتە (پاڵەوان!). نازناوەکەشی لە سەردەمی شاخ (دیانا) بوو، کە ئەمەش خواوەندی ڕاو و شکاری ئەفسانەی ڕۆمانیی کۆن بوو. گۆڤاری سەڵتی ئەمریکی لە هاوینی 2016دا سەت ژنی وەک کاریگەرترین ژنەکانی ساڵ دەستنیشانکرد، یەکێک لەوان هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد بوو!

ئەگەر ململانێکەی نێوان کۆسرەت ڕەسوڵ و بەرهەم ساڵح لەگەڵ هێرۆی ئیبراهیم ئەحمەد، گەمەیەکی فووتبۆڵ بووایە، حەزمدەکرد تیپەکەی هێرۆ بیباتەوە!

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more




# دێژین وازناهێنێ

» 19

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : سالح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵلا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net




LEGACY
CONSTRUCTION